
# پەندەکانی پیرەمێرد

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بەرگی: یەکەم



**کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی:**
فایەق هوشیار
مستەفا سالح کەریم
مەحمود ئەحمەد محەمەد
محەمەد نوری توفیق
ئەحمەد زرنگ

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە


WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com



# پەندەکانی پیرەمێرد

حاجی تۆفیق مەحمود هەمزاغای مەسرەف

ADIBAN

**ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان**

بەڕێوەبەری گشتی: ئارامی مەلا محەمەد

**ناونیشان:** سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گۆزەکان نزیك ناوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوڕان.
**پەیوەندی:** 07501696369 - 07731974646 - 07501590032 - 07701974656

**Email:** bookadiban@gmail.com
**Facebook:** https://www.facebook.com/eadiban/

## ناسنامەی کتێب

ناونیشان: پەندەکانی پیرەمێرد.

نووسەر: حاجی تۆفیق مەحمود هەمزاغای مەسرەف.

کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی: فایەق هۆشیار، مستەفا ساڵح کەریم
مەحمود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نوری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ.

بابەت: پەندی پێشینانی کوردی بە هۆنراوە.

تابلۆی بەرگ: خۆشنوسیی ناودار.

پەخشانگە: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

ساڵی چاپ: 2019، چاپی چوارەم.

**بەرگی یەکەم**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی ( 1659 ) پێ دراوە،
ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە، مافی لەچاپدان و کۆپیکردنی پارێزراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

## پەندەكانی پیرەمێردو وتەیەك

### خوێنەری ئازیز!

ئێمە ئەو لیژنەیەی پێكمان هێنابوو، بۆ لێكۆڵینەوەو ساغكردنەوەی دیوانی پیرەمێرد كە پێك هاتبوون لە فایەق هوشیارو مستەفا ساڵح كەریمو محمود ئەحمەدو حەمە نوری تۆفیقو ئەحمەد زرنگ، كە دەستمان دایە كۆكردنەوەو ساغكردنەوەو لێكدانەوەی سەرجەم شیعرەكانی (پیرەمێرد)، لە پێشەكییەكەیدا بەڵێنی ئەوەماندا كە پەندەكانیشی ساغ بكەینەوە.

هەرچەند خوالێخۆشبوو مامۆستا كاكەی فەلـلاح لەسەرەتای حەفتاكاندا لەچوار بەرگی قەوارە بچوكدا ئەو پەندانەی لەچاپ دابوو بەڵام ئێمە بە پشتبەستن بە دەستنووسەكانی پیرەمێرد توانیمان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك گشت پەندەكانی كۆبكەینەوە، (پیرەمێرد) ئەم پەندانەی لەڕۆژنامەی (ژیان) دا بەرودوا بڵاوكردوونەتەوە، هەمیشە ئەوەی ڕەچاو كردووە كە پەندەكە لەتەك بارودۆخدا بگونجێ، بۆیە هەر پەندێ وێنەیەكی كاریكاتۆریی سەربەخۆیە.

شاعیری گەورەی كورد (پیرەمێرد) لە دەستنووسەكەیدا بەشی زۆری ئەو بۆنانەی دەستنیشان كردووە كە پەندەكانی تێدا گوتراوە، هەروەها ناوی ئەو كەسانەشی بردوون كە پەندەكان دەیانگرێتەوە، بەڵام ئێمە لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی كۆمەڵایەتی نەمان ویست ئەوانە بخەینە بەرچاو، یەكەم پەندی پیرەمێرد لە ژمارە (323)ی ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوكردۆتەوە، بۆیە ئێمە ژمارە (323)مان بەو پەندە داوە، ئیدی بەرودوا گشت پەندەكانمان ساغ كردونەتەوە، تەنانەت ئەو جیاوازیانەشمان باس كردووە كە لەنێوان كارەكەی ئێمەو چاپەكەی كاكەی فەللاحدا هەیە بۆ ئەوەی خوێنەر ئەو حەقیقەتە بزانێ كە ئێمە پاش ساغكردنەوە ئەوجا پەندەكەمان نوسیوەتەوە.

گرنگی ئەم پەندانە لەوەدا دەردەكەوێ كە (پیرەمێرد) بە شیعرێكی سادەو ڕەوان قسەی نەستەق پەندی پێشینانو توانجو پلار لەهەموو كردارێكی نالەبار دەخاتە پێش چاو.

خوێنەری بەڕێز:

ئـەم پەندانــە وەک لەســەرەوە ئاماژەمان کـرد لەژمــارە (323)ی ڕۆژنامەی (ژیــان)دا دەســت پێ دەکات، ژمارە (427)ی پەنـدەکان دوا پەندن کە لەژمارە (427)ی ژیانــدا بڵاوکراوەتەوە، لەژمــارە (428)ەوە ئیدی لەڕۆژنامەی (ژین) دا بڵاوکراونەتــەوە تا دواپەند.

ئومێدەواریــن بەم کارەمــان توانیبێتمان خواســتو ئاواتی خوێنــەران بهێنینە دی کــە ســاڵەهایە چاوەڕێــی ئەم پەندانەن بــە شــێوەیەکی ڕێکوپێک بخرێنە بەردەســتیان، وە بەم کارەشــمان کەلێنێکــی گرنگمان لە کتێبخانــەی کوردیدا پــڕ کردبێتەوەو گیانــی پیرەمێردمان ئاســوودە کردبێ.

* دوای تــەواو بوونی کارەکەمان برای خۆشەویســتمان کاک عومەر عەبدول ڕەحمان ناســراو بە عومەری مەکتەبە، خوا لێــی خۆش بێ بەهاوکاریی لەگەڵ مامۆســتا محمود ئەحمەدا لەســەر ئەرکی خۆیان، چاپکردنی پەندەکانیان گرتە ئەســتۆ، ئــەو بەرهەمەش بەو شــێوە لەکۆتایی هەشــتاکانا کەوتە بەردەســت خوێنــەرانو ئێمــە پێی شــادمان بوویــن، بــەڵام دوای ڕاپەڕیــنو زۆربوونی دەزگای چاپو بڵاوکردنەوە، ڕۆژێک مامۆســتا محمود ئەحمەدی بەڕێوەبەری پێشــووتری کتێبخانــەی ئەوقاف کــە لەئامادەکردنو کۆکردنــەوەی پەندەکانا بەو ســیفەتەی ئەندامــی لیژنەکە بوو بەشــداربوو، هەروەها لە چاپکردنیشــیا هــاوکاری کاک عومــەر بوو لە خەرجو تێچونیا، ئــاگاداری کردم کە لە هەولێر دەزگایــەک بێ پرســی ئێمە پەندەکانی چــاپ کردۆتــەوە، دوای چەند ڕۆژێک کاک عومــەری مەکتەبەش بەهەمان شــێوە ئــاگاداری کــردمو بڕیاریدا بچێتە هەولێــر داوا لەســەر ئــەو دەزگایە تۆمار بــکات کە بە ناحــەق ڕەنجی ئێمەی بــۆ خــۆی بــردووە، بــەڵام کاتێک کە ســۆراخمان کــرد پێیــان ڕاگەیاندین کە کوردێکی کوردســتانی ڕۆژئــاوا خاوەنی ئەو دەزگایەیــە، ئێمەش بۆ ڕێزگرتن لە کەســێکی پەنابــەرو میوانی هەرێمی کوردســتان، داواکەمــان تۆمار نەکرد، ئــەو پیــاوەش خوا ســەلامەتی کا ڕۆژێ لــەڕۆژان نەهات داوای چاوپۆشــیو

لێبــوردن بــکات یان تەنانەت چەنــد دانەیەکمان بە دیــاری بداتێ.

ئەوەیــان وا، ســاڵی 2013 لــەوە ســەیرو ســەمەرتر ڕوویــدا ئەمجارەیــان قارەمانەکــە کوردێکــی ڕۆژهەڵات بوو، ئــەم زاتە لە بەرگێکــی 653 پەڕەییدا هەموو پەندەکانی لە شــاری ســنە بە تیراژی 5000 دانە چاپ کردووەو هەر دانــەی بــە 12000 تمەن لە کتێبخانەکانی هەرێمی کوردســتانا دەفرۆشــرێ.

ئەوەی زیاتر ســەرەنج ڕادەکێشــێ ئــەم بازرگانی کتێبە لــە بەرگی دەرەوەی کتێبەکــەدا نــاوی خۆی خســتۆتە ســەرو خۆی کــردووە بە خــاوەن بەرهەم، بــەڵام لــە بەرگــی نــاوەوە بــە خێــری خــۆی دوای نــاوی خــۆی ناوەکانــی ئێمەشــی نووســیوەو هەمان پێشــەکی کە کاتی خۆی من بە نــاوی لیژنەکەوە ســاڵی 1988 نوســیبووم، لەم چاپەی ئێرانیشــدا ئەو برایە وەک خۆی بڵاوی کردۆتــەوە، هەرچەنــدە بــە تەلەفــون ڕاســتەوخۆ گلەییم لێ کــردو کارەکەیم بــە شــتێکی نەشــیاو لەقەڵەم دا، ئەویش بەڵێنی دا ســەردانمان بــکات بەڵام وا دەرنەچوو.

* ســەرەنجام کــە ســەیرمان کــرد خەریکــە لــە ڕۆژئــاواو ڕۆژهــەڵاتو لە باشــووریش ڕەنجمــان لەلایــەن کەســانێکی چاوچنۆکــەوە بــە بــا ئەچێ، بۆ ڕێگــری لەوانــە بڕیارمــان دا جارێکی تر خۆمــان (پەندەکان) چــاپ بکەینەوە، بــۆ ئەو مەبەســتەش مامۆســتا محمــود ئەحمەدمــان تەخویل کرد لــە چاپیان بــداتو ئــەرکو ماندووبوونی لیژنەو وەرەســەو چاپکەریــش لەبەرچاو بگیرێ.

هیوامــان وایــە ئــەم جارەش بە گــوڕو تینی جارانەوە پێشــوازی لــەم پەندانە بکرێ کــە یادگارێکی شــیرینی پیرەمێردە.

مستەفا سالِم کەریم / مایسی 2014

## پوختەیەک لە ژیانی حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)

ئـەگـەر دەتـەوێ بـێ لــەوەڕ نـەبی
لـەنـاو خـەڵـكـدا هـەلـەوەڕ نـەبی
ئـێـرە جـەنـگـەڵە ئـەبێ مـەڕ نـەبی
سەودایەک بکـە تـوشی شـەر نــەبی
لە جێیەک بنو ئاوهـات تـەڕ نـەبی

"پیرە مێرد"

پیرەمێـرد، نــاوی (حاجـی تۆفیـق مەحمـود هەمزاغــای مەسـرەف)یە، ئــەم شــاعیر و رۆژنامەنووســە مەزنــە، لــە ســاڵی ١٨٦٧ی زاینــی بەرامبــەر بــە ١٢٨٨ی کۆچــی، لەشــاری ســلێمانی چــاوی بەدنیــا هەڵهێناوە، لــەو ڕۆژەدا ماڵــی مەحمــود ئاغای هەمزاغای مەســرەف، خۆشــی و بەشــارەتێکی زۆری تێکــەوت، گۆزەبانە دەبەخشــرایەوە، مزگێنی ئەدراو زەردەخەنە لەســەر لێوی ئــەو پیاوماقوڵانە دەنەخشــا، کــە پیرۆزباییان لە مەحمود ئاغــا دەکرد، چونکە خــوا کوڕێکــی دابوویــە، لەبەرئــەوەی باوکی مەحمــود ئاغا، واتــا هەمزاغای مەســرەف، سەرۆک وەزیران و لێپرســراوی کاروباری دارایی ئەحمەد پاشای دوامیــری بابانییــەکان بوو، لەبەرئــەوە لــەڕۆژی ســیازدەیدا مەولودنامەیان خوێنــدو خــواردن بــۆ هەژاران نێــردراو بەرگ بــۆ منداڵانی بێبــاوک کڕدراو مــەلاش بانگی بەگوێـی ئەم ســاوایەدا داو ناونــرا، (توفیق).

رۆژێـک (تۆفیـق)ی تەمەن هەشـت نۆ سـاڵان، لەگەڵ مامۆسـتاکەیدا لەسـەر شـیعرێکی (حافـز)ی شـیرازیی تێکدەچن، چونکـە پیرەمێرد خـۆی بەخاوەن مـاف دەزانـێ، نایەوێـت لەقسـەی خـۆی پاشـگەز ببێتـەوەو داوای لێبوردن لەمامۆسـتاکەی بـکات، ناچـار حەسـەن ئەفەنـدی مامـی لـەو حوجرەیـە گواسـتییەوەو بردی بۆ حوجرەی مەلا سـەعیدی زلزڵەیی، کـە ئەیباتە ئەوێ، حەسـەن ئەفەندیـی ئەڵـێ: (تۆفیـق ئومێـد ئەکەم دەم و نەفەسـی ئـەم زاتە پاکـە بتکا بەشـاعیرێکی وەکو من) بەمەدا دەردەکەوێت کە حەسـەن ئەفەندی مامیشـی هەر شـاعیر بـووە، هەرچەنـدە بەداخـەوە کە ئێمە هەتا ئێستـا هیچ شـیعرێکی ئەومان دەسـت نەکەوتـوە. لەم حوجرەیـەدا سـەرەتایی بەهرەی شـیعر وتنی تێـدا دەرکـەوت، خوویدایـە خوێندنـەوەی ئەدەبیات و شـیعرو سەرگوزشـتەی ئەدیبـان و شـاعیران، لەسـەر دابونەریتـی کوردەواریـی و بەپێـی ئەوەی کـە لەبنەماڵەیەکی عەشـایەردا چاوی هەڵهێنابـوو، ئارەزووی سـوارچاکی و تفەنگچێتـی پەیداکـرد، شـۆرەتی سـوارچاکیی پیرەمێـرد بەناوبانـگ بوو، وەک مامۆسـتا سـەجادی دەیگێڕێتەوە، لەشـاخی هەڕووتە، کە پیادە بەئاسـتەم پێیدا سـەردەکەوێت، ئەم بەتاو لەسـەردا ئەسپی هێناوەتە خـوارەوە، بەسـەر پردی قەشـان و تەپـادا بەغـار پەڕیوەتەوە.

لەسـەرەتاوە لەمزگەوتەکـەی باپیری کە ئێسـتاش مـاوە (مزگەوتی هەمزاغا)، کـە نزیـک ماڵی خۆیـان بـووە و لەنزیـک باخێک بـووە پێیان وتـووە باخی پوورەبەگـی، کـە لەگەڕەکی گۆیژەیـەو چاپخانەکـەی پیرەمێـرد لەنزیک ئەو مزگەوتەیـە، لای مـەلا مەحموود دەرسـی عەرەبـی دەخوێنێت، لـە خوێندنی عەرەبیدا دەچێتە پێشـەوەو دەست ئەکا بەخوێندنی (سوتی)، بەدوای خوێندندا وەک هەر فەقێیەکی ئەو سـەردەمە لەشارو جێگەی خۆی دووردەکەوێتەوە، بەپێـی ئـەو عادەتەی، کە لـەکام مزگەوتدا مامۆسـتای چاک بووبـێ فەقێکان ڕوویـان تێکـردووە، وەکو چۆن مامۆسـتایانی ئێسـتا هەریەکـەی لەبوارێکدا شـارەزایی پەیدادەکـەن و وانـە دەڵێنـەوە، مامۆسـتایانی ئەوسـاش هەر مەلایـەی لەبوارێکی تایبەتدا شـارەزایی پەیدا دەکـرد، پیرەمێردیش هەروەکو حاجـی قـادری کۆیـی و نالـی و مەحـوی و مەولـەوی و زێـوەر، مزگەوتاو

مزگــەوت و شاربەشــار گــەڕاوە و لــە هەرشــوێنێک ماوەیــەک ماوەتــەوە، دەگاتــە مزگەوتەکانــی شــاری (بانە) لەکوردســتانی ئێــران و ماوەیەک لەوێ ماوەتــەوە و پاشــان گەڕاوەتــەوە بۆ ســلێمانی. بــەڵام پێش ئــەوەی تەواوی بــکات، دەســتی لەخوێندن هەڵگرت و ڕوویکــردە ژیانی ڕۆژانــەی ئەم دنیایە. لەو سەردەمەشــدا هەرکەســێک خوێندنی مەلایەتی تــەواو بکردایە و مەلایەتی بکردایــە، ئەوە دەبوو بەمەلا، بەڵام گــەر وازی لێبهێنایە پێیان دەوت (میرزا)، بــەو پێیــەی پیرەمێردیــش وازی لەخوێندنەکــەی هێنا، بــوو بە میرزا.

لــە ئەیلولی ســاڵی ١٨٨٢ی زاینیدا، واتە لەتەمەنی (١٥)ســاڵیدا، دەبێت بەکاتبی نفوســی ســلێمانی، زۆری پێناچێــت دەکرێــت بەکاتبــی (زەبــت) لــە دادگای ســلێمانی، لــە حوزەیرانی ســاڵی ١٨٨٣دا بــووە بەفەرمانبــەری زەوی و زار و موڵکــی میــری لــە هەڵەبجــە، نزیکــەی ســێ ســاڵ لــەوێ مایەوە، بــە پێی نووســینەکانی پیرەمێــرد بێت کە لە (ژیــان) و (ژیــن) دا بڵاویکرددوونەتەوە، وادەردەکەوێت کە ئەو ســەردەمە عەشــقی شــیعر لەدەروونیدابــووە، خولیای شــیعر کۆکردنەوە کەوتۆتە ســەری، تا ئــەو دەمە هەر خەریکــی لەبەرکردنی شــیعری (نالــی) بــووە، بــەڵام کە چۆتە ئــەو ناوچەیــە، شــەیدای (مەولەوی) و (بێســارانی)یش بــووە، بەهەموو دەشــتی شــارەزووردا گەڕاوە، کەشــکۆڵی ڕەنگینــی بۆخۆی پێکەوە ناوەو هەرچی شــیعرێکی دەســکەوتبێت یان بینیبێت یان بیســتبێ، لە کەشــکۆڵەکەیدا نووسیویەتیەوە، پاشــان بوو بە ســەرنووسەر (باشــکاتب) لە دادگای چوارتا، لەتشــرینی یەکەمی ســاڵی ١٨٩٥دا گوازرایەوە بــۆ (کەربــەلا) بەوەزیفەی مودەعــی یاریدەدەریی گشــتی، بــەڵام بڕیاریدا کە نەچێــت بــۆ ئــەو وەزیفەیــەو بەیەکجاریی دەســت لــە فەرمانبەریــی دەوڵەت هەڵگرێت، شــێخ موســتەفای نەقیب دڵخۆشــی دایەوەو کردیی بە نووســەری تایبەتــی خــۆی بــۆ ڕاپەڕاندنــی ئیشــوکارەکانی، ژیانێکی بــاش و لەباری بۆ خولقاندووە.

## ژیانی له توركیا

لەبەرئــەوەی (تۆفیــق) لاویكــی زرنــگ و زیــرەک و بەڕەوشــت بــوو و خوێندەوارییەكەشــی بەپێی ئەو ســەردەمە باشــبوو، لەتەک بنەماڵەی شێخانی ســلیمانیدا پەیوەندییەكــی پتەوی پەیداكــرد، تاوایلیهات متمانەی زۆر شــتیان پێكرد، خۆشیاندەویســت، جێی بڕوایان بوو، بۆیە كاتێک لەســاڵی ١٨٩٨ شــێخ ســەعیدی حەفید (باوكی شــێخ مەحموودی نەمر) لەســەر بانگێشــتی سوڵتان عبدولحەمید بانگكرا بۆ ئەســتەمبوڵ، شــێخ ســەعیدو شــێخ مســتەفای نەقیب ڕوویــان لە تۆفیقــی مەحموود ئاغا نا كــە لەگەڵیان بچێت بــۆ توركیا، ئەمیش بەپێــی ئــەو نزیكــی و پەیوەندییەی لەگەڵیانــدا هەیبوو، دەســتی نەنا بەڕووی داواكەیانــەوە، بەمجۆرە شــێخ ســەعید جگە لە شــێخ مســتەفای نەقیب، چەند كەســێكی هەڵبژارد لەگەڵیاندابن، یەكێكیــان تۆفیقی مەحموود ئاغای هەمزاغای مەســرەف بوو.

تۆفیق لەخزمەت شــێخ ســەعید و شێخ مســتەفای نەقیب و شــێخ مەحموودو دەســتەو دایەرەیانــا گەیشــتە ئەســتەمبوڵ، لەوێــش بوونە میوانــی بارەگای ســوڵتان، لەپاش ساڵێک لەگەڵ شێخ ســەعید و شێخ مستەفاو گەلێ ڕۆشنبیر و پیاوانی بەناوبانگی ســەفەرەكەیاندا دەچــن بۆ (حەج)، تۆفیق دەبێت بەحاجی تۆفیــق، كاتێــک لەحــەج دەبــن وەفایی شــاعیر و ســەید ئەحمــەدی خانەقای كەركــوک، دەبنە هاوڕێــی حاجی تۆفیق.

بەمشــێوەیە تۆفیقــی مەحموود ئاغا، لەتەمەنی ٣٢ســاڵیداو لــە هەرەتی لاویدا، بــوو بەحاجی تۆفیق. بــەهۆی زیرەكی و هۆشــیاریی خۆیــەوە، حاجی تۆفیق زوو دەچــووە دڵــەوە، ئەمەیــان لەلایــەک، لەلایەكی تریشــەوە لەنووســین و داڕشــتنی فارسیدا دەستێكی باڵای هەبوو، لەبەرئەوە عزەت پاشای نووسەری دەربــاری شــەهریاری لەئەســتەمبوڵ، بــۆ وەڵامدانــەوەی ئــەو نامەیــەی كە ناســرەدینی شــای ئێران بۆ ســوڵتان عەبدولحەمیدی ناردبوو، داوا لە حاجی تۆفیــق دەكات بەفارســیی وەڵامــی ســوڵتان بــۆ شــای ئێــران بنووســێتەوە، وەڵامەكــە هێنــدە جــوان دەبێت ســەرنجی كاربەدەســتانی دەرباری ســوڵتان

ڕادەکێشـێت، بۆ پاداشـتی ئەمە، لـە ١٤ئەیلولـی ١٨٩٩ ئیرادەی سـوڵتانی بۆ دەردەچـێ. دەبێتە ئەندام لـە ئەنجومەنی باڵادا لە ئەسـتەمبوڵ، هەروەها پلەی بەگێتیشـی هەر لـەو ماوەیـەدا بـەهۆی عـزەت پاشـاوە لـە ئەسـتەمبوڵ، لە کۆلێجی یاسـا (کلیـە الحقوق) وەردەگیرێت و بڕوانامـەی حقوق وەردەگرێت .

لـە تەمـوزی ١٩٠٥دا، بانگـی مەشـروتیەت دراو مەجالیسـیان تێکچـوو، هەر بۆیـە حاجـی تۆفیق هەتـا سـاڵی ١٩٠٨ لەئەسـتەمبوڵ بـەکاری محامیەتی و گۆڤـارو ڕۆژنامـەوە خەریـک بـووە. لـە سـاڵی ١٩٠٧ (کۆمەڵەی کـورد) بە نهێنی پێکهات بەسـەرۆکایەتی (شـێخ عەبدولقادری کوڕی شـێخ عەبدوڵڵای شـەمزینی) کـە پیرەمێرد یەکێکبـووە لە دامەزرێنەکانی ئەم کۆمەڵەیە. پاشـان لەسـاڵی ١٩٠٨دا کـە حیزبـی (اتحـات و ترقـی) کەمالیسـتییەکان سـوڵتان عبدولحەمیدیـان لابـرد، ئەو کۆمەڵەیە بەئاشـکرا خۆی ناسـاندو پیرەمێردیش یەکێکبـوو لـە ئەندامەکانی.

ئینجـا لـە ١٩١٨/٤/١٧دا، کـرا بـە موتەسـەڕیفی (ئەماسـییە)، کـە ئەمـە دوا وەزیفەی بوو لە تورکیا(٢٤)، لەوکاتەدا خزمەکانی لەسـلێمانییەوە دەستدەکەن بەنامەنووسـین بۆی، بەتایبەتی موسـتەفا سـائیبی خوشـکەزای گەلێ نامەی بـۆ نـاردووەو داوای گەڕانەوەیـان لێکـردووە کە بێتەوە بۆ کوردسـتان.

پیرەمێرد ماوەی ٢٥سـاڵ لە تورکیادا دەمێنێتەوە، پرسـیارێک بەرەو ڕوومان بکرێـت کـە ئاخـۆ بۆچـی حاجی تۆفیـق ئەمەندە سـاڵە لـە غەریبـی مایەوە، بۆچـی دوای گەڕانـەوەی شـێخ سـەعیدی حەفیـد لەگەڵیـا نەهاتۆتـەوە بـۆ کوردسـتان و لـەوێ مایەوە؟

**لەوەڵامی ئەمجۆرە پرسیارانەدا وتراوە:**

١-ئـەم ئەدیبە مەزنـە لەبەرئەوەی لە قوتابخانەی ڕەسـمیدا نەیخوێندووەو لە حوجرەو مزگەوتەکانیشدا وەک لەمەوبەر زانیمان لە (سویتی)دا وازیهێنابوو، لەبەرئـەوە کـە گەیشـتە ئـەو وڵاتە، بـۆی دەرکەوت کـە ئەم لەچـاو ئەدیبی ئەوێـدا نیوە خوێنـدەوارە، بۆیە پڕبەدڵ ئـارەزووی لەوەبووە کـە هەلێکی بۆ بڕەخسـێ و بتوانێ بخوێنێ و ئاسـۆی بیری فراوان بکات. ئەوەبوو ئاواتەکەی

هێنایـەدی، بـەوەی توانـی (حقوق) تـەواو بـکات و ببێتە پارێزەری ڕەسـمی خـاوەن بڕوانامەی باوەڕپێکراو، خۆی لەم ڕووەوە لە وەسـیەتنامەکەیدا دەڵێ: (بـە نیـوە خوێندەواری لەسـلێمانی دەرچووم و خوێندنێکی بـەرزم هێنایەوە) هەروەها دان بـەوەدا دەنێـت کـە زۆربـەی ڕووناکبیرانمـان سـەرچاوەی ڕووناکبیرییـان تورکیا بووە، کە وەک وتمان: ئەودەمە مەڵبەندی ڕووناکبیریی بـووەو کەڵچەری ڕۆژئاوا یەکەمجار گەیشـتۆتە ئەوێ، ئەمجـا بەوڵاتانی تردا پەخشـیداوەتەوە، حەوت سـاڵا بەرلـەوەی ئـەم جیهانە بەجێبێڵـێ وتویەتی: (ئێمـە زۆرمان لەئێوەوە پێگەیشـتووە).

ئەمانـە سـەلماندنی ئەوەن کە مەبەسـتی بـووە ببێتـە خوێندەوارێکی چاک و شـارەزای هەمووجۆرە زانسـتێک بێ، دیارە ئەمانـەش لەودەمەدا بۆکوردێکی وەک ئـەو هەر لەوێ دەسـگیر دەبوون.

٢-جگە لەخوێندن وەک شـاعیرێکی هەسـت ناسـک، ئارەزووی لە تێکەڵبوونی ڕووناکبیـران بـوو، جـا کـە لەئەسـتەمبوڵا جێگیـر بـوو، هەسـتی بەوەکرد شـەپۆلی تازەگەری و نوێخوازی لەبەرهەمە ڕەنگینەکانی ئەدیبانی سـەردەمی بوژانـەوەدا ڕەنگی داوەتـەوەو تازەتریـن ئەدەبی ئەورووپایی لـەوێ دەکرێت بەتورکـی و لەبەردەسـت خوێنەراندایـە، هەتـا ڕووناکبیـرە عەرەبەکانیـش ڕوویانکردە ئەوێ، بەگشـتی سـەرچاوەی خوێندنەوەیان لەوێوە پێدەگەیشت، جـا کە حاجی تۆفیقی خۆمـان ئەم ڕووناکبیری و بوژانـەوەو ڕووناکبیرییەی هەسـتپێکرد، زۆر پێـی شـادومان بـوو، بەتایبەتـی کـە بـووە گوڵـی کۆڕو ئەنجومەنـی ئـەو ئەدیبـە کوردیانـەی کـە لـەوێ بـوون، سـەرەرای ئەدیبە تورکەکانیش.

٣-پیرەکـوردی ئەسـتەمبوڵا، جگـە لـە هەوڵدانی بـۆ خـۆ ڕووناکبیرکردن و تەواوکردنی خوێندنی زانسـتگە، هۆیەکی گشـتگیریش هەبـوو کە وای لێبکات بمێنێتـەوە، ئەویـش ئـەو سـەرگەرمی و تێکۆشـانەی بوو لەتـەک هاوڕێیانی خەباتیا بـۆ ڕزگارکردنی کوردسـتان.

لـەم سـێ خاڵـەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کـە چ هۆیەکـی گرنـگ هەبـوون بۆ

مانــەوەی (پیرەمێــرد) لەتورکیــا. ئەگینــا هەمــوو کاتێک دڵــی هەر بۆ خاک و نشــتیمانەکەی لێیــداوەو هەمیشــە خــەوی بەکوردســتانەوە بینیوە.

حاجــی تۆفیقێــک کــە زۆربــەی تافــی گەنجێتــی و هەرزەکاری لەتورکیــادا رابــواردووە، لــەوێ ژنێکــی هەبــوو، دوو منداڵــی لێی هەبوو، پــاش ئەم ماوە دوورودرێــژە، ئاگــری نیشــتمانی دایــک هەڵیگــرت، ســۆزی خۆشەویســتی کوردســتان و بەســەرهاتەکانی خستییە جموجۆڵا و ســەر سەودای گەڕانەوە، وەکو چۆن نالی شــاعیر هەڵبەســتە بەرزەکەی لەشــامەوە ناردبوو بۆ ســالم لە شــاری ســلێمانی بۆ ئەوەی حاڵ و ئەحواڵی شــاری ســلێمانی لێبپرســێت و بــۆی بنووســێت ئایــا مــاوەی گەڕانــەوەی هەیــە بــۆ کوردســتان یاخــود ئەبــێ تادواهەناســەی هەر ئــاوارەو دەربــەدەر بێت و لەوڵاتــی بێگانەدا بژی، پیرەمێردیش بەوجۆرە دەســتیکرد بەنامەنووســین و پرســیارکردن لە حاڵ و ئەحواڵی کوردســتان، بەڵام ئــەو ڕۆژانەی کە پیرەمێرد دەیویســت بگەڕێتەوە بۆ کوردســتان، جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵا ئەو رۆژانەی نالی هەڵبەستە بەرزەکەی ناردبوو بۆ ســالم، کاتی نالی و ســالم ئەو کاتەبوو کە کوردســتان لەژێــر باڵــی دەســەڵاتی ڕەشــی عوســمانییەکاندا دەیناڵاند، بەڵام ســەردەمی گەڕانــەوەی پیرەمێــرد، ســەرەتای جوڵانــەوەی هێزی نەتەوایەتی بوو، شــێخ مەحمــوود ئــاڵای شۆڕشــگێری و داواکردنــی مافــی گەلەکــەی هەڵکردبــوو، پیرەمێرد لەپرســینی حاڵ و ئەحواڵی ئەو ســەردەمەی کوردســتان، ئەم چەند دێــڕەی خــوارەوەی بۆ یەکێک لەخزمەکانی لەشــاری ســلێمانی کە موســتەفا صائیبی خوشــکەزایەتی، ناردووە.

**بەرهەمەکانی پیرەمێرد**

1935 دوانزە سوارەی مەریوان.

1942 مەحمود ئاغای شیوەکەڵ.

1947 گاڵتەو گەپ

1936 داستانی مەمو زین

پەندەکانی پیرەمێرد کە بریتییە لە(6448) پەند.

1942 کەمانچە ژەن، وەرگێران لەتورکیەوە.

1935 دیوانی مەولەوی لەدووبەرگدا چاپکرد.

بەناوی (ئەسڵو رۆح) ئەسڵ بەرگی یەکەمی دیوانەکە بوو بەشێوەزاری هەورامی (رۆح) واتە (رۆحی مەولەوی) بەرگی دووەم بوو کە بریتی بوو لەو دەقە سۆرانیەی پیرەمێرد ئامادەی کردبوو.

ئەمە جگە لەساغکردنەوەی دیوانەکانی (بێسارانیو وەلی دیوانە)و دیوانی (مەولانا خالیدی نەقشەبەندیش)ی بەئەڵقە لەرۆژنامەی ژیندا بڵاوکردۆتەوە.

لە رۆژی 19/6/1950 لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: باخێک لە ووشە

مستەفا ساڵح کەریم

## وەسیەتنامەکەی پیرەمێرد

ئەمجارە ئەمرم، لەمردن ناترسـم، ژیانێکی بـاش و عومرێکی درێژم رابوورد، گەلـێ شـاران و وڵاتان گـەڕاوم، گەورەو پادشـاهانم دیوە، تاڵی و سـوێری زۆرم چەشـتووە، بەنیـوە خوێندەواری لەسـلێمانی دەرچـووم و خوێندنێکی بـەرزم هێنایـەوە، بەسـەربەرزیی دەزانـم کـە لەڕێی بـاوەڕی خۆمدا حەپس و زیندانێکـی زۆرم دیـوە. لـەم وڵاتەدا دوو چـاوم هەبووە، یەکێ (زانسـتی) و یەکـێ (ژین)، ئێسـتا کە ئیتـر لەوانەیە کەڵکـی خزمەتم پێـوە نەمێنێ و ببم بەبار بەسـەر خەڵکەوە، روو ئەکەمە قاپی ئەبـەدی، روو ئەکەمە قاپی ئەبەدی بەبـێ ئـەوەی کـە ماڵی کەسـم خواردبـێ، موحتاجی کـەس بووبێتـم، هیچم پاشـەکەوت نەکـردووە، هیچیشـم لـەدوا بەجـێ نامینی، چاوم لـەدوای خۆم نییـە، خـۆم بە ئاخر خێر ئەزانـم، هەرچەندە یەکانە هیوام ئـەوە بوو کە ببینم قـەوم و میللەتەکـەم پلەیەک لەمە بەرزتـر و خوێندەوارترو پێگەشـتووتربن، بـوو بەگـرێ و لەدڵمـا و نەمـدی، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەختیـارم، چونکـە بۆم دەرکـەوت کـە قـەوم و میللەتەکـەم لەپێشـکەوتنان و هەمووجـۆرە توانـا و قابیلیەتێکیـان تێدایـە، ئامۆژگاریـم ئەوەیە بخوێنـن، کوڕ و کـچ تاخوێندەوار نەبن بێسـودە، هەموو شـت بەعیلـم و فەنەوەیە وەکـو وتومە:

**لای من بە خـوێندەوارییە، ئـاهـ خـوێندەوارییە**
**هـەر میللەتێ کـە فـەنی نـەبێ دەردی کـارییە**
**ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەک من ئارەزوو ئەکەم**
**بیبینم و نـەبێتە گـرێی قـورسـی کفنـەکـەم.**

ئامۆژگاریـم ئەوەیـە بەشـوێن مـاددە مەکـەون، دنیـا زۆر بەگـران مەگرن، تائەتوانـن خزمەتی راسـت و بـێ موقابیلی قەوم و زمـان و وڵاتەکەتان بکەن و دەسـتی دامـاوان بگـرن و لەدین لامەدەن، خواو پێغەمبەری خۆتان بناسـن و رەوشـتتان پـاک و خاوێن بـێ. ئامۆژگاریم ئەوەیە چاپخانەکـە مەفەوتێنن، ئـەم قەلەندەرخانەیـە تێکمـەدەن، ئـەو یـەک دوو کەسـانەی ئـەم بەینە لەم

قەلەندەرخانەیـــەدا خۆیـــان داوەتـــە پەنـــای مـــن، بێنازیـــان مەکـــەن حەقیـــان بەســـەرمەوەیە. ڕۆژنامەکـــەش لەدەســـتمەدەن، چاپخانەکـــە ئیـــش پێبکـــەن، چونکـــە لەلایەکـــەوە ناکوژێتـــەوەو خزمەتـــی پێئەکرێـــت، لەلایەکی تریشـــەوە ئـــەو جیهەتەی مـــن یارمەتیم داون، بەڵکو بـــەهۆی ئیشـــکردنی چاپخانەکەوە ئـــەو یارمەتییەیـــان لێنەبڕێـــت. ئامۆژگاریم ئەوەیە کە شـــیعر و نووســـینەکانم کۆکرایـــەوە مەیفەوتێنن، ئیســـتیفادەی لێئەکرێت، ئامۆژگاریـــم ئەوەیە (لەگردی یـــارە) بمنێـــژن، بۆم مەگرین، ئەگەر زۆر بیرتان کردم جارجارە ســـەرم لێدەن، فائـــق ئـــەم ئامۆژگاریانـــەم بۆ تۆیـــە و بۆ ئەو کەســـانەیە کـــە بەتەنگمەوەن.



**گردی یارە، ڕۆژهەڵاتی ســـلێمانی، دوامەنزڵگەی، شـــاعیر و فەیلەسوفی کـــورد (حاجی تۆفیق) ناســـراو بە پیرەمێرد.**



پیرەمێرد لە تورکیا سەردەمی عوسمانی



پیرەمێرد لە شاری سلێمانی



پیرەمێرد لە شاری سلێمانی لەناو چاپخانەکەی خۆیدا، لەسەر مقەستی
کاغەز بڕینی چاپخانەکەی لەکاتی کارکردنىدا




پیرەمێرد یادی جەژنی نەورۆز بەسەرپەرشتی خۆی لەشاری سلێمانی




سلێمانی، گردی مامەیارە، پیرەمێردی شاعیر، سەرپەرشتیاری ئاهەنگەکە، شێخ مەحموودی حەفید، مستەر ئەدمۆنسن، حوکمداری بەریتانی لە سلێمانی، لەگەڵ کۆمەڵێک لە کەسانی تری ئەوکاتی سلێمانی



پیرەمێرد و حەپسەخانی نەقیب، لەشاری سلێمانی



پیرەمێرد لە شاری سلێمانی



پیرەمێرد، لەشاری سلێمانی، لەگەڵ خانەوادەکەیدا لەگەڵ کچەزاکانی



شاری سلێمانی، گواستنەوەی چاپخانەکەی پیرەمێرد بۆ مۆزەخانەی سلێمانی



شاری سلێمانی، پیرەمێرد نەمر سەرپەرشتی یادی جەژنی نەورۆز دەکات

# بەشی یەکەم

(٣٢٣)

لە دووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەند
ڕێوی قەواڵەی پێ بوو، پێستیان کەند

تخوون بە پیاوی سەرچەوت مەکەوە
بە دەست قەرز بدەو بە پێ دووی کەوە

دوو گوێو زمانێ دراوە بەتۆ
دوو ببیەو یەکێ بڵێ: لەسەرخۆ

دوشمنی ناوخۆت ڕەنگ دەردەکێشێ
دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ

لە هەموو هەورێ باران نابارێ
ڕاز کەوتە زارێ، ڕاست کەوتە شارێ

ئەو کانییەی ئاوی لێ دەخۆیتەوە
بەردی تێ مەخە تینوەبیتەوە

بە سوێندی درۆ خۆت مەخەرە داو
تاریکە شەوە گەلاڵی لەناو

ئەوی ئەیەوێ سەری نەیێشێ
بە قەد بەرەی خۆی پێ ڕادەکێشێ

گەورە کە یەك بن میللەت سەر دەخەن
دەڵێن: دوو ڕێوی شێرێ کەوڵ ئەکەن

نیشت بە دەست بێ هیوات لێ دەکەن
دار کە بەری گرت پەڵی پیا دەدەن*

---

(*) شیاوی باسە ئەمە یەکەمین پەندی پیرەمێردە کە لە ڕۆژنامەدا بڵاو بکرێتەوە.
(*) ئەم پەندە لە (ژیان)ی ژمارە (٣٢٣)ی ڕۆژی ١٩٣٢/٥/٢١ بڵاو کراوەتەوە.
(*) ئێمە لەم ژمارەیەوە بەرودوا پەندەکان بەپێی ژمارەکانی ڕۆژنامەی ژیان و ژین بە زنجیرەی یەك لە دوای یەك دەخەینە بەدەست خوێنەرانی هێژا.

(٣٢٤)

پارە خەرجی کەی، دەبڕێتەوە
بە خەرج نەکردن کۆ دەبێتەوە

مەعاشی بەلاش، بێ پیتەو بێ خێر
دەستی ماندووە لەسەر زگی تێر

ئاغای تەماعکار هەر دەڵێ: بیدە
کەر بە جۆ بمرێ ئەوسا شەهیدە!

دێی فرە کوێخا نا حەسێتەوە
بزن هەر جارێ دەڕوتێتەوە

کەس‌وکار لە پیاو جوێ نابێتەوە
تفی بەرەو با، ڕیش ئەگرێتەوە

وەختێ کە ژن بوو بە گەورەی گەڕەك
با ئیتر ئێمە دەست بدەینە خەڕەك

بێ کاسبییە ئەم شەڕو حاڵە
دیارە تەبەقی پڕ، ئاشتی ماڵە

وا دامەنیشە بە دەستی بەتاڵ
تا نەگری، مەمك نادرێ بە منال

ڕاستە دوو میوان لێکیان خۆش نایە
بەڵام خانەخوێ لە هەردوو لایە

قەت ڕێک ناکەون گەورەی ئەم شارە
تاریکایی شەو ئێوارە دیارە*

---

(*) ڕۆژنامەی ژیان ساڵی (٧) ژمارە (٣٢٤) ١٩٣٢/٦/٢.

(٣٢٥)

زۆردارو هەژار، وەك سەرماو هەتیو
بزن هەوڵی گیان، قەساب هەوڵی پیو

دەوڵەمەندی ڕژد خۆی هەڵئەکێشێ
پارە مێشێکە لە گووش ئەنیشێ

لە قاپی نامەرد مەکە (دەق‌و لباب)
بێ گۆشت بە، نەوەك منەتی قەساب

لە پردی نامەرد مەپەڕەرەوە
(جەردە) ڕووتت کا، با لەم بەرەوە

ئەمڕۆ پێویستە تۆ بە دۆست دەرچی
کە باران نەما (کەپەنك) بۆچی؟

(بەخیل) خۆی نایخواو هەوڵیشی زۆرە
(ماڵی خۆنەخۆر) بۆ (چەکمە بۆرە)

چرای درۆزن ساتێ دەگرێ
بەرەیش هەر لەلای تەنکی ئەدرێ

درۆزن ئاگری لە ماڵ بەربووبوو
وتیان درۆیە، کەسی بۆ نەچوو

سوحبەتی نادان، تاڵ ڕابواردنە
لەدووی کەر ڕۆیین، تەرس بۆن کردنە

هێندە بەرز مەفڕە، بڵێن بێ باکە
دیارە بێ باکی هەر بۆ خوا چاکە

توورەکەی جۆ، بۆ کەری دێز پێوی
تۆپینی دەوی‌و زەرەری خێوی *

---

(*) ژیان، ژمارە: ٣٢٥ ساڵی (٧) ١٩٣٢/٦/٩.
لای کاکەی فەللاح ژمارە (٣٢٥) پەندێکی ترە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات (منالتان بە ناز پەروەردە مەکەن) وە ئەمە لە لاپەڕە (٥٨) لە بەرگی یەکەمدا چاپ کراوە بەڵام جارێکی دی بە هەمان ژمارە لە لاپەڕە (١٣٠) لە بەرگی یەکەمدا نووسراوەتەوە.

(٣٢٦)

هەرچەندە دۆست لە لات وەك براو كەسە
هێند ئامشۆی مەكە، پێت بڵێن بەسە!

كە زانیت شەوەو دزت لە دەورە(١)
دەست بە كڵاوی خۆتەوە بگرە!

كە شێوەییت دی، برۆ تێپەڕە
سەگی سەرملە، بە دوو لا وەڕە

گوێی ڕانەكێشی، زۆر كەس بێ گوێیە
(كوتەك) دەزانێ (قۆناغ) لە كوێیە

بۆ چەنەبازی كە نەزان دووە
لە بەهەشتەوە كوتەك هاتووە...

ئەوی بۆ مەنسەب بەچاو چوو، فێرن(٢)
لەگەڵ لێ كەوتی ڕوو وەردەگێڕن *

---

(*) ژیان، ژمارە (٣٢٦) ساڵی (٧)، ١٩٣٢/٦/١١.

(١) لای كاكەی فەللاح نووسراوە (دزت لەسەرە).

(٢) لای كاكەی فەللاح نووسراوە (بە چڵوچۆ فێری).

(٣٢٧)

لە ڕووی جیهاندا، تۆ وەرە پاك بە
ئەوسا لە واتەی خەڵکی بێ باك بە

هیچ کەس لە واتەی خەڵك ڕزگار نابێ!
پیاوی قین لە زگ، قەت بە یار نابێ

بە هیوای هاوسێ بێ چێشت ئەمێنێ
چاوەڕێی دەست بێ، هەر خەو ئەبینێ

چاو مەبڕەرە دەست، خراپ فێر ئەبی
بە پارووی خەڵکی، درەنگ تێر ئەبی!

کە قەلبی (ئیقبال) لا بقائیە
بە کەم هەڵکردن پادشاییە

تا خۆت دۆست نەبی، کەس نابێ بە کەس
چەپڵە لێ نادرێ، بە تەنها یەك دەست لەعاست

بۆ دۆستت چاکە؛ غەیر بێ ئەنجامە
ماڵ ڕاوەستا بێ، مزگەوت حەرامە

بۆ دونیا دەبێ دەست بدەیتە دەست
هیچ کەسێ، هیچ کەس ناباتە بەهەشت

دەوران دەوڵەتت لە دەست دەسێنێ
بەڵام ناوی چاک تا سەر ئەمێنێ

نیەتت چاک بێ ئیش دەبەیتە سەر
درەخت (زڕ) نەبێ، هەر بۆت دێتە بەر*

---

(*) ژیان: ژمارە: (٣٢٧) ساڵی ٧، ١٩٣٢/٦/٢٣.

(٣٢٨)

کــــە دوژمنـــــت کـــەوت تــــۆ پێـــی پیـــا مــــەنێ
زەبــــون کــــوژ مەبـــــە، لای خـــــوا لا مـــــەنێ

ســــەرمایەت بـــۆ خـــۆت، زەکـــات بـــۆ خـــودا
مێـــــو کــــــە بیـــــبڕی چـــــاکتر بــــەر ئـــــەدا

زۆر بەســـــــەر دۆســـــــتا مــــــەیێ خەتــــــەرە
تانـــــەی دۆســـــت لــــــە تـــــیر دوژمـــــن بــــەدترە

ڕاســــتە دوو میـــــوان لێکیـــــان خـــــۆش نایــــێ(★)
بــــەڵام (خانـــــەخوێ) لــــــە هـــــەردوو لایـــــێ

تــــــۆ چـــــاکە بکــــــەو بیــــــدە بــــــە ئـــــاوا
خــــــەڵکیش نــــــەزانێ، لای خــــــوا نووســــــراوە

کــــــــردەوەو ئیمــــــــان هاتوونـــــــــە نوشوســـــــــت
گــــەورە ئــــاوی ڕشـــــت: بچـــــوك پێـــــی لێ خســـــت

کــــــە بــــــاوەڕت بــــــێ، هیواشـــــــت دەبـــــــێ
کــــە بــــێ بــــاوەڕ بــــی، چــــیت دەســـت دەکــــەوێ؟

---

ژیان، ژمارە: ٣٢٨ ساڵی ٧، ١٩٣٢/٦/٣٠.

(★) ئەم بەیتە لە ژمارە (٣٢٤)دا دووبارە بۆتەوە.

هــەم پیــاوی دونیــا، هــەم پیــاوی ڕێــی خــوا
وەك (یــارۆی) نــاو جــۆ لــە دوو لا دەخــوا(١)

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (وەك یا ڕۆژی).

(٣٢٩)

ئـــــەولادتان بـــــە نـــــاز پــــــەروەردە مەکـــــەن
چـــاك نـــــابن خۆتـــــان ڕەنــــــج بــــردە مەکـــــەن

مــــــیرات، مـیـقـرۆبـــــــی شــــــەڕی ئــــــەولادە
بـــێ ڕەنـــــج دەســـــتکەوتوو، ئـــەدرێ بـــە بـــادا

بـــە میراتـــــی عـــیلم، کـــوڕ ئـــەبێ بـــە پیـــاو
ئـــــەولاد بـــــە ڕەنجـــــی شـــــانی دێتـــــە نـــــاو

دەوڵـــــەمەند هەرچەنـــــد خەڵکـــــی لـــــە دەورە
بایـــــــەخی نییـــــــە ســـــــێبەری هـــــــەورە

هـــیچ کـــەس مـــاڵی خـــۆی بـــە کـــەس نـــەداوە
کەچـــــی ئامەشـــــۆی دەوڵەمەنـــــد بـــــاوە

دەعوایـــــان هـــــاتە ســـــەر هـــــەلات بـــــازی
قـــــەت دوو کـــــەس نـــــابن لـــــە قـــــازی ڕازی

یـــــــاخوا دەردەگـــــــا نەکەوێتـــــــە دێ
پاقلـــــــە تـــــــەواو بـــــــوو، وا باینجـــــــان دێ

بـــــێ هەمـــــدەم مـــــاوم کـــــزو ڕەنجـــــەڕۆم
منـــــیش خـــــەریکم باینجـــــان بخـــــۆم

ئەگەر خوا دەکا تریّ پیّ دەگا
بیّ قرەی گومرك من سەرخۆش ئەکا

ئیتر کەس ڕخنە لە من ناگریّ
با بە سەرخۆشی ناوم ببریّ

بەلاّم کە تریّ منی سەرخۆش کرد
ڕسمی ئەسێنیّ قۆلّچی دەست و برد*

(*) ژیان، ژماری: ٣٢٩، ١٩٣٢/٧/٧. شایانی باسە لە ڕۆژنامەکەدا بە هەلّە ژمارە (٣٢٥) نوسراوە.

(٣٣٠)

بە چکە چکە قەرز نابڕێتەوە
سەد بەرتیل قەرزێ نابژێرێتەوە

ئەگەر چەسپاندن بێتە سەر تکا
بڵێن: تێکۆشان نابڕووی تکا

کە من ئاغا بم تۆیش وەك من ئاغا
بەڕەشڕەمان کێ بێ بۆ داخا

ئەڵێن: ئاو دێنن خۆشییە!
بۆ هاوین نەبێ ئاومان بۆچییە؟

کێ معاش بۆ ناو ڕەت ئەکاتەوە
موفتیش شەرابی، مفت ئەخواتەوە

بە گفت سەرو ماڵ درێغی نییە
هاتە کردەوە بایەخی نییە

هەموو وڵاتمان شوکر ئاوایە
قەرەداخ ناوی زەردی ئاوایە*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٣٠، ١٩٣٢/٧/١٤.

(٣٥٥)

کاولەکەی وەتەن هێندە شیرینە
ژاری دووپشکی عەربەت هەنگوینە

ئاو مەند بێو پیاو مۆن، لێیان بترسە
لێچ شۆڕ پەریش بێ، هەر ئێسکی قورسە

شەیتان پەلەی کرد بۆیە زەلیلە
ڕاوەستەو حەڵوا بێ لە بەرسیلە

کاربەدەست، دەستیان لە دەست هەڵبڕی
کاتێکت زانی خوا نانی بڕی

کە خۆت خودبینو بۆ خەڵك بەدبین بی
نابێ لە دوایی ڕۆژت ئەمین بی

دۆستت ئەوەتە کە نەتگرینێ
دوشمن ئەوەتە پێت پێ ئەکەنێ*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٥٥، ١٩٣٣/٣/٢. لە ژمارە (٣٣١) تا (٣٥٤) پەند بڵاو نەکراوەتەوە.

(٢٥٧)

بەبێ ڕێ مەڕۆ هەرچەند قەد بڕ بێ
نانت گەنم بێ جۆیش هەرزانتر بێ

بێوەژن هەرچەند خاوەن دراو بێ
تۆ کچ بێنە با، کراسی جاو بێ

دڵدارت نەبێ بەهەشت زیندانە
هەرچی دڵ ویستی هەر ئەوە جوانە

کەر کورتان گوم کاو ئێمە بۆی بدرووین(١)
دەستی وەیسکەیەو سووژنی پۆڵایین

بە خاڵۆ خاڵۆ هات بە لامەوە
بووبە تولەمار دای بە پامەوە

نازداری بەهار چەند شۆخو شەنگە
ئاخ بێ بەینەتە هێجگار ڕەنگ ڕەنگە

کە خوا پیاو سەرخا بە کەس نانەوێ
ئەم ئاسمانە ئەستوونی دەوێ

---

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (کە کورتان).

ئەو کەسەی کە خوا قەدری داوە پێی
کەس لێی پرسیوە کە تۆ کوڕی کێی؟

مەسنەت نادرێ بە زۆری چەنە
لەم زەوییە ڕەقە توورێ هەڵکەنە

ئەوی بە ئاغام بە پاشام فێرە
بەراتی دێتە سەر دوو کولێرە

ئاه خوێندەواری نەزانی لایە
بۆ کردەوەیشمان ڕەهبەری چایە

کە سرکە توند بێ قاپ ئەقڵیشێنێ
لەش کراسی تەسک دائەتڵیشێنێ

قەل ویستی وەك کەو بە خچکە بڕوا
ڕۆینەکەی شێواو واشی بۆ نەلوا

هەموو ڕاوچییەك ئیساغا نییە
هەرچی ڕیش سوور بێ هەمزاغا نییە

تەپاڵە ئاگری گڕ ناکاتەوە
پاشەڕۆ سەوی پڕ ناکاتەوە*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٥٧، ١٦/٣/١٩٣٣.

(٣٥٨)

کەسێ دڵسۆز بێ بۆ هەموو کەسێ(١)
دەرگایشی نەبێ لە دز نەترسێ

بە قاسپە قاسپی کەو بایەخ مەکەن
دیتە بۆ ڕاوی جینسی خۆی دەبەن

پیاوێ دووربین بێ نابێ تەنیا بێ
کە دۆستی نەبێ دەستیشی نابێ

ئەوی بە توندی لە جێی خۆی هەستا
کاتێکت ڕوانی ماندوو بوو وەستا

هەرچی ئەزانی بۆت ناچێتە سەر
مەیکە بە خولیاو بە کەڵکەڵەی سەر

نەزان، نەزانێ کە هیچ نەزانە
بەختیش ڕووی تێ کا خانە وێرانە

خود پەسەند دێوی نەفسی نەدیوە
خۆی لە ئاوێنەی دێواندا دیوە

---

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (پیاوێ).

مەلا بەدخوو بێو بێ وەعز بدا
بە زۆر غەیبەتی خۆی بە خەڵك ئەکا

ئەو شێخەی موچەی مورید وەرئەگرێ
دەمی (برنگ)ەو خوری پێ ئەبڕێ

بەو پارەیەی شێخ بەهەشت ئەفرۆشێ
نەتەوەی پیاڵەی مەی پێ دەنۆشێ

گەنجێ بە ڕەنج بێ نەمێنێتەوە(۲)
میرات بۆ (ئەوە) شەڕ ئەنێتەوە

ڕۆڵە ئەم پەندەم بە سەرمەشقت بێ
لە سەوداگەری، سەودای عەشقت بێ

بە عەشق ئازادەی هەردوو جیهانی
کە عەشقت نەبێ لەشی بێ گیانی

ئەو سەرەی سەودای عەشقی تیا نییە
گوولەکەی وشکی ئاوی کانییە

خۆشیان ئەوێی هێشوە خۆشناوێ
جنێوفرۆش بێ، باوکت خۆش ناوێ

---

[۲] لای کاکەی فەللاح نووسراوە (گەنجێ بێ ڕەنج بێ نامێنێتەوە).

لە مەیدانا کەس دەنگی دەرنایە
کە دوشمن شکا زۆر کەس ئازایە

ئەوی هەڵگردی بە وشك و تەڕە
لە ماڵی خۆیا شای بەحرو بەڕە

بەڕە شەڕ دەشۆی بە ئاوی کانی
قەدری ئاو مەگەر لە چۆڵ بزانی

ئەوی ڕووبەڕوو تۆ هەڵدەکێشێ
پاشملە بە داخ ئاخ هەڵدەکێشێ

ئێستاکە مووچەی جاسووس نەماوە
لە دوور ئەم نانە بەو ڕۆنە باوە

دیتە کە (بەز) یان بە (کتك) سپارد
چۆن پارەی پەزیان ژماردو بژارد؟

ئەوی بە کتك بەز دەسپێرێ
دیارە بن دارە پەزیش ئەبژێرێ(٣)

[٣] لای کاگەی فەللاح نووسراوە (دیارە بەز دارە).

ئـــەڵێن گوێرەکـــە بـــە پـــەموو فێـــر بـــێ(٤)
دەســـــت هـــــەڵناگرێ زکیشـــــی تێـــــر بـــــێ

کەوتووینـــــە دەورێ جـــــوان پـــــیری نـــــاوێ
ئـــەو دەورە گوزەشـــــت چـــــوار ژن بـــــۆ پیـــــاوێ

مســـــکێن و ئاغـــــا لێـــــك ڕاســـــت بوونـــــەوە
قوربـــــانی و قوربـــــان لـــــە بـــــیر چـــــوونەوە(٥)

موشـــــیرو ســـــوڵتان وەك گـــــورزو قـــــەڵغان
هـــــەلگیران لەگـــــەڵ ســـــفرەی دیوەخـــــان

---

(٤) ئەم دێڕەیش لای کاکەی فەللاح نییە.

(٥) لای کاکەی فەللاح (قوربان قوربان) نووسراوە.

(٣٥٩)

وەجاخ کوێر ماڵی ئەبەشنەوە
کەر تۆپی ناڵی ئەکێشنەوە

لەم دونیایەدا کەس بێ غەم نییە
ئەگەر بێ غەم بی بنیادەم نییە

کەوتووینە ڕۆژێ بوو بە وای نەفسی
زۆر کەس هەوڵیدا خودا نەینووسی

دەڵێن: تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە
وای ئەبڕێتەوە کە نەبێتەوە

کورد بە عیبادەت دوعای مەقبوول کرد
((لیلە القدر))ی لە ژنا خەرج کرد

بەهار گیانداری پێ ئەژێنێتەوە
ئەترسم ماریش ببووژێتەوە

بیستوومە وردە مەئموور دەرئەکرێ
بەرە هەر لەلای تەنکی ئەدڕێ

ئەی ئەو کەسانەی کە کەم وەرئەگرن
دەست بە کڵاوی خۆتانا بگرن

ئیتر لەگەڵ کەس نابمە دەستە خوشک
من و وێرانەی پیرێژن و مشک

وەك جاران بێستان بەرەڵلا نییە
ئەم دووگە چەورە بێ بەلا نییە*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٥٩، ١٩٣٣/٣/٣٠.

(٣٦٩)

بێ کار دەربارەی دەوڵەمەند ئەدوێ
پیاوی نا هومێد مل لە تیغ ئەسوێ

زۆر پیاو لە دەوری پیاوێکی پیاوە
گوڵەبەڕۆژە ڕوو لە هەتاوە

زۆر نان بڕاوان بە هیوا دەژین
بەلاّم دارو گۆشت ئاشنای یەك نین

ئەو کەسەی کە دڵ بریندار ئەکا
خۆی بە واهیمە دەغەزار ئەکا

گەر خۆڵەمێشی بۆیە خۆش ئەوێ
تێیدا دەگەوزێو تێر وەردەکەوێ

بەدخوویی منداڵ لای باوك شەرمە
ژیشك بە بێچووی خۆی دەڵێ نەرمە

فەقێ بۆ ڕاتوو وا لە بەردەرگا
دەچمە (وەکاشە) کە بام لێ دەرکا

ئەو کەسەی دڵی لەگەڵ خەڵك پاکە
خۆی پێی دڵخۆشەو لە بەد بێ باکە

ڕۆژێ ڕووی ئەزەل ئەمت دۆزێتەوە
بێ کەڵەشێریش ڕۆژ ئەبێتەوە

ئینجا دەردەگا ڕووی کردە وڵات
تری گەنانەو چاوئێشە داهات

بەڵێ بەرسیلە ئەبێ بە حەڵوا
بەلام عومریشت بە تاڵی ئەڕوا

تا نەبارێنێ باغ گەشکە ناکا
تا نەگارێنێ، مر، هێلکە ناکا

کەمی نەبینی دەوڵەتت بۆشە
بەفراو لە چلەی هاوینا خۆشە

ئەوی دەوڵەتی هەر بۆ خۆی ئەوێ
خەوی بێ خەفەت نابینێ شەوێ

باڵە شۆڕێمان تێکەوت بە جارێ
بۆیە مێش زۆرە گەزۆ دەبارێ*

---

(*) ژیان، ژمارە: ٣٦٩، ١٩٣٢/٧/١٣.

(٣٧٠)

بە هیوای خەڵکی لووتی بەرزە بوو
لە باران ڕای کرد تووشی تەرزە بوو

وتی: چەفتاڵی وا مەڵلا ڕمیا
وتی: مەیێژە، نمازت بڕیا

سێیەمین وتی: هەر خۆم خاسم کرد
نمازیان بڕیا دەنگم لێ نەکرد

جوولەکە ساڵێ هامان ئەکوژن
زۆردار هەر ڕۆژێ خوێنی ئەمژن

بە جوانی سووتا دەنکە هەنارێ
بەخت ڕووی کردە دیگونە چارێ

سیاسەت بازیی دەردێکی وایە
بۆ دەوڵەمەندیش هەر بێ دەوایە

بۆیە گیرۆدەن هێندێ بەو داوە
کوێر هەتا دەمرێ بە هیوای چاوە

هیچ شاری خۆشی ئەم شارەی نییە
بەڵام ڕەشەبا بوارەی نییە

چەندم پێ خۆشە لە سای دەوەنێ
دانیشم‌و ژن، مەشکە بژەنێ

با سەد تەیارەو بۆمبا بە جووێ بێ
من تەنها شڵقەی مەشکەم لە گوێ بێ*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٧٠، ١٩٣٣/٧/٢٠.

(٣٧١)

دنیا سێبەرە دوای کەوی دەڕوا
کە ڕووت وەرگێڕا ئەوت دێ لە دوا

تا گەورەتر بی خەفەتت زۆرە
کاتێکت خۆشە بکەویە نۆرە

گەورەیی ئێستا دەردی سەرییە
ئەچەوسێتەوەو لە خەو بەرییە

نایشڵێن بۆ ئێمە جستو جۆیەتی
ئەڵێن کردو کۆی هەر بۆ خۆیەتی

ئەوسا پشتێنی لێ دەکەیتەوە
کە خۆت لە بێ کار جوێ بکەیتەوە(١)

ئەم دنیا حیزە بەری زۆر دوورە
هەتا تۆ بڕۆی ئەو خوارو ژوورە

زۆر جار چاوی ڕەش کاڵ ئەبێتەوە
زۆر ددان بە ترشی ئاڵ ئەبێتەوە

---

ژیان، ژمارە: ٣٧١، ١٩٢٣/٧/٢٧.

(١) لای کاکەی فەللاح بە (بەدکار) نووسراوە.

وەرگەڕای پاڵی ئەنێن پێتەوە
ناڵێن چاو بە چاو ئەکەوێتەوە

تیکە قووت ئەدەن ناپرسن چییە؟
ئەم لوقمە چەورە بۆ (لەقمە) نییە!(٢)

کە لەسەر خواردن نەڵێی ناوی خوا(٣)
ئەڵێن: جنۆکە لە گەڵت ئەخوا

دەست لە ئینسانی دڵ شکست مەدەن
بڵێ بیسمیللا جوێنت پێ ئەدەن

ئەگەر پشت بەستی بە دۆستی دوێنێ
(گەزی چی؟و جاوی چی؟)ت بۆ دەمێنێ

بەشی خواردنە مانگانەی چنۆك
حەوز پڕ ئەبێ بە تنۆك تنۆك

---

(٢) لای کاکەی فەللاح بە (لەققە) نووسراوە، لە ڕاستیدا (لەقمە)یە واتە گەدەی با دەکات.

(٣) لای کاکەی فەللاح بە (بسم الله) نووسراوە.

(٣٧٢)

گاڵتەی منداڵان هاتەوە کایە
بۆ، مقۆ، مقۆ، بوو بە سەرمایە

وا بە یادی کۆن گاڵتە پێک ئەکەین
لێمان زویر مەبن ناوی کەس نابەین

بە گەنم گەوج تێ دەکەوێ
بەڵام (ڕێوی چوو) سیخورمەی دەوێ

(ئاشە تەندوورە)ی زەمانە وایە
هەرچی کە سوار بێ شەقی لە دوایە

لەبەر چەپۆکان زۆر جل خوار بووە(١)
(بابی بابی)یە وا کەر سوار بووە

نانی خۆت بجوو وەرکەوە لەوێ
کڵاو بفڕێنی خەڵک دووت ئەکەوێ

لە (سنگەوباز)دا ئەبێ دواکەوی
کە بووی بە خەلفە هەر تێ دەکەوی

ژیان، ژمارە: ٣٧٢، ١٩٣٣/٨/٣.

[١] لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (زوو جل خوار بووە).

کەس ناڵێ حەمام بە فوو گەرم ئەبێ
بە (پشت لێدانە) کۆڵنج نەرم ئەبێ

ئەگەر (قارنەتۆپ) تەواو بزانی
لە (قەڵو شار)دا وەستای چوار نانی

هیچ کەس بۆ سێ باز هێزی نەماوە
ئێستا (کەوشەکی عارەبی) باوە

بە خوێندەواری کار نایەتە گیر
مدیریی بووە بە (میرو گزیر)

(پەنای بێ دەنگ)ە تووڕەیی نابێ
ئەگەر سەد گوێچکەی تیا ڕاکێشرا بێ

بۆ بێ ئابڕوو زۆر چشت موباحە
ئەوی بێ دەنگە (کۆلکی مزراحە)

بە گوریسی خەڵك ئەچین بۆ داران
ئەڵێی، نە بامان دیوە، نە باران

خوێن پەڕیە سەرت لووتت ئەپژێ
کاسە کە پڕ بوو ئەوسا دەڕژێ

(٣٧٣)

کە بووی بە حەڵقەی بەردەرگای خەڵقی
بەسەرتا ئەدەن لەبەر بێ کەڵکی

دوای تەنگانەیی زۆر ئازادییە
(ش)ی شین زۆر جار (ش) شادییە

کفرەحمەد تا مرد قسەی لە خوا کرد
بەو حەقە لای حەق ئیمانی دەربرد

صۆفی ئارەقی لەلا حەرامە
لای من قاچاغ بێ ئەوسا بە تامە

نێرگەلەی تووتنی عەجەم ئەکێشم
دوو کێش و هووکێش خوێشی دەروێشم

ئاسمان ئاهی بێ کەس شینی کرد
زهیل جێی ئەستێرەی کلکداری گرت

بێ دەست تێی گوشی زۆرداری بیخوا
دەستی لێ مەدەن لە کردەوەی خوا

گەلاوێژ هەڵات شەوقی ئەگرێ
بەرگی فەقیرو هەژار ئەدڕێ

کە بە ڕۆژ چرای نەوت بسوتێنین
لە تاریکیدا دۆش دادەمێنین

کە بە ئاوی پاك باخچە ئاو ئەدەین
لە تینوێتیدا دەم پێکا ئەدەین

ئەڵێن: ئەم بەفرە لە پێشدا ئارد بوو
قوونیان پێ سڕی بێ پێزو سارد بوو

زیندوو بووەوە ڕاتبەی مەلایان
یاخوا ئەم جارە تا سەر بێ بۆیان

من خەستەی مارو مێرووم لەبەر بوو
هەر لەم خاکەدا میری تورك میر بوو*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٧٢، ١٩٣٣/٨/١٠.

(٣٩٠)

ئەگەر ئەتەوێ نەیێن بە گژتا
ئامادەی شەڕ بە لە هەموو وەختا

لە شێنەییشدا پڕ چەك بنوێنە
دڵی دوژمنی پێ بترسێنە*

---

(*) ژیان، ژمارە: ٣٩٠، ١١/ك/٢/١٩٣٤.

(٣٩٣)

چوار کتێبی خوا چوار پەندی تیایە
کە گوێی لێ بگرن وەکوو کیمیایە

تەورات وتوویە قانع بی تێری
زەبوور وتوویە بێ دەنگ بی شێری

ئینجیلیش ئەڵێ: تۆ دەر کەنار بە(١)
لە دڵەخورپەی دنیا ڕزگار بە

قورئان فەرموویە پشت بە خوا بەستە
ئەتخاتە ڕێی ڕاست ئەوسایە بەستە

دوژمن بە چاکە ئاشت ئەبێتەوە
سەهۆڵ بە ئاوی گەرم ئەتوێتەوە

کە لەگەڵ بەدا هەڵسیو دانیشی
وەك شەکر لە جێی تەڕ هەو دەکێشی

ئەمەندە وێڵی بەرگو خۆراکین
نازانین خۆمان خۆراکی خاکین

---

ژیان، ژمارە: ٣٩٣، ١٩٣٤/٢/١٢.

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (ئینجیل وتوویە).

کە وتیان مەکە شێت گیرتر دەبین
حەرام بە تامە بۆ شەیتان ئەژین

شەیتان هەنگوینی لە دەممان هەڵسوو
بۆیە ئەم خەڵکە بە گژ یەکا چوو

ئاردی ناو درك چۆنە وان ئێرە
فەرموو دوو دەستەی دۆست هەڵبژێرە

پێکەوە نارۆین لە ڕێی ڕاستەوە
خوا ئەوە بگرێ شاری گواستەوە

بناغەی ئێرە ساڵی دوو صەدە
وا دەردەکەوێ خاکەکەی بەدە

ئەگینە کە شار قەڵاچوالان بوو
دوانزە سوارەیان مەردی مەیدان بوو

ئێستا کە مەیدان بە سەرو گوێلاکە
هەر مرە شەڕی سەر لاکە

(٣٩٤)

كچ بە نابەدڵ بۆ پیر چوو بە بووك
مێرد بێزار ئەكا شەو بە نووكە نووك

هانام بۆ تۆیە خوای دەستگیر
نەمكەی بە بووكو بكەومە دەست پیر

پیری پەك ئەخاو (بەستن) بیانووە
ئەمە چیرۆكی دەوری كوانووە

كولەنانی بۆ بەستوو بانگ ئەكەن
لای كولەنانێ بیسمیللا مەكەن

گرو گاڵ لێمان كەوتۆتە دوان
گورگ پیر بوو دەبێ بە حەچەی سەگان

بەفرو هەڵەكۆك بە حەسرەتەوە
بورجی پیرێژن نزیك كەوتەوە

مەعاشەكەمان بەشی دۆڕانە
بە دوو جەژنانەو سێ پاش تێلانە

ئەعشـــارو ئـــەغنام وشـــكاییان هـــات
وردە مـــەئمووران هـــەموو بـــووە یـــە لات

گـــەرای کوللـــەمان بـــۆ بژێیتـــەوە
ئـــەمجار پێکـــورە ئەبووژێتـــەوە

کـــە مەشـــکەدڕە نەتـــەوەی بـــڕا
مەشـــکەی مەزبەتـــەی تـــەنزیلات دڕا

لاپـــوورە بـــە داو داهاتۆتـــە نـــاو
خوورمـــاڵی گێـــژ بـــوون وەك ماســـی ســـەر ئـــاو

بـــە مانـــە خـــەڵکم لێ تـــەوەللا بـــوو
مـــەلا مـــەلا بـــوو بـــوار ئـــەولا بـــوو*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٩٤، ١٩٣٤/٢/١٩.

(٣٩٧)

ئەوا نەمردین کەوتینە بەهار
بزانین دیاریمان چی بۆ دی لە شار

زۆر کەس ئەبینین دەچێتە بەغدا
هەروەك پەتکەو نابێ بە هەودا

ئەگەر هەر تیرێك لە نیشان بدرێت
بەرگی مامۆستای تیر ئەنداز ئەدڕێت

ئەڵێن پشتیوان هەر لە بەغدایە
هەرچی ڕیش سوور بێ هەمزاغایە؟

قەصاب تەمیزی بۆ دووکان ئەبێ
کەچی بۆ ئێمە گۆشت گران ئەبێ

عیسا میقرۆبی پاك ئەکردەوە
لە عیسایان دا مووسا بووردەوە

ئەڵێن گۆشتەکەی ئێستامان پاکە
بە سەد فلسیش بێ هێشتا چ باکە

نانەواخانە تەمیزو جوان بوو
لەو تۆڵەیەدا نۆکمان گران بوو

نانی گەرم نەخۆی تامی تامییە
کە سارد بووەوە گەنمەشامییە

ڕەئیس شارەزای ئەم خووانەیە
بەڵام ئاخ مشتەی ناو هەمانەیە*

(*) ژیان، ژمارە: ٣٩٧، ١٩٣٤/٣/١٩.

(٤٠٠)

زۆر باران بارێ دەغڵ ژەنگ پێنێ
ئاو زۆر مایەوە کرم هەڵدێنێ

هەرچی کە کۆن بوو بێ تینە بۆشە
تەنها شەرابە تا کۆن بێ خۆشە

چاوی جوان ئەڵێن: پیاڵەی شەرابە
مەزەی سەرمەستی دڵەی کەبابە

ئەویش کە کۆن بوو کەس لێی ناپرسێ
زەق ئەکاتەوە خەڵک لێی ئەترسێ

نیسان سیوجگەری کرد بە چوار ئانە
بێزووی پێ دەکەین ئەڵبەت هەرزانە

لە هەموو لاوە شایی کەوتە شار
دەنگی زوڕنا دێ بەهارە بەهار

ئەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ
وەجاخزادە بۆ چ خەڵکی لێی ئەدوێ

بۆ چ مریشکی ڕەش هێلکەی سپییە
بۆ چ پەیین فەیزو هێزی زەوییە؟

کە خوا دای هیچ کەس نالێ کوڕی کێی
دەسەڵاتداری هەر خۆت گەورەی دێی

ئەوەی خوێندوویە بە ئیقتیدارە
خانیش نەوەشێ ئەو هەر سەرکارە*

(*) ژیان، ژمارە: ٤٠٠، ١٩٣٤/٥/١٥.

(٤٢٣)

نازانم بۆچی ئەم پەندە باوە
ڕەمەزان بە جەنگەو سەفەر بەدناوە

پێم مەڵێن ڕیست وەك خوری خاوە
کوێر هەتا دەمرێ بە هیوای چاوە

ژوور دووگەڵی بوو ڕاکە دەرەوە
چاوی ڕەشی خۆت کاڵ مەکەرەوە

پیاوان هێنند ڕیشیان تاشی تاسولووس
وا لە تورکییە ژن بوون بە مەبعووس

بە خۆت بنازی کارت لە دوایە
بە مێردی نیە دەڵێن بە خوایە

مەتەڵیان پرسی ئەم زانی کامە
سەری حەوت لەشکر ژێری شانامە

دەندووك درێژەو ماسی گر نیە
هێلکەکەریشە کەچی مر نیە

رەمـــەزان ســـێ تەونـــی لـــێ گرتوینـــە دار
حـــەو ترنگێلـــیو قومـــارو خومـــار(١)

دزو خاوەنـــد مـــاڵ کردمیـــان یـــەك خـــەن
بـــە کونـــە بانـــا گـــاجووت ســـەردەخەن

---

ئـەم پەنـدە لـە ڕۆژنامـەی (ژیـان)ی ژمـارە (٤٢٣)ی سـاڵی ١٩٣٤ز، ٢٩/١٢/١٩٣٤دا بـڵاو کراوەتەوە.

(١) لای کاکەی فەللاح (حەو ترنگێکی) نووسراوە.

(٤٢٤)

ئەڵێن ڕەمەزان لاقێکی دەیە
ئەی دی بزانێ سێ لاقی هەیە

لە مزگەوتاندا کەوتنە (الوداع)
ڕۆژوویان تەراند بە (وەگاع وەگاع)

هێند لێی تورەبوون بە شەڕەو هەرا
لە قاپی سەرا هێجگاری تۆرا

(لیلە القدر)یش ئەبڕێتەوە
وەك کابرای کوردە خەرج ئەبێتەوە

بۆچ وتیان ڕۆژو ئێسکی گرانە
بە چایێك ڕۆیی ئەو بەستەزمانە

ڕۆژو کریسمیس گەینە سەری ساڵ
هەردوو پێکەوە گەیشتینە ماڵ

چەرخ و فەلەکمان بۆ هەڵخراوە
بەڵام کەس هێزی گوژمەی نەماوە

ڕاست بێژ هەر بەشی پلارو پەڵە
دەور دەوری دەورەی ماینە چەقەڵە

(فـەرز) گرانـە حـەز لـە سـوننەت ئەکـەم
کـە ڕۆژوو نـەگرم پارشـێو بـۆچ نەکـەم

ڕۆژی بیسـت و پێـنج شـایی لۆغانـە
بـە تلـی لی لی چـوون بـۆ تـۆی یانـە(١)

پـاش جـەژنێ بـۆ مـن ئەڵڵاورمانـە
بـەڵام بارانـەو جێگـا نەرمانـە

(ژیـان) ئـەڵێ: کـێ گـوێی لـە دەنگمانـە(٢)
پـارەی ئابوونـە بکـا بـە جەژنانـە

ژیـان، ژمـارە: ٤٢٤ی ١٩٣٤/١٢/٢٩ز ل٢ بەرامبـەر ڕۆژی شـەممەی (٢٣)ی (ڕەمـەزان)ی ساڵی ١٣٥٣ھ.

(1) تۆی یانە: بە تورکی مانای بووک هێنانە.

(2) مەبەستی ئەوەیە کە ئابوونەی ڕۆژنامەی (ژیان) بنێرن.



(٤٢٥)

ئەوانەی کە شێو بە پشێو ئەکەن
فیکە بە برای نیوە لێو ئەکەن

زستان خستنیە تاریك و لێوە
صەد کوێر چاوساغێ نابا بە رێوە

کە هات سەر مەلا دەستنوێژی شکا
ئیتر کێ نوێژی ئەکا لە تەکا؟

مەلا سەرفیترەی کەمی وەردەگرت
ئیمامەتیەکەی بێ دەستنوێژ ئەکرد

ئەوانەی لەهجەی لامیان وەك رێیە
ئەزانن پیری شەوکێڵ لە کوێیە

ئەوانەی کە رێ بە غەین ئەخوێنن
جیلوەی فێڵبازی دوو قەوم ئەنوێنن

ئەوەی کە ناخواو پارە زۆر کەرە
گرد کردنەوەکەی پارە زۆر کەرە

سەکەی ئەشرەفی گوم بووبوو بە لاف
وا پێمان ئەڵێن: بڕۆ هەی ئەشراف*

(*) ژیان، ژمارە: ٤٢٥، ٥م/١٩٣٥، ٢٩ی ڕەمەزانی ١٣٥٣.

(٤٣٧)

جاران ئەچوینە سەر باوە گوڕ گوڕ
ئەمان گوت هاتوین بۆ زگ پڕی‌و کوڕ

باوەڕمان نەکرد شەخصەو پیاوی خودا
تا هاتنە بەر پێی پادشاو گەدا

کوڕێکی وای دا بە عاصمەخاتوون
پۆیلانەی گەیپە سەد هەزار ئاڵتوون

ئەوی منداڵی نەبێ نەوت ئەخوا
مناڵی ئەبێ بە مێرد یا بە خوا

کارێکی گەورەی تر لە بەینایە
هەم دیسانەوە ئەویش بە خوایە

جێ مەبعوثیکی کەرکووک مونحەلە
زۆر کەس بە هیواو بە پەلە پەلە

وەظیفەی ئێستا هەمووی بۆ نانە
لێی ناگەڕێن ئەم دەوڵەمەندانە

هاتووینەوە سەر نەریتی پێشوو
بۆیە کچێکمان بۆ نادرێ بە شوو

کـــە فـــرە مـــیر بـــین بـــەر نابەینـــە ســـەر
(بیرســـی یـــا پـــەڕوا برســـی یـــۆزمر)(١)

کاریـــان لەگـــەڵ یـــەك هـــەموو بـــە فینـــە
بـــۆ نـــان بـــڕین بـــێ تـــووتن شـــیرینە

دووبەرەکیـــــــیـــــــەو فیتنـــــــە لـــــــە نـــــــاوە
هۆمـــــــان کەوتۆتـــــــە گوێرەکـــــــەی لاوە

---

ژیان، ژمارە: ٤٢٧، ١٩٣٥/١/١٩ز، ١٤ی شوال ١٣٥٣ك.

پیرەمێرد بۆ ئەم پەندە ناونیشانی (باوە گوڕ گوڕ بالۆرەی خۆمان)ی داناوە.

(١) واتە یەکێك دروستی دەکاو یەکێکی دی دەیڕووخێنێ، نیودێڕەکە (مەسەلەیەکی تورکییە)

(٤٢٨)

وا (ڕەشەمێ)یە مرپیاو مرپیاوە
نۆرە سوار بوونی (داوود) دەم خاوە

(مریەم) بەرنادا هێندە بە جۆشە
تا کەر لە بەغدا نەزمڕێ بۆشە

ئەمە شەرتێکە بۆ منداڵانە
ئێستا تا حەزکەی هێندە ئاسانە

لە خەودا سواری کەر ئیعتیبارە
بەلام بە دیمەن هەر ئەو سوارە

بورجی پیرێژن ئەمساڵ کەم سەختە
ئەو لە پیاو زیاتر بە ڕاوو بەختە

ئەگەر بێ‌و بیکا بە زوقم و سەهۆڵ
هەژارەکانمان چی دەگرنە کۆڵ*

(*) زین، ژمارە: ٤٢٨ی (٢٦)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٥ز – ٢١ی شەوالی ١٣٥٣ك.

(٤٣١)

کە شاخی گۆیژە بەفری چووەوە
پەندی پێشینان زیندو بووەوە

پێم بڵێی ڕۆڵە لەبەرت دەمرم
خشتم تێ بگری بەردت تێ دەگرم

گەواکەی خۆمە ئەیکەیتە بەرم
ڕۆنەکەی خۆمە ئەیدەیتە سەرم

کە ژن ملکەچ بوو بۆ نانی شوانێ
بۆچی لێی ئەدەی بە کوڵە گۆچانێ

کاسە کە پڕ بوو دیارە ئەڕژێ
بەرداش لێک کەون تۆزیان ئەپرژێ

لەگەڵ هاومالا مەکەوە ورتە
لە جێی (سندان)ی تۆ (قوززەڵقۆرتە)

تا دەستندەت بێ قەدرت لە لامە
کەوم بۆ نەگری پێت نالێم مامە

کەمتیار ئەگەر پێی بڵێی چاکە
قولە پێی ئەسمی هێشتا دەنگ ناکا

هەنگەلانەکەم هەمووی هەنگوینە
خورمای کورد کوژەم لەلا شیرینە!

تەرس هەڵدەرێژێ خورما بە جەواڵ
بۆیە دەکەونە شوێن کەری جەجاڵ

کە لە ناو خۆتا هاتو رێك کەوتی
ئیتر لە ترسی لاوە سرەوتی*

---

(*) ژین، ژمارە: ٤٣١ی ١٩٣٥/٢/١٦ز – ١٣ی ذیلقەعیدەی ساڵی ١٣٥٣ك.

(٤٣٢)

دڵ ئەڕەنجێنێ پیاوی بێ کەماڵ
بە هەڵەوەڕی دز دێتە سەر ماڵ

قرزانك گەستمیو وازی لێ هێنام
زوو تێ گەیشتم کە چۆنی بەردام

بۆ دەربەدەرێ مەکەوە سەما
ئەگەر چاك بوایە لە جێی خۆی دەما

گوڵ لەسەر لقی خۆیان ڕەنگینە
بەردیش لە جێگای خۆیا سەنگینە

بچۆرە شارێ کەس نەتناسێ
تێر خۆت هەڵکێشە پڕ بە کراسێ

با، مێخ سندانی تووڕ نەدایە دەر
پێچە کلۆریان دەهاویشتە بەر

خوا منی لە ژوور تۆوە داناوە
هەرچییەکی دەیکەی خەیاڵی خاوە

قاچاقچی نەما ڕێژی لە ناوە[1]
بێ توتنییە ئەم بەندو باوە

دارکیشی ناری نەمردود بوو ئێستر
گوێ درێژی گولە ڕەهبەری حوشتر

دەروێشی بەنگ کێش سەر دەنێتە تاق
بۆ بێگانەیە تریاقی عێراق

ژین، ژمارە: ٤٣٢ی ١٩٣٥/٢/٢٢ز — ٢٠ی ذیلقەعیدەی ساڵی ١٣٥٣ك.

[1] ڕێژی، کاەی فەللاح بە خەڵوزی لێك داوەتەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست لەوەیە کە (پۆلیسی گومرك لە ناوە).

(٤٣٣)

چاکەت بۆ بەد بێ هەتا ئەتوانی
بەد نەبێ قەدری چاکان نازانی

باوەژن چەپۆك نەدا لە هەتیو
هەرگیز فێر نابێ رێی ئەم دیووودیو

مووری تا نەیتاشێ نابێ بە تەختە
بێ تەجرەبە خام نابێ بە پوختە

فەلەك بۆ پیاوی خودبین بە کینە
خۆت لە ئاوێنەی دێودا مەبینە

سەرما نەما، مار ئەبوژێتەوە
بەڵام زوو سەری پان ئەبێتەوە

چەند خۆشە کە پیاو دڵی پاکی بێ
لە تەنگانەدا دۆستی چاکی بێ

مۆریان ئەگەڕێتە بن باخەڵەوە
خوێنمان دەمژێ بە زاوەڵەوە

شوانت لە کوێخای لاوە چاکترە
دەستی بێگانە ماری پێ بگرە

(وەزیر)ێک نەوەی دزی بە خێو کرد
ئاخری کوشتیشیو ماڵەکەیشی برد

جوولەکە ئێستاش هامان ئەکوژن
دەست ئەڵمان کەون خوێنیان ئەمژن

هەڵەکۆک لەگەڵ بەکرا ناکۆکە
ئاگر مەخەرە ئەنباری لۆکە

کە ڕەگ سست بێو هێزی نەمێنێ
(لاپوورە) پاروو لە دەم ئەرفێنێ

خوا هەموو لایێ یەکخاو یەک دڵ بین
لە سایەی یەکدا وەکوو یەک بژین*

---

(*) ژین، ژمارە: ٤٣٢ی ٢/٣/١٩٣٥ز- ٢٣ی ذیلقەعیدەی ١٣٥٣ی ك.

## (٤٤١)

خوا عەیبی بزنی دەرخستوەتە ڕوو
کەچی کڵاوی کردووە بۆ بەڕوو

چێشتت بۆ ناکوڵێ بەبێ ئاگرێ
خورمایش موتوربە نەکرێ ناگرێ

دیجلە ئەم هەموو خەلیقەی دیوە(١)
لەلەنجەو لاری خۆی نەلەخشیوە

هەر کەلوێ، بەردێ لە تاقی کیسرا(٢)
ئایەتێکە بۆ (لیلة الإسرا)

بە زۆری پەنجەی عەشقێکی خایەن
شیرینی نەرمەن کەوتە مەدایەن

بێستون بە عەشق لە بن کەنراوە
شۆرەتی شۆری بۆ فەرهاد ماوە

ئەڵێن فەرهادیش کوردە بە جێیە
ڕەنجەڕۆی وەك ئەو کورد نەبێ کێیە؟!

ژین، ژمارە: ٤٤١ی ١٩٣٥/٥/١١.

(١) لای کاکەی فەللاح لە بری (خەلیقە) (خەلیفە) نووسراوە.

(٢) لای کاکەی فەللاح لە بری (کەلوێ) (گەلوێ) نووسراوە.

نەفسانەی سەودا نەما بەسەر چوو
ئێستا (جیازیی) کچ ئەدا بە شوو

خزمەتی وەتەن گوزەشتەی پارە
هەموو بۆ پارە ئەبین بە پارە

هاوار لیرەی زەرد زرینگەی خۆشە
کە هاتە بەر گوێ خودگیری بۆشە

دەوران دەورانە وەك بابی بابی
مەبعوسی بووە بە نوقڵی بابی

جووجەڵە دەندوك لە هێلکە ئەدا(٣)
دوو پشك بەبێ قین پێتەوە ئەدا

---

(٣) لای کاکەی فەللاح لە بری (دەندوك) (بە دەندوك) نووسراوە.

(٤٤٣)

هەڵۆ بەرز فڕی کەوتە سەر شارێ
تیری پەڕی خۆی هێنایە خوارێ

ئەوی نەدیمی پیاوی گەورەیە
ئەبێ (چاك بێژ) بێ دەوران دەورەیە

دڵخۆشی نەخۆش دەرمانی دەردە
خەڵك بێزار ئەبێ لە بگرەو بەردە

دوکتۆرێ هاتووە ئەڵێن کەحالە
تێی وروژاون ئەڵێی دەجالە

بۆ موستەشفاکەی ژوور شار ڕام کێشە(١)
ڕازیانەم خواردو بوو بە زگ ئێشە

دوومەڵان بۆیە پێی دەڵێن زۆڵە
بەبێ تۆو دەڕوێ لەو دەشتە چۆڵە

ئەڵێن گوڵەژەن لە هەموو ماڵێ
ئەگەڕێو دەرپێی لێ دادەماڵێ

---

ژین، ژمارە: ٤٤٣ ١٩٣٥/٥/٢٥ز، ئەم بەندە بە ناونیشانی (بۆ کەشفی میقرۆب) بڵاوکراوەتەوە.

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (بۆ خەستەخانەی ژووروو ڕام کێشە).




مـــن بۆیـــە بســـتەم هێنـــدە خـــۆش ئـــەوێ
چـــی لـــە دڵدایـــە ڕاســـت دەردەکـــەوێ

وتیـــان پێغەمبـــەر بـــە کوێـــدا ســـەرکەوت
ووتـــی پەیژەکـــەی عیســـای بەدەســـت کـــەوت

کـــابرا وتوویـــە (میقروبـــی – هـــەی دێ)
میقـــــرۆب ئەوەیـــــە کـــــە لـــــەلاوە دێ

(٤٤٤)

کەرەکەی عیسا ببەنە مەککە
بڵێن: گۆڕاوە تۆ باوەڕ مەکە

زەمانەی عیساو مووسا بەسەرچوو
ڕووی درۆزنی تێدا ڕەش ئەبوو

ئێستا دەورێکە درۆی وا دەگرێ
ئاسمانیلیەو بە باڵ ئەفڕێ

موسایی هامان ئەکوژن بۆ ئامان
زۆری وا هەیە بیکەن بە هامان

پاپا (ئافەرۆز) ئەکا لەبەر قین
ئێمە بۆچ فێری (ئافەرۆز) نەبین؟

بۆ یقو تاز حیسسی میللی زیاد ئەکا
ئەو پیشە چاکە نان بە زیاد ئەکا

چونکو موحتاجین بە نانی شەوێ
بووینە عیسایی سێ خوامان ئەوێ*

(*) ژین، ژمارە: ٤٤٤ی ١٩٣٥/٦/١ز.

(٤٤٦)

کوردی دۆنەدیو پف لە دۆ نەکا
کە تێریشی خوارد ڕوو لە تۆ ناکا

ئەڵێی تۆفانی نووحە هەستاوە
باوك ئەولادی ژێری پێی خۆی ناوە

بە خاڵۆ خاڵۆ هات بە لامەوە
بوو بە توولەمار دای وە پامەوە

ئەگەر کەڵکی بێ ئەوسا خاڵەیە
ئێستا دەور دەوری سوورە داڵەیە

هەندێکمان هەیە ڕەگی خەو ئەگرن
تا ئیشیان هەیە لەبەر پیاو ئەمرن

ئەمڕۆ لە لایان صاحێب مەقامی
پێت هەڵخلیسکا شێتو نەفامی

سەیر ئەو سەیرمیە ئەمەیش ئەزانین
دێین خۆمان لادەین کەچی ناتوانین

ئاخ خۆزگە هێندەی سەخیو جەسوورین
چی دەبوو بە دڵ لە یەك ببوورین

ئەو قەومە بەرزو صاحێب مەنزڵن
کە لەگەڵ یەکدا ڕاستو یەك دڵن

ئەوەی بە بەشی خۆی ناڕەزایە
بە هەوڵی بێ جێ ڕووی لە قەزایە

تیری دۆست لە پێی (ژیان) درابوو
زۆراب بە تیغی ڕۆستەم کوژرابوو

بە بەردەباران کورد نەمرد بوو
بە گوڵی دۆستێ گیانی دەرچووبوو*

(*) ژیان، ژمارە: ٤٤٦، ١٩٣٥/٦/١٥ز.

(٤٤٧)

بە واتە پیاو ئەبیێتەوە
خووی مندالّیمان لێ ئەژیێتەوە

سەرو گوێی یەکمان شکاند بە کوتەك
چەند لێك خەڕۆ بووین بە شەڕە گەڕەك

من (گۆیژە)ییم‌و تۆ (کانیەسکانی)
لە یەك بووبووینەوە دوژمنی گیانی

هیتلەرو یەهوود هێندە دوژمن نین
ئەوەندەی ئێمە لێك هاتوینە قین

ئەو ئیشەش کەوا راجیع بە خوا بێ
بە زۆری بازووی هیچ لایێ نابێ

پشتیوانەکەت ئەگەر بە کارە
باراش لە ئاشی زوروو بەهارە

ئەگینا کارمان لێرە لە پاشە
پیشەی پێشوومان دەومن بە ئاشە

جاران ئیتالیا شەڕەگای ئەکرد
وتیان خراپە پێیان لەناو برد

ئێمە بەران و کەوو کەڵەشێر
تێک بەر ئەدەین و سەگ دەکەین بە شێر

هەموو دەرسی شەڕ ئاخر شەڕییە
بۆیە هەڵکردمان کوێرەوەرییە*

(*) ژیان، ژمارە: ٤٤٧، ١٩٣٥/٧/٧ز.

(٤٤٩)

گەرمای هاوینە گەرمەی میوەیە
ئاخ میوەی ئەمساڵ شەرای پێوەیە

کاڵەك گران بوو تێرم لێ نەخوارد
کەچی کوتوپڕ گەرمای تی بنارد

خوا نەیداوینێ ساڵێ نۆخەی کەین
شادی بێ‌و تاڵی نەکەوێتە بەین(١)

ئێستا وەختێکە بە خۆشی‌و سەیران
هەموو ئێواران بچینە سەر بێستان

کەچی بە هیچە بۆ ڤینەبەریی
لە خۆش ڕابواردن خۆ دەکەین بەریی

عەییزاغاو میرزا زیندوو بوونەوە
شێرزادو شێرخان تێك هەڵچوونەوە(٢)

---

ژیان، ژمارە: ٤٤٩، ١٩٣٥/٦/٢٠.

[١] لای کاکەی فەللاح نووسراوە: شادیی‌و تاڵیی نەکەوێتە بەین.

[٢] پیرەمێرد خۆی لە دەستنووسەکەدا نوسیویەتی کە مەبەستی لە عەییزاغا، عەزیزاغای چاوقووڵە کە لە چاپخانەکانی سلێمانی‌دا کتێبی ئەسکەندەرنامەی خوێندۆتەوە. (میرزا)ش میرزای ئێرانییە کە لە قاوەخانەی سەر چیمەن شێرزاد خانی شێرەدەرەو شێرخانی تێك بەر ئەدا.

ئەوە چاکی کرد بێ لایی نواند
لای (معاویە) تیکەی خۆی ئەگلاند(٣)

نوێژی لە پشتی (عەلی)یەوە دەکرد
کە بوو بە هەڵدا ڕای کردە سەر گرد

خۆ من نەوسنم بەڵام ئەو نانە
کە بۆنی لێ بێ نایخۆم گرانە

لە پشت کەسەوە جەماعەت ناکەم
بۆ وڵاتەکەم بە هیوای چاکەم

هەڵدایشم ناوێ بۆی بچمە سەر گرد
ئاخ هەموو لایێ وەك منیان دەکرد

خۆزگە بۆ چاکی وا یەك دەکەوتین
بە هیچ قووەتێ دانەدەکەوتین



(٣) پیرەمێرد دەڵێ یەکێ لە ئەصحاب لە موحارەبەی (صفین)دا نانی معاویەی ئەخوارد، نوێژی لە پشت عەلییەوە دەکرد کە شەڕیان ئەکرد ئەچوو لەسەر گردەکە دادەنیشت ئەیگوت، (الطعام عند معاوية أطعم، والصلاة خلف علي أتم والجلوس على التل أسلم).

(٤٥٠)

ئەو دەمە بەختم لێ بوو بە دوژمن
کە کەرە دێزم بوو بە ڕەموزن

ئەو دەمە هۆشم لێ شێواو وەستام
کە هەرچی هەڵسا وتی ئاش وەستام

خزمەتی دەکەم هێشتا لێم ساردە
توخوا مەلاگەل! ئەمیشە ئاردە؟!

دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە
پارە پەرستی ئەڕوا لە دواوە

ئەوی پێی بڵێن: وا برۆ دەڕوا
بە هیچ قەولێکی ناکرێ بڕوا

ئەوی جڵەوی خۆی دایە دەس خەڵك
ناوی نراوە زەبوون و بێ کەڵك

زەردەواڵەمان جاری ئاڵۆزاند
نانی شوانیمان خوارد گەوجیمان نواند

لە هەردوو لاوە تووشی جەزا بووین
تەمێمان نەخوارد دیسان تێ هەڵچووین

تاریکـــــایی شـــــەو ئێـــــوارە دیـــــارە

ئـــەڵێن خاکەکـــەی بـــەدە ئـــەم شـــارە

(٤٥١)

ئەمساڵ ئینتیخاب کەوتە باحورا
زۆر کەس دەروونی ئاگری تیا گڕا

ئاویشمان کەمە بۆ ئاگر بڕی
ئەویش هاتۆتە سەر نۆرە بڕی

ئاخ بۆ میراوی خاوەند مرووەت
ئاوو نووابی بکا بە نۆبەت

مادام هاتۆتە سەر تێکەو لێکە
یەکێ تێکەیی زۆر ڕێک و پێکە

چونکو بۆ هەندێ هێندە تەلاشە
لە خزمەت زیاتر هەوڵی مەعاشە

بارێ دەوڵەمەند نەیقۆزێتەوە
ساڵی هەوارێ بگوێزێتەوە

یا سوبعو ڕوبعی بۆ کارێکی خێر
ببەخشێ و چاوی چواری لێ بێ تێر

چاوێ تێر نەخوا بە بەشی خێوی
گۆڕ وایە خاکی گۆڕی پێ بپێوی

ئەی ئەو کەسانەی بەخۆ دەنازن
تا دەمرن حەسرەت بە نانو پیازن

هونەر ئەوەیە بەختی لەگەڵ بێ
چیمەنتۆ نەبێ لی تێکەڵ بێ

جەوهەر بۆ دادی حەق بێ بەهایە
بە مێردی نییە زۆرجار بە خودایە

من سێ ڕۆژگانەی خۆم پێ بڕاوە
نازانم چیمە لەم بەندو باوە؟

(٤٥٢)

وا گــرد بوونــەوە پــایزە براکــان
بــەڵکو یــەك کــەون هیممــەتی چــاکان

بــەڵام وەك ئــاردی نــاو دڕك وایــە
بــراییش لەگــەڵ نایێنــە کایــە(١)

خــۆ وڵاتیمــان بــۆچ لا چــا نابــێ؟
گــوێلکی خۆمــاڵی بــۆچ بــە گــا نابــێ

مــەڵێن: شــیلاوگ مایــەی پــەنیرە
فیتنــە هــەوێنی نــۆ قــازان شــیرە

مــەدحی ڕووبــەڕوو پیــاو ئــەدا بــە شــوو
زۆر دۆســتی ســەر نــان بــە دوژمــن دەرچــوو

خــوا موســا بۆســەر فیرعــەون ئــەنێرێ
کەچــی جــار جــار مــەڕ بــە گــورگ ئەســپێرێ

پیــاو بــۆ بۆرەپیــاو ڕۆحــی خــۆی ســەرف کــرد
کەچــی پێــی دەگــوت بــە دەردی خــۆی مــرد

---

ژیان، ژمارە: (٤٥٢)ی ١٩٣٥/٨/٢٤. هەروەها لە ژمارە (٤٥٥)ی ١٩٣٥/٩/٢١دا جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە ژمارە (٥٣٩)ی ١٩٣٧/٩/٢٠دا جارێکی تر بڵاوکراوەتەوە.

(١) ژین، ژمارە: (٥٣٩).

ئەو کانییەی ئاوی لێ دەخۆینەوە
بە نابەکاری پڕی دەکەینەوە(٢)

ئەوەی کە وەفای بۆ دوای خۆی نەبێ
ئیتر تۆ دەبێ هیوای چیت پێی بێ(٣)

سیاسەت پیشەی ئاغای بێ ڕیشە
بۆیە گەلێ پیاو بێ ئیشو ڕیشە

زۆر ڕیشو سمێڵ تاشراو وەك ئەوان
خۆزگە ڕیش ئەبوو بە مۆدەی ژنان

ئۆخەی ژنان بوون بە گەورەی گەرەك
ئەبێ دەستەی تر بچنە بەر خەرەك

ئینجا هێندێکیان چۆنی دەڕێسن
لەگەڵ گوێچنە بەرزە بلێسن

بە نار نارۆکە سەر دەلەقێنن
دەم بۆ یارۆی خەڵك دادەچەقێنن(٤)

(٢) (ژین)ی ژمارە: (٥٣٩).
(٣) (ژین)ی ژمارە: (٤٥٣) و (٤٥٥).
(٥،٤) (ژین)ی ژمارە: (٥٣٩).

**ئاخ خوێندەواری فریامان کەوە**

**بۆ عالەم ڕۆژە بۆ ئێمە شەوە(٥)**

(٤٥٣)

جالینۆس ئەڵێ: تاقیم کردەوە
هەر قەومێ ناسرا بە پێی کردەوە

هیندیو حەکیمی، فورسو تەکەببور
تورك ئیطاعەت، ئەرمەن سفرە دڕ

عارەبی بەڕیو میوان پەروەری
کوردو ئازایی، بە ماڵو سەری

حەبەش صەداقەت، شامیو شەئامەت
مەلاو چرووکی، زەنگیو حەماقەت

کورتو فیتنەیی، درێژو بێ هۆش
لە دوو جەژنان بوو شێخی نوێژ فرۆش

ئاینو ئۆینی موو زەردی چاو کاڵ
شەهوەت پەرستی ڕەشی ڕوو بە خاڵ

کوێرو حافیظە جوولەکەو حیساب
بەنگو کەساسی دەوڵەتو شەراب

جاف بۆ زیبانی، هەمەوەند بۆ شەڕ
شێخو تەفرەقە، زەنگەنە بۆ گەڕ

پشـــــدەر جـــــەنگاوەر ڕێکـــــنو یەکـــــەن
شـــــوانو دزەیـــــی لـــــە ناویـــــان ئەکـــــەن

بانـــــەیی دەڵـــــێن: ئەصـــــحابە کـــــوژن
ســـــیوەیلی ئێســـــتا قامـــــك دەمـــــژن*

(*) ژیان، ژمارە (٤٥٣)ی ١٩٣٥/٨/٣١ز.

(٤٥٤)

بە ڕیسی خەڵکی بۆچ ئەڵێی: پەتە
زوبانت بێڵێ سەرت ڕەحەتە

پیاوی زۆر بڵێ بۆ دۆزەخ بەرە
لە وێشدا ئەڵێ: دارەکەی تەڕە

وەختێ ئەتوانی بە گز مندا بێی
بۆ بەرهەڵستی زۆری من بشێی

پێ لە مار مەنێ هەرچەند سڕیش بێ
مەچۆ ڕێی بەراز لە ڕەو بڕیش بێ

تەنها گاجوتێ زیان دەنوێنێ
کەچی گاگەڵ تێوە ئەگلێنێ

ئێستا من بۆیە ناوم پوورێیە
خەتا سوورێیەو لە خۆم دوورێیە(١)

دنیا شێواوە بە شەرم بڕم
دەست بە کڵاوی خۆمەوە دەگرم
هێشتاکو، بێستان بەرەلا نییە

---

ژیان، ژمارە (٤٥٤)ی ١٩٣٥/٩/١٤ز.

(١) لە خۆم دوورێیە (دەستنووسی پیرەمێرد) لە من دوورێیە (چاپی کاکەی فەللاح).

ئەم دووگە چەورە بێ بەڵا نییە

(٤٥٦)

بە حوشتریان وت: خوا کورت باتێ
وتی: من بێ بار، نامێنم ساتێ

تا کار نەشێوێ ناگاتە سامان
وەختە بۆ هەنگوین بچمە هەورامان

ئاوی پایزان لە بەفراو ئەکا
ئەوی تێر نەخوا چی لە ئاو ئەکا

شارێ بێ کاری ژوور بە کار کەوێ
پیاوی پیاو هەرگیز تێیدا ناسرەوێ!

دێی فرە کوێخا ئاوەدان نابێ
پیاوی زۆر بڵێ، نوکتەدان نابێ

هەرچی خەڵك لە ژوور خۆیەوە بگرێ
ئەوی دەیناسێ لەبەری دەمرێ

ئەوی بە لۆقە ڕێی دۆست ئەبەستێ
با بە لۆقیش بێ! زووتر دەوەستێ

هەوا پەرستی هێند لووتی بەرزە(١)
لووتی ئەبێتە کۆلکی تەرزە!

یەک دڵو یەکسان چەند خۆشە یاران
بێ خەم، بێ پەروا لە تەرزەو باران

پێنجو دوو ڕۆژێ دنیا ڕابوێرن
دوشمن لە پردی نامەرد هەڵدێرن

بەڵام وەک دەستمان خۆیشمان بڵاوین
یەک ناگرین بۆیە وا بێ کڵاوین

---

ژین، ژمارە: (٤٥٦)ی ١٩٢٥/٩/٢٨ز.

(١) هەوا پەرستی (پیرەمێرد) هیوا پەرستی (کاکەی فەللاح).

(٤٥٧)

سەرما هات بەرگی هەتیوی دڕی
هەور لە خەرمانی چەڵتووکی خوڕی

ئەمساڵ ناترسم کە لافاو بمبا
هیچ گوێش نادەمە فیشاڵی بۆمبا

من دەورەی حەربی عوموومیم دیوە
ئەوی بترسێ دەستی بڕیوە

بۆیە حەز ئەکەم باران ببارێ
لەم بێ ئاوییە ڕسگار بێ شارێ

هەموو لە تینوا ئاخ هەڵدەکێشن
هێشتا بۆ ماڵان ئاو ڕادەکێشن

ماکینەی گەورەی ئەلەکتریك هات
خوا یار بێ نووری فەن کەوتە ولات

نان و گۆشت نرخی کەم کرایەوە
پارەی (کیلۆ واط) وەك خۆی مایەوە

بۆ حەسحەسانە پیاو ئەخنکێنن
کەچی لە ماسی ڕەسم ناسێنن

بۆ مەستی تووتن ئەپرسنەوە
قاچاغی (ماسی) ئەبەشنەوە

بەنی گرژ خەرجی هەوسار هۆنینە
دەزووی خاو تەنها بۆ لەرز بڕینە

ئەسپی بێ هەوسار زوو بێ جڵ ئەبێ
پیاو سەربزێو بێ ئەستۆی شل ئەبێ*

(*) ژیان، ژمارە: (٤٥٧)ی ٥/١٠/١٩٣٥ز.

(٤٥٨)

لێرە لە چاکەو نەزاکەت گەڕێ
کوتەك لە بەهەشت هاتۆتە دەرێ

زۆر جارم وتووە خەرۆ بێ گوێیە
کوتەك دەزانێ قۆناغ لە کوێیە

ئەگەر خوا باڵی بە فیل بدایە
ئەبوو سەربانمان گشت بڕووخایە

خۆت هەڵمەکێشەو مەڕۆ بۆ عینوان
تفەنگ بۆ نیشان ئەسپیش بۆ مەیدان

ئێستا وا لێمان کەوتنە بەهانە
بە دەست خەڵکەوە بێڵ زۆر ئاسانە

شوهرەت ئافەتە لێت نابێتەوە
جام بشکێ بەڵام نەزرینگێتەوە

شەڕی ئیتالیا گرانی پێیە
کەر لە کوێ کەوتو کوندە لە کوێیە

توخوا لێی گەڕێ با حاڵمان وا بێ
تالعی ئێمە ئەبێ شۆربا بێ

بە تەقویم سەرمای ئەمساڵ خەتەرە
مەکتەبەکەیشمان لە شار بەدەرە

لە مەعاریفدا هەر شار بەدەرین
بۆیە وەك خاكین هەر بەسەرین*

---

(*) ژیان، ژمارە: (٤٥٨)ی ١٢/١٠/١٩٣٥ز.

(٤٥٩)

شەوی پاییزان پیران نانوێنێ
کەڵەشێرێکیش نیە بخوێنێ

زۆربەی کەڵەشێر لە دێی (ماوەتە)
کەڵەشێر کوشتن لایان لەعنەتە

شەومان درێژەو ڕۆژمان بە هەورە
نمەکمان سوێرەو پڵاومان چەورە

هیچ کەس نابینم دڵسۆز بێ بۆمان
زوو پیاو ئەگۆڕێ ئاوی (کانیەسکان)!!

گوناهی کەس نیە خەتای خۆمانە
جێگای هیوامان (گەردی سەیوانە)

هەندێ بە کێڵی باوکیان ئەنازن
هەندێ بۆ ئاشووب ئاواتە خوازن

هەندێ کتکیان لەلا وەك شێرە
هەندێ هێندەیە تا سکیان تێرە

ئەڵێن مردوو شۆر پارەی بەرێ زوو
خوای دەکرد مردوو گۆڕ بە گۆڕ دەچوو

پەردەی بینایی ئەسپو شێر وایە
سامی ئینسانی وەك دێو لە لایە

ئەگینە ئێمە چۆن سواریان ئەبین
دوو هێندەی ئێمە لێیان ناترسین

ژن تەلاق ئەدەین شوو ئەکا زۆر باش
ئەلێین قەیناکا بۆمان بوو (بە جاش)*

(*) ژیان، ژمارە: (٤٥٩)ی ١٩/١٠/١٩٣٥ز.

(٤٦٠)

بۆنی گوڵ لەلای قالۆنچە دمردە
ژن بێ ڕوو سووریی ناچێتە پەردە

(برا! ئەم پیاگە سەیری چەند خۆشە
من پێژم: نێرە، پێژێ بیدۆشە)

ئۆخەیچ کە ئێستا زۆر دار بێ هێزە
لە بیرتە ئەیگوت گاڵت وەگوێزە

نەك ئەمری وەزیر فەرموودەی شا بێ
لەم زەویە ڕەقە چەوەندەر نابێ

کە تۆ خۆت شل کرد لە ڕووی ناکەسێ
ئەڵێ: بڕوانە چۆن لێم ئەترسێ؟

چاکە لەگەڵ بەد خراپ ناو ئەبرێ
کە گورگ بەخێوکەی خوای مەڕ ئەت گرێ

مێرووڵە کە خوا غەزەبی لێ گرت
کاتێکێ زانی لە پڕ باڵی گرت

خانوێکم هەیە زۆر ناتەواوە
دارو پەردووی باش ئێستا نەماوە

ساڵی سێ جاری هەڵ دەگێڕمەوە
لە پڕ دەڕووخێ ناحەوێمەوە

ئەمساڵ مەبعووسی هاتوەتە ڕەواج
ڕەسمی ئیفتیتاح کەوتە بەر میعراج

بەڵام عومرو ڕزق لە بەراتایە
بزانین بە بەرات کێ دێتە کایە

شایی شایی کەر لۆغەی دراوسێ
لە تازیەی ژنان سەرم دەئاوسێ*

(*) ژیان، ژمارە: (٤٦٠)ی ٩/١١/١٩٣٥ز.

(٤٦١)

وا ڕەمەزان دێ ئەبێ بە کوێخا
پەکی کەشکەك و گیپەکەم ئەخا

ئەگەر من بڵێم: ڕەمەزان نییە
کێ لێم دەپرسێ جەزاکەم چییە؟

چونکو گوناهی لەوە گەورەتر
ئەمەندە زۆرە بە باری حوشتر

باقڵ دەچینە پەردەی ئیعتیکاف
جنۆکە دەبەن بۆ پشت کێوی قاف

نەوەڵڵا ڕەست و داو هێند گرانە
بەقەد ڕکاتی تەراویحمانە

تاریکە شەوەو ئەحزاب لە ناوە
(ڕەمەزان) بە جەنگەو (سەفەر) بەدناوە

لە ئەفەریقا بووە بە گەردەش
دونیا شێواوە وەك مووی قولەڕەش

جاران جوولەکە خومی ئەشێوا
ئەکەوتە درۆو قوڕی دەپێوا

ئێستا بۆ ئەوەی کە خوم بشێوێ
درۆی وا دەکەین بە قەدەر کێوێ

ئەڵێن: بۆ مەئموور مەنشوور دراوە
خاترو خۆتر بۆ کەس نەماوە

کەچی پێکورە داشی دامەیە
نازانین تەقیو شەقی کامەیە*

(٤٦٢)

یەکێ تەعریفی قانوونی پرسی
وتی: ئەیزانی ئەگەر نەترسی

وتم من ئێستا لە دونیادا نیم
بە خواردەمەنیو زەماوەند ئەژیم

قانوون بۆ بەزمو بۆ زەماوەندە
گۆرانی لەسەر (قانوون) پەسەندە

جاران ئەیانگوت (قانوون) ڕێبازە
بەو ئەندازەیە هەرگیز مەنازە

بۆ سلێمانیش قانوون نەبووە
قانوونی خوامان لا بەسەر چووە
هەندێ بە ئەحزاب خۆیان هەڵدەنێن
نوقتەی سەرەوەی لای ڕاست دائەنێن

ئێمە کە فێری شەڕە گەڕەکین
کە بوینە ئەحزاب کێ دەڵێ یەکین

هەندێ بە عیلمو خووی چاک ئەنازن
تا دەمرن حەسرەت بە نانو پیازن

وەکـــوو ئاغاکـــەی دێـــی (ســـیا مەنســـوور)
مـــەدحێکی زۆریـــان کـــرد بـــە واتـــەی دوور

کـــە هاتـــە ئێـــرە منـــیش هـــەر وام دی
کەچـــــی وەعـــــدی دا زوو هێنایـــــە دی

بـــەوە تـــێ گـــەییم کـــە نابـــێ بـــە پیـــاو
چـــونکە بـــە درۆ (رجـــال) دێتـــە نـــاو(*)

---

ژیان، ژمارە: (٤٦٢)ی ١٩٣٥/١٢/١٤ز.

(*) پیرەمێرد لە دەستنووسەکەدا نوسیویەتی (شێخ قادری سیا مەنسووری وەعدی دا وەعدەکەی خۆی بە جێ هێنا بەوە تێگەییم کە نابێ بە پیاو یەعنی درۆی نەکرد حاڵ وایە ئینسان بە درۆ دەبێتە پیاوی گەورە) مەبەستی لە (پیاو) لێرەدا پیاوی گەورەو خاوەن پایەیە، ئەگینا شێخ قادر پیاوێکی پیاوانەی هەڵکەوتوو بوو.

(٤٦٣)

جاران کاسەی دۆ کەوچکی تیا بوو
بە ڕیزە هەرکەس نۆرەی جیا بوو

ئێستا هەر کەسێ پیاڵەی خۆی پڕ کا
بەشی کەس نادا بشڵێی: وا خنکا

(ئەسکەمل) جاران کە سێرمەدار بوو
هەرچوار تەرەفی لێوە دیار بوو

ئێستا گەورەکان (قۆلتۆغ) نشینن
ئەم لاو ئەولاو دوای خۆیان نابینن

خۆزگە ئەو عەقڵەی پێش چوونە سەرکار
لە سەردا ئەماو ئەتهێنایە کار

خۆزگە بەڵێن وەك ماست سپی دەبوو
بەسەر لێوەوە شوێنێکی دەبوو

ماستو ڕاست ئێستا بوونە مۆدەی کۆن
شەرمو تەرقی نەهێشتوە (پاردۆن)*

بیستم ئاغاکەی دێی (سیا مەنصوور)
ئەحواڵی منی کردووە بە دەستوور

وتوویە تاکوو پیشەی درۆ بوو
موتەصەرریف بوو هەم سەربەخۆ بوو

بووبوو بە عوزوی مەجلیسی عالی
زۆری نەمابوو ببێ بە والی

ئێستا کە تەرکی درۆی کردووە
چاومڕێی کەوش و پالْتۆی مردووە

ئەو ماڵ وێرانە بۆ ج وا ڕاست ئەڕوا
ئەم ڕاستگۆییە ئەوی خستە دوا

(٤٦٤)

ساف دەروون، داری دەستی بەدکارە
بۆیە شەڕەدار زۆرە لەم شارە

ئەو قەومەی پیشەی دەوەن بە ناشە
سێبەری ڕووەو ڕۆژە لە پاشە

ئەو پیاوە گەورەی کە خۆش باوەڕە
بەدەست خەڵکەوە مێکوتی ساوەرە

زینهار خوار دەستت بە کەم مەبینە
بۆیە بە کینە لێت نا ئەمینە

هی وامان هەیە دێتە لات خۆشێ
بە خۆت نازانی، تا دەتفرۆشێ

بە بەندیخانە پیاو عاقڵ دەبێ
هەندێ سەرچڵو زۆرە مل دەبێ

هەندێ بە فریو گەیوەتە پایە
شەیتان لە بەرگی فریشتەدایە

کەسێ بوێرێ بیسمیللا بکا
وەرە سەیر کە چۆن ئابڕوویان تکا

صەلاحییەتی صالحانم نییە
بڵێم: ئەمە ڕەش، ئەمە سپییە

کە کەلیمەی (ڕەش) وەرگەڕێتەوە
دەبینی شەڕی لێ دەبێتەوە

جەژنی میلادو ئێمە یەك کەوتن
ئێرە بۆیە یەك ناکەون چەوتن

جاران حاجیلێ بە خێری باوبوو
لە بەختی ئێمە گوێزی بێ ناو بوو*

(*) ژیان ژمارە: (٤٦٤)ی ١١/١/١٩٣٦ز.

(٤٦٥)

پیاوی ناوەجاخ مەخەنە سەرکار
هاورێکانیشی دەکا بە بێ عار

ئەوی تێکۆشێ و ئیش بکا بێ دەنگ
(دەماومرێك) دێو دەیکا بە پارسەنگ

ئەگەر پێم بڵێیت ئامشۆی کێ دەکەی؟
ئەڵێم یا خراپ یا بەجی دەکەی

هەر چشتێ زۆر بێ هەرزان بیکڕە
عیلم تا زۆر بێ بەهای زۆرترە

ئەدەب تاجێکە لە نووری یەزدان
بیکەرە سەرو بچۆرە ئاسمان

بێ ئەدەب ناوی ئەدەبخانەی دێ
بەردی تێ گری پڕیشکت بۆ دێ

(بە خۆوە نەدیو) دەم قاڵی دەوێ
لە سەرخۆش گەڕێ ئەو خۆی دەکەوێ

بۆ خۆ هەڵکێشان زەعیم بوزورگن
هەندێکی تر هەن سپڵی لاورگن

شەوچەرە لەبەر (سپڵە) دامەنێ
کە خواردیو ڕۆیی پێت پێدەکەنێ

بەڵام تۆ بیدە بام پێ نەزانن
لێیان ببورە قوڕی زستانن

ئاخۆ گەردشی کورسی چی لێ هات؟
هیوا بۆ قابسز ترس بۆ دەسەڵات

بێ (دۆ) بە هیوای شیری مەڕ ئەژی
کاتێکی زانی بەرخ مەڕی مژی

(بابی بابی)یە کایەی زەمانە
ئەم چەرخە کۆنە دەوران دەورانە

پەندی پێشینان هەرچەند پەسەندە
پەندی ئەم پەندە جائیزەی بەندە*

(*) ژیان، ژمارە، (٤٦٥)ی ١٩٣٦/١/١٨ز.

(٤٦٦)

ئەگەر سەعاتت زۆر دەستی لێ دەی
ئاخری تێك ئەچێ ئەبێ فرێی دەی

بەسەر دۆستا بێی بە دیارییەوە
لەوە چاکترە کین بشاریەوە

کە ئیشێکت کرد زانیت خەتایە
بگەڕێیتەوە بوزورگی تیایە

ئەگەر لێبوردی بێ پەشیمانی
ئەنجا لەزەتی عەفو دەزانی

ئەگەر بێی بە قین تۆڵە بستێنی
خەوی ڕەحمەتی لای خۆت نابینی

نەوە، جنێوت پێ دەگەیەنێ
کەوا جنێوت پێ دەگەیەنێ

کە دوو کەس ئاشت بن بە تۆ چاکترە
هەر ڕۆژەی سەفرەی لایە حازرە

کە سەری هەودای ویژدانت بەردا
ئەم دیو ئەودیوت زۆر دێ بەسەردا

ئەڵێن: پیرێژن بە تەفرەو مەکرە
کەچی جوانەکان کەوتوونە دەورە

بورجی پیرێژن هێشتا ماویە
جوانە ژن پێشین بەندو باویە

نەیشزانن جێی کەس بەوان نادرێ
دیسان هەوڵ ئەدەن خەڵك نانی ببڕێ

ئەوی بە ناحەق نانی خەڵك ئەبڕێ
نەنگەویستی‌و ترس بۆ خۆی ئەگرێ

بەڵام هەندێ کەس نا ئەهلو بەدخوون
خۆیان چاوەڕێی دەرکردنی زوون*

---

(*) ژیان، ژمارە: (٤٦٦)ی ١٩٣٦/١/٢٥ز.

(٤٦٧)

جێگای تەنگ بوو بوو ئەمجارە ژیان
گاڵتە کەوتە پاڵ پەندی پێشینان

پیاوێک ژنی مرد قولێکی هانی
وتیان چۆن لەگەڵ قولدا ئەتوانی؟

وتی بۆ ماتەم پیشەی دێرینە
سەراپا بەرگی تازەدار شینە

من بەرگی ڕەشم کردە بەر جێیە
کە ماتەمگێڕی عانید بەوێیە

من سەگم دیوە لە سەرەنوێلك
قەپاڵی دەگرت لە گۆشتی تووتك

دەستم دەرمانی سەر زگی قەبزە
خامەم ڕەوانە شارەزای نەبزە

# سێ بەڕۆ..

مایینێکی بۆرەم بوو سواری دەبووم
ڕۆژێ بە ئیشێك بۆ دێیەك دەچووم

نزیك ئاوایی ژنێکی نازدار
بانگی کردە من وتی بۆرە سوار

سێ بەڕۆ دارم ئارامم نیيە
لە تۆ دەپرسم دەرمانی چیيە

وتم لەم دەردە ڕسگات دەبێ
ئەگەر بێو دڵی من بێنیتە جێ

ووتی ناچارم دڵت بێنمە جێ
بەڵام یاخوا تۆیش ئەمەت بێتە ڕێ

هارو مار (ودمی) باوەشابان بوو(١)
هەرچی هار ئەیگرت بۆ ئەوی دەچوو

---

(١) (ودم): بەو کەسانەیان دەوت کە وەلیفەتی چاك کردنەوەی هەندە نەخۆشییەکیان هەبوو، لە سلێمانی دەوترا (ووم).

(*) باوەشابان: پیاوێکی لە خوا ترس بوو لە عەشرەتی کاکەیی، هەر کەسێ مار یان دووپشك پێوەی بدایە هەندێ نانی دەجوو، پاشان دەی خستە سەر جێ زامەکەی و ئازاری کەم دەبووەوە.

لەگەڵ پەنچکێ نانیان بۆ دەچوو
نووتکی دەهاویشت ڕسگاری دەبوو

ئەمەندە هارو ماریان چاك نەکرد
کەچی (شاپیاو)یان بە گورگی هار مرد(٢)

حەکیم لە دەردی کەسی خۆی کۆڵە(٣)
بۆیە خزمانی دەکەونە بۆڵە

[٢] شاپیاو: کاکەی فەللاح دەڵێ: مەبەست لە ئیبراهیم ئاغای خوبیلەیە، کە گورگی هار گرتی‌و بووە هۆی مردنی.

[٣] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نییە.

(٤٦٨)

هەندێ کە لە پڕ بەرز ئەبنەوە
کە کەوتنە خوارێ ئەبوورێنەوە

کە بە توونچێتی بووی بە حەمامچی
خۆت لێ ناگۆڕێ، لە ڕێ دەرناچی

بەلام کە لە پڕ هاتی بووی بە کوڕ
نان خۆرێ دەبی، سپڵەی سفرە دڕ

ئەگەر پێ بە پێی هاوڕێکانت بێی
پێت نالێن کابرا! نازانن تۆ کێی

هەر موویە لە ڕیز ڕیزەوە تێپەڕێ
مەقەستی وەستای دەلاك ئەیبڕێ

نەخوازەلا وا (زەمیل) کەوتۆتە ناو(١)
هەرچی بەرکەوێ، ئەڵێن کلك بڕاو

---

ژیان، ژمارە: (٤٦٨)ی ١٩٣٦/١/١٥ز.

[1] زەمیل: مەبەست لە یاسای (ذیل)ە کە فەرمانبەری پێ لە کار دەردەکرا (ذیل قانون العقوبات).

بۆ کلکە قوڵێ دەچنە لای داپیر
ئەماننێرێتە لای بزن بۆ شیر

شیری داپیر خۆر، بێ کلک ئەمێنێ
سەگ بە هێزی کلک ئێسقان ئەشکێنێ

پیرەمێردێ هات، پێی وتم پیرێ
هەرکەس لە باری خۆی گوێز ئەژمێرێ

(٤٦٩)

مانگی ڕەشەمێ دووکەڵ دەرناچێ
خاتوو زەمهەریر پرچ هەڵئەپاچێ

لەقلەق هاتەوە نیشتە سەر هێلکە
مەیدان خاڵی بوو بۆ پەرەسێلکە

کلکی دووفاقی نموونەی ذەیلە
شارەزوور ئەمساڵ لە ڕاوکەر کەیلە

عەینەمەل دەرکەوت، ساڵی کوللەیە
بەلام بۆ ئەو دیو ئەزمڕ پلەیە!!

بای بەهار دەشنێ! کۆلارەی دەوێ
بزانین بە پەتی کێ سەردەکەوێ

کۆلارە ساڵێ نێرەو ساڵێ مێ
ئەمساڵ بەرەوی ژنانە کەمێ

بەهۆو بەهیوای داری پەلکەوە
وەك فرفرۆکەین بەدەس خەلکەوە

بـــــەڵام لـــــە لەشـــــی چــــالەکە دەچــــین(١)
هــــەتا لێمــــان دەن پێـــــی قەڵـــــەو دەبــــین

هێنــــــدە کــــــە بڵێـــــی کــــەمتیار چــــاکە
قولــــەپێی دەسمــــــی هێشــــــتا دەنـــگ ناکــــا

بـــە کـــــەر نــــاوێرن بـــــە کورتــــان شــــێرین
وەك ســـــووره واڵـــــەین بــــە خاڵمـــــان فێـــــرین

ژیان، ژمارە: (٤٦٩)ی ٢٩/٢/١٩٣٦ز.

(١) چاڵەکە، گیانلەبەرێکە هەتا لێی بدەی پێی قەڵەو دەبێ.

(٤٧٠)

ئای بۆ ئەو ڕۆژەی ترس دێ بە سەرا
کونە مشك لامان ئەبێ بە سەرا

کە کەوتینەوە کۆمەڵی یاران
ئەڵێی نە بامان دیوە نە باران

کوێخا جوامێری هەمەوەند دەیگوت
های جوامێر ڕۆم‌و عەجەم وا لە دووت!

سەرێ کە شاهان بە تەمای ئەبن
بۆ ئەوە دەشێ هەڵکەنرێ لە بن

ئەوسا کە جوامێر دەنگی دلێر بوو
تیپی هەمەوەند ژنیشیان شێر بوو

ئێستا من هەسم دوڵدڵم پێیە
ئاخۆ ناپرسن لەشکرت کێیە

لە هەمووی خۆشتر خەیاڵ بازییە
حوکمی سەری بەنگ یەکەتازییە

خەیاڵبازییە چارەی دڵ تەنگی
شەراب بە گەردش بەنگ بەبێ دەنگی

بەلاّم بەنگ کێش بی مەچۆرە گوێ ئاو
جۆگەلەت لەلا نەبێ بە شەتاو

هەر خۆم نەیزانم شەراب بکەم نۆش
گوێ زەلْم و ماسی سەوزی و هەوای خۆش*

---

(*) ژیان، ژمارە: (٤٧٠)ی ١٩٣٦/٣/٧ز.

(٤٧١)

جووجەڵە دوو خووی بە ئێمە داوە(١)
کە بێین پێشکەوین بۆ پێمان داوە

یەکێ کە سەری لە هێلکە جووقا
تووێکڵی شڕ دەکا لە ژێر دەندوکا

دووەم بێ دەعوای میراتی باوک
یەکتر کوێر دەکەن بە شەڕە دەندووک

ئێمەیش ئەو خاکەی جێ سروشتمانە
ژێر لەقەی ئەدەین، خوو ڕەوشتمانە

دەڕوانی هیچمان لەناودا نییە
ئەومان لەگەڵ ئەو بۆ شەڕ شەقییە

کەویش خوویەکی خۆی پێ بەخشیوین
دیارە بۆ ئەوە شایستەی دیوین(٢)

---

ژیان، ژمارە: (٤٧١)ی ١٩٣٦/٣/١٤ز.

(١) لە پەندەکانی چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (جووجەڵە دووی خۆی بە ئێمە داوە).

(٢) لە پەندەکانی چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (شایستەی دێوین).

کەو دەبەنە ڕاو بە فێڵ دەخوێنێ
هاوجینسی خۆیان بۆ کوشتن دێنێ

ئێمەیش تەسبیح‌و ذیکرو ئیستیغفار
کەچی کەشکۆڵمان پڕ لە ئیستیخبار

دەبینین برسی‌و کەسیرەو کزین
دانمان ئەدەنێ دەستیان دەگەزین

بە زەیلی زەیلیش نایێینە ژێر بار
(زەیل)(٣) درێژەی بەست وەك ڕۆژی بەهار

تا نەبڕێینەوە ئەو نابڕێتەوە
وا دیارە تا دێت ئەتەنێتەوە

---

(٣) زەیل: یاسایەکی پاشکۆ بوو لە سەردەمی پاشایەتیدا بۆ ئەوە دانرا هەر فەرمانبەرێکیان نەویستایە بەو یاسایە دەریان دەکردو دەیانوت بەر (زەیل) کەوت.

(٤٧٢)

دنیاکەی فانی کاروان سەرای ڕەنگ
نیوەی دڵ شادەو ئەو نیوەی دڵ تەنگ

ئاوێنەی دەوران دوو چشت دەنوێنێ
خەتە میزینێو کڵاو فڕێنێ

بە عەشایەریی دەعوا حەل دەکەن
شاگر شەق ئەخواو وەستا تێ دەخەن

لە خەمت دەرمەچۆو مەکەوە دەورە
دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە

لە کەری تۆپیو مەگەڕێ بۆ ناڵ
ڕۆژێکیش دەبێ تۆیش دەخەنە چاڵ

دەستەی خۆی دەوێ کە خاوەن دەستە
دەستە کەوتە دەست، دەستەی تر پەستە

ئەو کار بەدەستەی کە کار شوناسە
کردەوە ناسە خاتر نەناسە

ئەوی بە خاتر ئەمڕۆ دامەزرا
کە ئەرخەی گۆڕا پەتی ئەو پچڕا

ئەو پیاوەی پیاو بێ ئەو ئیشەی ناوێ
وەك ماین چەقەڵ هەر کەسە تاوێ(١)

ئەوی بە هیوای ڕەجاو بەرتیل بێ
ئەبێ گوێی دایم لە زیلەزیل بێ

یاوجوود ئێستا عەکسی ئەوەیە
ئەبینین دەوران بۆ یەك شەوەیە

دیارە ئەو باخە کە نایەتە بەر
(بریسی یاپار أوبری بۆزمر)(٢)

---

ژیان، ژمارە: (٤٧٢)ی ١٩٣٦/٣/٢١ز.

(١) پیرەمێرد دەڵێ مەبەستم لە ماینە چەقەڵ چەرخو فەلەکی منداڵانە کە دای ئەنێنو یەکی تاوێك سواری ئەبێ.

(٢) مەشهوورە تورك وتویە:

قجە منداڵی بۆ نایەتەبەر

بریسی یاپار أو بری بۆزمر.

(٤٧٣)

بە حوشتریان گوت حوشتر کورت بوو
وتی لە ئەستۆی من بار لا نەچوو

بە زەیلداریان گوت چی بوو ئەم کەتنە
وتی مەرگ لەگەڵ ئاوەڵان جەژنە

زیلەی زەیل کەم بوو بۆ دڵە لەرزە
لە باران ڕام کرد کەوتمە بەر تەرزە

داخی تەشوێکەم ناخۆم کە دەیبەن
بۆ ئەوە دەگریم دەمەسۆی دەکەن

توخوا بزانن تەشوێکەی قەپتان
دەست کێ دەکەوێ؟ ئەڵبەت دەست نەزان

هەندێ مەعاشی تەقاوتییان
زۆریشە، لێیان بوو بە ماخولان

هەوڵی وەظیفە ئەدەن تێر ناخۆن
تا دیسانەوە دەبنە کەوا کۆن

زەیستان لەسەر کاسە سوێند ئەخوا
کە چلەیشی چوو عوزری تر ناشوا

خاکی شارەزوور پەستەو بێ هەوا
بازیان پڕە لە هەراو داوا

کاسبیش چونکو دەعیەی تیا نیە(١)
هیچ مەئموورێکی پێ ڕەزا نیە

هەی داد هەی بێ داد، دەوڵەمەنەکان!
بۆ پارەی میریی کەوتوونە مەیدان

ڕێی خۆ چەسپاندن ئەدۆزنەوە
جێی فەقیرەکان ئەقۆزنەوە

بە (مندیل) کلکی گوێرەکە ئەگرن
ڕێی شیاکەی لە هەژار دەبڕن

(١) هەزار ڕەحمەتت لێ بێ (پیرەمێرد) وەرە ئێستا بڕوانە حاڵی مەئموورو بزانە چی بەسەر هاتووە وچۆن پەشیمانە لەوەی کە پشتی کردە کاسبیو خووی دایە وەزیفە.

(٤٧٤)

بوارە ڕەش‌و سپی دەردەخا
ڕێکەوتە نادان جار جار سەردەخا

شانس سپیاوێکە بە عارەق دەڕوا
عەیبی ئەخلاقی ناپۆشێ کەوا

ئەگەر بە عیلم‌و عەمەل پەسەند بێ
لەوە چاکترە کە دەوڵەمەند بێ

پارە چڵکێکە لە بەری دەستا
بە مست قوچاندن لە دەستا وەستا

پارە بۆ خێوی زینەت‌و فەڕە
ئاخ بۆ میرات خۆر میقرۆبی شەڕە

عیلم بۆ قەومێ ڕێگا دەنوێنێ
عالمیش ناوی چاکەی دەمێنێ

دۆست چاکەی دۆستی لێک ئەداتەوە
دوژمن لەگەڵ دۆست ناشت ئەکاتەوە

ئەوە دۆست نیە بە هیوای پۆست بێ
نەیەوێ دۆستی لەگەڵ کەس دۆست بێ

بڵێن: قەڵەم زەن کەوتوتە بەر زەیل
قەڵەمچی بۆچی کەوتوونە واوەیل

کردمان قەڵەمچی بە تووتن دەم تاڵ
(وەی من وەی منی) چییەتی بەقاڵ

دیارە لە ئێمەش بووە بە کردەوە
لە عیسایان دا موسا بوردەوە

کەس ناڵێ قەصاب گۆشتت بە چەندە
جامباز بانگ ئەکا وەرە (خەر) بەندە

یاخوا هەر بژی دائیرەی ئەشغاڵ
بەکرێ کاریی دەمکوت بوون کەم حاڵ

(٤٧٥)

ئەڵێن: باخەڵت پڕ بێ لە پارە
خزمو بێگانەت لە دەورەو دیارە

من ئەڵێم دۆستێ کە بۆ پارە بێ
ئەبێ چاو برسیو گەدا چارە بێ

ئەگینە دیارە پیاوی دەوڵەمەند
پارەی خۆی بە کەس نادا بێ گۆبەند

دۆست ئەو دۆستەیە بۆ کردەوەی چاك
خۆشەویستت بێ بە دڵێکی پاك

دۆستی چاك چاکەو بەرچاو تێرییە
بۆ ئەمری ویجدان گوێ ڕادێرییە

بارانی نیسان دانەی گەوهەرە
فەیضی بۆ بەدبەخت هەر کەوای تەڕە

ئیتر وا ئیشغاڵ کەوتەوە سەر کار
خریدو فرۆخت کەوتە ناو بازاڕ

یاخوا ماکینەی ڕێو بان نەوەستێ
ڕێی گوزەرانی هەزار نەبەستێ

زۆر چەتوون دەڵێن نان وا لە خاکا
بە کرێ کاری (چەتە) چت ناکا[1]

ئەمجارە پەکمان کەوت لەبەر باران
هەفتەی ئایندە دەچینە سەیران

[1] وەك لە دەستنووسەکەدایە، دەبێ پیرەمێرد مەبەستی لەوە بێ کە چەتەو ڕێگر بە کرێکاری نازینو هیچ بە هیچ ناکەن، یان ئەگەر کرێکاریی هەبوو ئیتر چەتە هیچ ناکات هەرچەندە لای کاکەی فەللاح نووسراوە (بە کرێکاری چەوت چت ناکا).

(٤٧٦)

وا دەڵێن: ئادار ناڕوا بەبێ دۆ
دوای ئەو نیسانیش ناڕوا بەبێ جۆ

بارانی نیسان جۆی خستە دواوە
با ڕەحمەتیش بێ تامی نەماوە

پاشکەوتنی جۆ بە کەم مەزمێرە
خواردنی چوارپێو دووپێیە لێرە

دوو پێ بە چوار پێ ئەڵێ ڕووبەڕوو
نوخشە بێ لە تۆش نوخشەمان دەرچوو

باران سێپەڕەی گەیاندە خایە
نانی چوارپێکان وا لە ڕۆنایە

چوار پێ لە دوو پێی بەدخوو چاکترە
بە (جۆ) هەڵ دەکاو دڵی پاکترە

ستەمگەر کە مرد خاك نایگرێتە خۆ
بە دڵ خوا شوکر، بە دەم ئاغا ڕۆ

وا شەمەندەفەر بوو بە هی خۆمان
تا وەفد زۆر بێ قازانجە بۆمان

توججـــار هـــەموو چـــوون شـــێخان لـــە تەکـــدا
ئـــەڵێن: (هـــەم چـــونین بـــڕۆ تـــا بەغـــدا)

نـــــاوی وەفـــــدمان هێنـــــدە لا خۆشـــــە
هـــەر بڵـــێن: وەفـــدە، زۆر کـــەس بـــە جۆشـــە

ئەگینـــــە هـــــەمزە لـــــە هەباســـــی چـــــی
چرچـــــە قـــــەڵایی لـــــە مۆریاســـــی چـــــی

زۆر لـــــە بـــــارانی نیســـــان ڕادەکـــــا
بـــە دەنگـــی بۆمبـــا خـــەڵك ســـەما دەکـــا!*

---

(*) ژیان، ژمارە: (٤٧٦)ی ٢٥/٤/١٩٣٦ز.

(٤٧٧)

ئـەو پیـاوە گـەورەی خـۆی بـە کـەم ئـەگرێ
لـە ئەنـدازەی خـۆی زۆرتـر سـەرئەخرێ

ئـەوی خـۆی لـە ژوور خـەڵکی دەنـواڕێ
بـا پایەیشـی بـێ دەی هێننـە خـوارێ

لـەش و عـەقڵ و دڵ ئـەم سـیانە سـاغ بـێ
صـاحێبیان دەبـێ هـەر بـە دەمـاغ بـێ

لەگـەڵ خۆهـەڵکێش خـۆش بـاوەڕ مەبـە
ئـاڵتوون بـە مەحـەك پیـاو بـە تەجرەبـە

گـوێی ڕاسـتت سـووك بـێ بـۆ چـاکە بیسـتن
گـوێی چـەپت کـەڕ بـێ لـە فیـت هەڵبەسـتن

قصـەی چـاك زەحمـەت نەگاتـە جێـی خـۆی
واتـەی بـەد زۆر کـەس پۆستەچیـیـە بـۆی

ئـاگری دزان شـەوێ دەگـڕێ
چـەقۆی بـێ پـۆڵا دوو ڕۆژ دەبـڕێ

دەوران دەورانـە دەبدەبـەی شـایی
ڕەواجـی نـەما بێچـووو سـێ شـایی

كـــوا گرمـــەی تـــەپڵی بـــەگزادەی جافـــان؟
كـــوا بـــەزم و ڕەزمـــی مێوڵـــیو تافـــان؟

ئێســـتاكە بـــاوی قەشـــەو مالوومـــە
سـوێند هـەر بـە سـەری (ئـەورام شـالوومە)*

(*) ژیان، ژمارە: (٤٧٧)ی ١٩٣٦/٥/٢ز.

(٤٧٨)

وا گەرما داهات پاقلە پەیدا بوو
سەودایی مەشرەب شێتو شەیدا بوو

جاران ڕێ ڕاوی زەڵم لە ناوا بوو
ئێستا میری سوور ڕێگەی ئاوا بوو

پەندی پێشینان ئەکەوتە بەر دڵ
ئێستا لە زۆر کەس بووە بە چەقڵ

هەرچی لە خۆیان چشتێ شک بەرێ
هەوڵی ئەوەیە (ژیان) بدڕێ(١)

تێ گەیشتنمان ئەمجار تەواوە
کەر لە کوێو کوندە لە کوێ دڕاوە

سم سمی (هەرە) چنگ چنگی ناسێ
لەم کوردو هەوڵە سەرم ئەماسێ

ئەگەر تۆ پیاوی لێکی دەرەوە
کردەی بەد لە خۆت، خۆت دوور خەرەوە

---

ژیان، ژمارە: (٤٧٨)ی ٩/٥/١٩٣٦ز.

(١) مەبەست لە ڕۆژنامەی ژیانە.

ئەگینە دەمی خەڵك کیسە نیە
ئەیبینیو ئەیڵێ گوناهی چیە

ئەو شێعرە خۆشە لای من زگ تێر کا
چێشتی نایابی خواردنم فێر کا

کە (بامیە)ی تازەو (تەماتە) دەرچوو
با بڵێن: ڕۆستەم مێ بوو یا نێر بوو

(٤٧٩)

ئەم ساڵ ئەمەندە هەور ئەگرمێنێ
تریشقەی دڵمان ڕادەچەنێنێ

ڤینی بێدادی لە هەورامانە
هەورامان لووتی لە ئاسمانە

بە تەرزەو لافاو لووتی نانەوێ
قەزای ئەم دیوی لەو دیوەی کەوێ

هەورە تریشقە با کێو بسمێ
گشتی ئاسانە هەر (سان) نەجمێ

با دنیا لێمان نەبێزرێتەوە
خۆڵمان بەسەردا نەبێژرێتەوە

مارانگەز هەموو شوێنێ دەپرسێ
لە خشەی مارو مێروو دەترسێ

لە تەقەو ڕەقە دڵم زۆر تەنگە
خودا نەکەرۆ بوواچان جەنگە

خزمەتی وڵات هەر بە عیلم ئەکرێ
بە چرای خوێندن پێ دەردەکرێ

بار ئارد بەرەكی بۆیە لە پاشی
هەركەسێ بەلای خۆیا داتاشی

ئەویان بە ماڵی ئەویتر خەرە
قاپی مەحكەمە بۆیە وا پڕە

تا حەول و قووەت لەسەر ڕەجا بێ
ماڵی بێ ماڵان نابێ ئاوا بێ

هەندێ ڕەجاكار سەیری زۆر خۆشە
پێی ئەڵێی نێرە ئەڵێ بیدۆشە

هێندێكیش بە هیچ تەریق نابنەوە
بە دووی ڕێویدا ئەچنە كونەوە*

(*) ژیان، ژمارە، (٤٧٩)ی ١٩٣٦/٥/١٦ز.

(٤٨١)

ڕامەکە لە دوای کاری پڕوپووچ
هەڵ ئەخلیسکێی لە پڕ لینگەو قووچ

ئەوی بە چاکەی خۆی خۆشیان ئەوێ
دەست گیری زۆرە ئەگەر پێش کەوێ

کە بە وەظیفە دڵ بڕەنجێنێ
دڵی ناسرەوێ ئەگەر بیشمێنێ

هیچ پایەداری پایەدار نییە
هیچ سەرمەستێکیش بێ خومار نییە

بیانووت پێ بگرن خۆت لادە لەوێ
لە سەرخۆش گەڕێ ئەو خۆی دەکەوێ

کە نەنگەویستیت بوو لەگەڵ بەدکار
دوعای بۆ بکە زوو بچێتە سەر کار

دوعای پیرێژن ئاخر خێرییە
خۆش گوزەرانی بە زك تێرییە

هەندێکیش هەیە لەگەڵ تێری خوارد
دەوری برسییەتی ناکەوێتە یاد

گەورەت کە کردی بڵێ من یارم
(لەکت) دی بڵێ من ورمزیارم(١)

ورج سەر پردی گرت بانگی کە خاڵە
ڕەنج لەگەڵ گورگا مەدە بە تاڵە

لە شێر مەترسە ئەو ناتشکێنێ
چەقەڵ خراپە لێت ڕادەمێنێ*

(١) لەك: عەشیرەتێکی کوردی رەسەنن.

(*) ژیان، ژمارە: (٤٨١)ی ١٩٣٦/٥/٣٠ز.



(٤٨٣)

ئەڵێن: هەر چڵ شەو ئەژی درۆیە
کوا لە ماڵی هەر شینو ڕۆڕۆیە

کوشتەی عارەقمان، وا لە پێش چاوە
ئێواران هیچمان لە بیر نەماوە

ئینسان لە نیسیان دروست کراوە
چاوی بە پەردەی غەفڵەت پۆشراوە

تا ساتمە نەکا چاو هەڵ نابڕێ
نەکەوێتە چاڵ پەلو پۆی ئەبڕێ

بەدکار لە چاکە خراپەی چی دی؟
ئاواتی بەدی خۆی دێنێتە دی!

ئەزانی خوا بۆ چ بەد ئەژێنێ
ئەگەر بەد نەبێ بەدکار ناوێنێ

تا نەمانبەنە گردەکەی سەیوان
چاکەو خراپە نایێتە مەیدان

فورمەی وەزیفە کە بوو بە کفن
دەستو پێ لە پیاو ئەبێ بە دوژمن

کە مەڕ نەموو کە چاو زەق کاتەوە
ئاغایی لە بیر پیاو ئەباتەوە

ئەمانە ویزەی بەر گوێی بێ عارە
کەس ناڵێ مردن هەیە لەم شارە*

(*) ژیان، ژمارە: (٤٨٢)ی ١٩٣٦/٦/١٣ز.

(٤٨٤)

موقتەضای خولقە کێچ پیاو ئەگەزێ
ئەو دڵە کەوا نەلەرزێ

ئەگەر بمێنین کای تازە دەرچوو
کاتێك ئەزانی کە کێچیش گوم بوو

ئەگەر بە دادی ئێزەد بڕوا کەی
وا چاکە کارت حەواڵەی خوا کەی

خوا ڕەگی بەدکار لە بن دەردێنێ
تۆڵەی کارژۆڵەی بێ شاخ ئەسێنێ

هەندێ بە گاڵتە ئەڵێن بڕوانە
هەرچی مزگەوتە هەمووی وێرانە

ڕاست ئەکەن ماڵی خوا بەرەڵڵایە
زۆر لێی ناپرسێ کە (حق اللّە)یە

بەڵام بە دادە بۆ (حق الناس)ێ
قورگی بەد ئەگرێ هەتا ئەتاسێ

کە تۆ لەگەڵ خەڵك بە بوغزو کین بی
نابێ لە مەکری خوا ئەمین بی

سەرم لە کاری خودا سوڕماوە
بۆ چ پیاوی چاکی خستۆتە لاوە

دەوران دەورانەو ئێمە بێ صەبرین
نابینین پێچەکەی زۆر تابووت ئەگرین(١)

پێستی حوشتری صالح ئەگوروین
کورتانی کەری جەجاڵ ئەدوروین

بایەزید فەرمووی وشکیانو تەڕیان
(کلی، غەرقش کن هەم درمیان)(٢)

زیان، ژمارە: (٤٨٤)ی ١٩٣٦/٦/٢٠ز.

(١) نەگرین (لای پیرەمێرد) نەسرین (لای کاکەی فەللاح).

(٢) واتە: هەموویان نوقوم کە، جش با ئێمەش لە ناویانا بین.

(٤٨٥)

هیچ کەس نازانێ کە ئەم دنیایە
چەند هەمەچیزەی ڕەنگ ڕەنگی تیایە

یەکێ هەر لە شوێن پارە عەودالە
لە مسکێن بووە بە زەردەوالە

وەك هەنگ لەمو لەو هەنگوین ئەگرێ
کە پێیەوەدا کەچی خۆی ئەمرێ

کەم پارەدارم دیوە تێر بخوا
بۆی دێتە بەرهەم لە پڕ خۆی دەڕوا

پارەی میراتیش میقرۆبی شەڕە
برای میراتخۆر دەست بە خەنجەرە

وەرە بنواڕە دەعوای مەحکەمە(١)
زۆری میراتە دەعوای تر کەمە

هەندێکی تریش کەوا بێ پارەن
هیچ قەدریان نیە لەگەڵ ناوارەن

ژیان، ژمارە: (٤٨٥)ی ٢٧/٦/١٩٣٦ز.

(١) ئەم نیوە دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا دووبارە بووەتەوەو نیوە دێڕی دووەمیشی تێدا نیە.

هەر بەداخەوەن ئەڵێن ئاخ پارە[٢]
دنیا بۆ پارە لە گەڵتا یارە

دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە
ئەم گشت عالەمەی ئەڕوا لە دواوە

هێندێ کەوتوونە دەریای سیاسەت
بە قینەبەری بوونە سیاسەت

قینیان لەوەیە ئەم داهیانە
زادەیش نین سەریان لە ئاسمانە

کردەوەت پاش بێ چاکی‌و بەڕێ‌و جێی
کە خودا دای هیچ کەس ناڵێ کوڕی کێی

هەندێ خوا بۆ شەڕ هێناونیە دنیا
وەزەندی خەڵکیان ئەوێ بە تەنیا

کەرە جەلاد بوو دەیوت دەقچێنم
بە لینگە فرتێ نەشئەی خۆم دێنم

[٢] پارە (لای پیرەمێرد) پارەن (لای کاکەی فەللاح).

(٤٨٦)

دیسان خومخانەی یەهوودی شێوا(١)
درۆی باڵداری لێ کەوتە هەوا

دەوەن بە ئاشەو دووبەرەکییە(٢)
پیر، لێی تەریکەو تیا دەرەکییە

یەکێ بە گوورزی لەندەهور ئەخورێ
نانو دۆی تیرەی شێرزادی دەبڕێ

ئەویتر دەڵێ: لەندەهوور کێیە
شێرزادی نامەی فەتحیان پێیە

شەڕی عەنتەرو ڕۆستەمی دەستان
لە ناو ئێمەدا بوو بە داستان

یەکێکیش دەڵێ لای خوداو بەندە
سوورەتی (یاسین) گەلێ پەسەندە

---

ژیان، ژمارە: (٤٨٦)ی ١٩٣٦/٧/٤ز.

(١) لای پیرەمێرد (یەهوودی) لای کاکەی فەللاح (جوولەکە).

(٢) لای پیرەمێرد (دووبەرەکیە) لای کاکەی فەللاح (دەرەبەگیە).

خــۆ ئەگــەر (یاســین) (طــە)ی لــە دوا بــێ
کــە خوێنــدت ئــەبێ کــارت ڕەوا بــێ

کــابرای خۆمــان ســەر مەلامانــە
بــەو حــەل ئــەکرێ ئــەم ڕازی نیهانــە

ئــەڵێ: بــە هیــوا کــەس لێــت ناپرســێ
دەنگــی تــۆپ نــەبێ هــیچ کــەس ناترســێ

حــاجی (ئــەمین)یش ماچــۆ بواچــە
نوێــژی جەعفــەری و تشــریبی پاچــە

منــیش ئیمــانم بــەوە مەتینــە
عــالی بــەکار دائــیم ئەمینــە

وتیــان مــەلا هــات وتــی بــە تــۆ چــی
وتیــان تێپــەڕی! وتــی بــە مــن چــی

پــارەی دەوڵەمەنــد لــە قاســە دەنــوێ
فــەقیر لێــی ئــەدوێ تــا چــەنەی ئەســوێ

وا دەزانــن ئــەو یــا ئــەم بێنــە نــاو
ئــیتر بــۆ ئێمــە تــیر پــڕە لــە چــاو

(٤٨٨)

عادەتی دنیا بە سات ئەگۆڕێ
زۆر دەوڵەت هەیە لە پڕ ئەدۆڕێ

هاونشینی بەد زوو تەئسیر ئەکا
زۆر دۆستی گیانی لێ دلگیر ئەکا

چەند قەزای دیزە کەوتووە لە گۆزە
ڕەش هەر ڕەشە لای ئەهلی ئەم کۆزە

کە قەلەڕەشمان ڕێ نیشاندەر بێ
ئەبێ گەورەمان هەر دەربەدەر بێ(١)

ئەمە دوو جارە ئەکەوینە چاڵ
زەرەر دەبینین بە ماڵو بە حاڵ

هێشتا پیاوی چاك لێك ناکەینەوە
گەرەو لە پیاوی بەد نابەینەوە

---

ژیان، ژمارە: (٤٨٨)ی ١٩٣٦/٧/١٨ز.

(١) صاڵح زەکی بەگ موتەسەڕیفی سلێمانی بووەو گوازراوەتەوە بۆ پارێزگای دیالی، پیرەمێرد ئەم پەندەی بۆ ئەو نووسیوە.

تا ئیمرۆ پیاوی خۆمان ناناسین
بە گوریسی بەد ئەبێ بتاسین

هەندێکمان هەیە دورِ دەقەڵێشن
کەچی بە تەفرەی بەد دڵ بەئێشن

هەی لە رِێی خودا کە دێینە قسە
ئەرەستۆ لامان هیچەو ناکەسە

کەچی بە (بلۆف) ئەمان ترسێنن
لغاومان دەکەن دەمانرِەتێنن

نازانین چاكو خراپمان کێیە
بۆ گردی سەیوان ئەچێ ئەم رِێیە

(٤٨٩)

ئەووەڵ پەردە بوو لە سینەمای چەرخ
بزانین چۆنە! ئینجا بازی بەرخ

کەس بە بازی چەرخ پشتی نەبەستێ
هەرچی کەچڕەو بێ ئاخری دەوەستێ

ڕێی ڕاست ئەمینە ئەگەر پیا بڕۆی(١)
لەلای هەموو کەس بێگانە نیت خۆی

دوو بەرد پێکادەن یەکێ شکا بێ
ئەوی تریشیان بێ زەدە نابێ(٢)

ئەوی لە دوژمن تۆڵە دەستێنێ
ئەو ئینتیقامەیش بۆ ئەو نامێنێ

ئەوانەی دوێنێ کە لە ڕوو دۆست بوون
وا ئەمڕۆ دەرکەوت بە تەمای پۆست بوون

کە دۆستت ڕۆیی و تۆ بێ وەفا بووی
دیارە لە ڕێزەی پیاوەتی دەرچووی

---

ژیان، ژمارە: (٤٨٩)ی ١٩٣٦/٧/٢٥ز.

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (ڕێی ڕاست ئەمەیە).

(٢) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (پێی زەدە نابێ).

هەندێ وەفایان بۆ دوایان نیە
ئێوە هیواتان بەوانە چیە

چەند خۆشە پیاوێ ناوچاوان دەرخا
بە پیاوەتی خۆی قسەی خۆی سەرخا

چەند خۆشە دۆستێت ناوچاوان پاك بێ
لە بەرەو ڕوویی درۆ بێ باك بێ

ڕوو لە پاکییە بە خێر ئەم ناوە
گامان گرووە کلکەکەی ماوە

(٤٩٠)

دەمێکە قەترەی حەیا تکاوە
بۆیە وا زوبان تەڕو پاراوە

وای ئەفەندەمو کۆمەڵی یاران!
ئەڵێی نە بایان دیوەو نە باران

زۆر پیاو وەك درەخت موتربە دەگرێ
هەرمێیەو جار جار ترۆزی دەگرێ

لەم هاوینەدا کوڵارە زۆرە
بۆیە لەگەڵ ژن هەر ئاڵو گۆڕە

ڕاست ئەکەن ئێرە ڕەشەبای زۆرە
لەگەڵ فیشاڵدا کەوتۆتە نۆرە

تازە وەستا حەمەد شەو ڕوو دۆز ئەکا
بەر دوکانەکەی تەپو تۆز ئەکا

حوکمی ڕاپۆرتی ڕەشۆڵ نەماوە
قەتارو فۆڕیات شان بە شان باوە

جارێ با بزانین ساڵ بەری دوورە
من لە مانەم چی شای من ئەنگوورە

مەجلیســـــی دەوری حەوزەکـــــەی خۆمـــــان
تـــــرێو کاڵـــــەك و شـــــووتیو ســـــێوی جـــــوان

ئەمانـــــە شـــــاهو وەزیـــــرو موشـــــیر
خـــــۆش گـــــوزەرانی پێویســـــتە بـــــۆ پـــــیر(١)

ژیان، ژمارە: (٤٩٠)ی (١)ی ئابی/١٩٢٦ز.

(١) ئامازەیـــە بـــۆ کۆبوونـــەوەکانی ئێـــوارانی گـــوێ حەوزەکـــەی قەڵەندەرخانەکـــەی پیرەمێـــرد کـــە وەك مامۆســـتا گۆران دەڵێ هەرچی پەیـدا دەکـرد پێشکەشـی میـوانی ئێوارانی لای خۆی دەکرد.

(٤٩١)

فیرعەون کەوتە نیل وتی لە ترسا
ئیمانم هێنا بە ڕەببی موسا

(ئەبو طالیب)یش بە تەعنەی ژنان
بە پێغەمبەری نەهێنا ئیمان

ئەویان بۆ ژیان ئەم عیززەتی نەفس
بێ عیززەتی نەفس کەس نابێ بە کەس

وەك کابرای کوردە شیریان نایە سەر
(نووحی) گوت بەڵام نەیگوت پێغەمبەر

لای هەندێ ماددەی نامووس بە تاڵە
لە موودارادا وەك پەشتەماڵە

لە قۆمیدیادا ئافتوری ماهیر
هیچ فاڵصۆیێکی لێ نابێ زاهیر(١)

هەندێکیش فوو بای زوو دەردەکەوێ
مایە پووچییان هەر بەردەکەوێ

---

ژیان، ژمارە: (٤٩١)ی ساڵی ١٩٣٦.

(١) فالصۆ: بە زێڕ یان گەوهەری ساختە دەوترێ.

نیسکی مۆریاس‌و هەرزنی ڕەنگاڵ
بێ بەرو پشتن بۆ کەس نابنە ماڵ

ئەوانە ڕاستیان چۆن دێتە سەر لێو
دەم بە پێکەنین دڵیان پڕ جنێو

لەگەڵ یەك زاهیر دۆستی دەنوێنن
خەریکن ملی یەکتر بشکێنن

هاکا لە ڕووی کار پەردە هەڵگیرا
تەناف باز قۆڵی لە قەڵبە گیرا

وەزیفەی گەورە زۆر پیاو گێژ ئەکا
پیری شاعیریش فرەبێژ ئەکا

(٤٩٢)

کە خوا سروشتی ئێمەی خستە ڕوو
(وخلقناکم اطوارا)ی فەرموو

هەندێکمان هەیە کە گۆشت نەخۆرە
گۆشتی بۆ ئەبێ بە زگەشۆرە

هەندێکیش بۆنی پیازی کرد هەڵدێ
هەندێ بە کشمیش دڵی تێک هەڵدێ

هەندێ لە لایان قەزوان ئەخۆن
هێند توڕە دەبن ئەڵێی خوێن ئەخۆن

هەندێ بە جیڕەی دان بێ هۆش ئەبن
هەندێ بە بۆنی خۆش نەخۆش ئەبن

هەندێ کە هەنگوین ئەخۆن قەبز ئەبن
هەندێ بە قۆخێک تووشی لەرز ئەبن

هەندێ لغاوی شەیتان کراوە
هیچی لە ماڵی خۆی پێ نەبڕاوە

هەندێکیش ئەیخواو ئەیبەشێتەوە
دوو چەندانەیشی زوو بۆ دێتەوە

چاو نابڕێتە مەسنەدو پارە
بۆ ئیشی فەقیر وەك خزمەتكارە

هەندێ وەك دووپشك چزوی پڕژاوە
طەبعەن مێملّی كەوتەو هەژارە

ئەیبینێ بەدكار كە چی بەسەر دێ
عیبرەت ناگرێو نایێتە سەر ڕێ

جوولەكە شەمووی هاتبوو بەسەردا
موسوڵمان ئاگری لە ڕیشی بەردا

گاور جگەرەی پێ دادەگیرساند
شیعەش بە كیردە كولە دەی ترساند

ڕەسمو ئایینی زەمانە وایە
لە ڕۆژی ڕەشدا كێ بەوەفایە؟

ئیكرامی فەقیر بە نانو دۆیە
لە هەموو شوێنێ كەوا بخۆیە(١)

ژیان، ژمارە: (٤٩٢)ی (١٥)ی ئابی ١٩٣٦ز.

(١) لە دەستنووسی پیرەمێردا نووسراوە (لە هەموو لایێ).

(٤٩٣)

هاوینە هەورەو گرمەی ڕشەبا
ئاخۆ مەرمزەی کێ شەرا ئەیبا

تۆوی سەرو دانە سەوزو پاراوە
بێ ناوی کنگ ناو بۆ بێکەس ماوە

هەرچی بە ئەرخە تەعین کراوە
لە ترسا دڵی وەك (بی) ناو ئاوە

مژدەیان بەنێ هیچیان بۆ نابێ
بزاریان دەبێ وەك پووش لە (کا) بێ

کاربەدەست ئەگەر بێ کارە دەرکا
ئەبێ لەگەڵ خەڵك خۆی تووشی شەڕ کا

ئەگەر هەر وایش بێو ئوممی کاتب بێ
ئیشی دەوانیر ئەبێ ڕاسیب بێ

ڕاست بۆ دەفتەردار ئەمەی ڕوو داوە
وای لە قوونێیەو وای لە دۆشاوە

---

کەوا بخۆ: مەبەست لەوەیە خەڵکی سەیری ڕواڵەت دەکەن، ئەم نیوە دێڕە چیرۆکێکی فۆلکلۆری لەسەرە.

لە ناو (سنە)دا ئەم پەندە باوە
پێژن ملیچک وا بە هەواوە

ئەفرێو ئەخنێو پێژێ بە هوو هوو
ئەوەی کە کریا وەك بەفری پار چوو

ژنی فرە مێرد بەر ناباتە بەر
بریسی یا پەر ئوبیری بۆزەر

تا ئیش بۆ خزمان بدۆزینەوە
ئەبێ لە هەوار بگوێزینەوە

خۆ نەگەر بۆ ئیشو پیاو بگەڕێن
بۆ کار ڕەوایی ئینجا لەسەر ڕێن*

(*) ژین، ژمارە: (٤٩٣)ی (٢٤)ی ئابی ١٩٣٦ز.

(٤٩٤)

باران کە ناوی ڕەحمەتی خوایە
بۆ کشت و کاڵمان ئەوە سەرمایە

زۆر جار هێلانەی بەدبەخت تێک ئەدا
لە شۆرە کاردا دڕک لێک ئەدا

خوا تەجللی خۆی بەم کوردە نواند
(لیلة القدر)ی بە ... یا دۆڕاند(١)

حەوتەوانەمان بۆ دێتە بەر ماڵ
ئێمە ئەیدەینە بەر گورزی بەرماڵ

خەڵکی بۆ یارمەت پشت ئەدەنە یەک
ئێمە بۆ تۆران پشت ئەکەینە یەک

نیشان بەو نیشان ئەمجارەی دەربەند
لای دۆست و دوژمن پشتمان لە یەک سەند

---

ژیان، ژمارە: (٤٩٤)ی ٢٩ی ئابی ١٩٣٦ز.

(١) ئەم بۆشاییە لە دەستنووسەکەو لە ڕۆژنامەکەو لە چاپەکەی کاکەی فەللاحیشدا هەروا چەند نوختەیەکی بۆ دانراوە.

کەس دەربەندی کەس نیە بۆ مردن
ئەو دەربەندەیە زاماری کردن

بەخیل سێ نەوعە لەم دنیایەدا
یەکێ نایەوێ خۆی بە کەس بدا

دووەم نایەوێ چاکەی کەس بۆ کەس
سێیەم دەربارەی خۆیشی فریادرەس

ئێمە لە دەستەی سێیەم بەخیلین
لە چاو شاراندا بۆیە زەلیلین

ئەڵێن: بۆ ڕێو بان ئەمەندە پارە
ئیسرافە دڵمان پێی بریندارە

هەرچی ئەیکوتم ئاسنی ساردە
ساتوخوا مەلا ئەمیشە ئاردە؟

(٤٩٥)

گەنـــەی پەیـــدا بـــوو ئـــەم بێـــرو کـــۆزە(١)
قـــەزای دیزەیـــە وا کـــەوت لـــە گـــۆزە

گوێرەکەیـــەکی لـــەڕ کەوتـــە پـــەموو
گاگـــەل بـــە زیـــان نـــاوبران هـــەموو

لافـــاو دارو بـــەرد تێـــک ئـــەڕوخێنێ
قـــەزا لـــە قـــەزا تۆڵـــە دەســـێنێ

مـــن ماســـیم نەهێشـــت لـــە نـــاوی زەڵمـــا
کەچـــی لەشـــی تـــەڕ بـــۆ خـــەڵکی تـــر مـــا

مـــن شـــەکرو ڕۆنم ئـــەکرد بـــە حـــەڵوا
کەچـــی بـــۆ خـــەڵکی ئـــەبوو بـــە لـــوا

پێـــنجو دوو ڕۆژە خـــەوی ڕاگـــوزەر
هەرکەســـە دەورەی خـــۆی دەباتـــە ســـەر

ژیان، ژمارە: (٤٨٥)ی ١٩ی ئەیلولی ١٩٣٦ز.

(١) گەنە لای (پیرەمێرد) گەلە، لای (کاکەی فەللاح).

بێر: مەبەست لە بێرەکردنی مەڕو بزنە. لای فەللاح بە (بییر) نووسراوە.

ئەی دنیای فانی کاروان سەرای ڕەنگ
نیمێ بە دڵ شاد نیمێ بە دڵ تەنگ

لایێ چڵ فەردەی شەکراو بەش ئەکا
لایێ تۆپەڵێ قوورەڕەش ئەکا

خوا هەر ئەو خوایە قەڵەندەرخانە
ئێستا چۆن بووە وەك (چروستانە)

کاڵەکم هەموو لە زۆور داتەپی
خۆم بۆ سەرچۆپی چوومە ناو قۆپی

خوا یار بێ هەموو دێنەوە کایە
صەبری پێ دەوێ ئەمە دنیایە

(٤٩٦)

پــــەپووی ســــلێمان مزگێنــــی هــــانی
کــــەوا ئاصــــەف دێ بــــۆ ســــلێمانی

لــــە هــــەموو لاوە خــــەڵك كۆبوونــــەوە
بــــۆ مەراســــیمی بەپیرچــــوونەوە

دار لــــە بــــاز جــــارێ كــــامی دێتــــە دی
خــــوا ڕەوای بینــــێ شابازیشــــمان دی

ئــــەم جــــارە قــــەدری ئــــەم شــــارەم زانــــی
هێنــــدە میــــوانی عــــەزیزی هــــانی

ئــــەم میوانانــــە دیارییــــان دیــــار بــــێ
ئەشــــێ ئــــەم شــــارە طــــالعی یــــار بــــێ

بــــەلام كــــە خۆمــــان داری بــــێ بــــەر بــــین
كــــەوا كۆلەكــــەی تــــاقی ظــــەفــــەر بــــین(١)

---

ژیان، ژمارە: (٤٩٦)ی ٢٦ی ئەیلولی ١٩٣٦ز.

پیرەمێـرد ئـەم پەنـدەی بـە بۆنـەی هـاتنی (یاسـین الهـاشمی) – ئەوكاتـە سـەرۆك وەزیرانی عێراق بوو – بۆ سلێمانی، بڵاوكردۆتەوە.

(١) كەوا (لای پیرەمێرد) گەورە (لای كاكەی فەللاح).

ئەڵێن دەشتی رەی جێی حەوت لەشکر بوو
تەختی سلێمان بەشەرەفتر بوو

ئەوێ جێی شەڕ بوو ئێرە جێی دەعوەت
ئەوێ جێی زەحمەت ئێرە جێی ڕەحمەت

سا چی بکەم بەختی من شۆرەزارە
بارانیشی بێ هەر خەسو خارە

وەزیری بەغدا یارەی پەسەند کرد
هات کانی دڕکەی سکانی هەڵگرت

ئێمەیش هەر کەسێ بەخت ڕێ کەوێ بۆی
ئەبێتە دزی گاو گوێرەکەی خۆی

هیچ کەسێ نەفعی عموومی ناوێ
بۆیە دەخنکێین بۆ کاسە ئاوێ

هەرچیش دەبینی دەڵێ: زەعیمم
لەم ناوە هەر من هەتیوم

(٤٩٧)

ئەو سەرکردەیەی بە ڕاست ئینسانە
بەندو زنجیر لای ڕوتبەو نیشانە

بەلام نەك قەومی توش کاو خۆی ڕاکا
وابێ ئیتر کەس بڕوای پێ نەکا!!

ئاخ ئەمە ڕەنجی داوین بە بادا
لەشکری نادان پشتمان بەر نادا

تا عەقڵ کاری لێك ئەداتەوە
جەسوور گەرەوی خۆی ئەباتەوە

تەماع وەك ئاوی شۆری دەریایە
هەر ئەیخۆیتەوەو تەسەللات نایە

ئەوی قانیعە بە وشكو بە تەڕ
ناوی نراوە شاهی بەحرو بەڕ

هەرچی ڕاست ئەڕوا لە تەوەککولدا
خەمو خەفەتی نایێ بە دڵدا

خوا ڕێ لە بەندەی بەدکار بگۆڕێ
نایێتە سەر ڕێ تا لێوی گۆڕێ

هیوامـــــان وایــــە دەســــتەی خوێنـــــدەوار
بۆمـــــان پـــێ بگـــەن بكەونـــە ڕووی كـــار

بـــا وجـــود ئەگـــەر مەكتـــەبمان وابـــێ
خـــەرمانی هیـــوا ئـــەبێ هـــەر كـــا بـــێ*

(*) ژیان، ژمارە: (٤٩٧)ی ٣ی تشرینی یەكەمی ١٩٣٦ز.

(٤٩٨)

زستان شەوارە بوو بە چرای نەوت
زۆر کەس بە هاوین بە شەوارە کەوت

بە چرای گەرچەك یەکتر نابینین
بۆیە وەك چرای گەرچەك بێ تینین

شەوقی کەهرەبا هاتە کایەوە
جۆم بۆ لە کادا نەشارایەوە

یەکێ لە (کفری) لە رێ (کفر)ی کرد
خەڵق بە خیرەومەند ناویان ئەبرد

یەکێ خێر ئەکا بۆ ڕێی خانەقا
کەچی بێ ئینصاف کافری دەکا

شێخی بایەزید ناحەقی نەبوو
فەرمووی وشك و تەڕ با بسووتێ هەموو(١)

قەضاو ناحیەو مەکتەبەکەمان
هەموو شاغیرن ناکرێتە خەرمان

---

ژیان، ژمارە: (٤٩٨)ی ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ز.

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (فەرمووی با بسووتێ وشك و تەڕ هەموو).

دونیام لە بامیەو بریانی پڕ کرد
هێشتا (بسم اللهِ) بیسمیللای نەکرد

هەرچی باینجان خۆر بێ لە ژوورە
(بسم الله) وەرە تۆیش لێی ببورە

تاکەی ئەم چەرخە وا چەپ دەگەڕێ؟
تاکەی کەرە دێز بە جۆ دەزەڕێ؟

(٤٩٩)

ئەگەر دێکانی خاوەن بەخت نەبێ(١)
شاخی ئەزمڕی وا بۆ تەخت ئەبێ

کە عەدالەت بوو (قەوییان) ضعیفە
زۆر کەم بوو باوی جینسی لطیفە

هێشتا تێ ناگەین لە چاکی ژنان!
زەعیم خۆی خستە کراسی ئەوان

بە هاوار وتم ئاخ، هەورا! ئامان
مەیکەرە تاقگەی زەڵمی هەورامان

تەختی هەورامان بەختی هەڵپێکا
کۆی ئاتەشگایان بوو بە ئاتەشگا

گەردشی دەوران ئەم دیوەو دیوە
ئەم خاکە زۆر جار ئەم حاڵەی دیوە

من ئەمگوت (زەڵم) ماسی لێ بڕا
کەچی هێند زۆر بوو گونیەکەی دڕا

---

ژیان، ژمارە: (٤٩٩)ی ١٩٣٦/١٠/١٧ز.

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (بەخت بێ).

ئۆتۆمبیل چوو، بۆ قەڵادزە
دەچمە سندۆڵان بۆ ڕاوە بزە

منصوری هەللاج بە چەکەو کەوان
ئۆتۆموبیلی بردە سەر کێوان

پێشینان دەڵێن خوا، هەر ئەو خوایە
ئێستاکە بزن وا سواری گایە!

بەرازکوژ دووصەد فلس وەرئەگرێ
بۆ بەرازی شار بۆچ نرخ نابڕێ

لۆقەنتەچیمان خڕە لامبۆزە(٢)
بێ بسم الله یە، چێشتی پڕ تۆزە

---

(٢) خڕە لامبۆزە: کابرایەکی ئەرمەنی لۆقەنتەچی بوو لە سلێمانی واتە چێشت کەر بوو.

(٥٠٠)

به ئێستریان گوت: باوکی تۆ کێیه؟
وتی: ڕەسەنی دایکم پێیه!

چونکە دوو ڕەگەو تۆوی حەرامە
هێشتا جاشکی خۆی نەدی ناکامە

تانجی لە ڕاودا هونەر دەنوێنێ
نەتەوەی سەگەو گورگ ئەخنکێنێ

عابید مشکی کرد بە کچی سەرپشک
ئاخری نەوەستا بووەوە بە مشک

ئەڵێن: گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێ
بەڵام بێستانیش بژاری ئەوێ

بێستانەکەمان پڕ لە بژارە
بۆیە ماڵیات مافەتەدارە

بەرازی ناوشار شەرحی نەبوو بۆی
هەرچی دەبینێ ئەیباتە سەر خۆی

کەر کەرەی ڕادیۆ بواری نایە
بەش بە حاڵی خۆم بلوێر بۆ گایە

ڕەحمەت لەو کەسەی ئەسپێ ئەکوژێ
لە باخەڵتایەو خوێنت ئەمژێ

دەربارەی ناکەس پیاوەتی مەکە
بیبەیتە کەعبە دیسان (لەك) لە کە

هەندێکیش دەڵێن کە ئێمە نەبین
ئەهلی مەملەکەت ئەکەونە شین

نازانن خۆیان شەینیش‌و شینن
تەنها قازانجی خۆیان ئەبینن

ئەگەر خوا دەکا خوێندن دێتە کار
ئەوسا تەجرەبە دەگاتە بوار*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٠٠)، ١٩٣٦/١٠/٢٤ز.

(٥٠١)

پاییز ڕوو زەردی خەزانی هێنا
ڕەعدیش قامچی خۆی لە هەور داهێنا(١)

دەمێکە بەرگی هەتیو دڕاوە
ژوور لەبێ دەستان لای چەرخیش باوە

ئاسمان ساڵی چوار جار ئەگۆڕێ
بەختی کورد هەموو ڕۆژێ دەتۆرێ

خوا کێو ئەبینێ بەفری تێ دەکا
بەندەیش ماستاوی ساردی لێ دەکا

سروشتی ئەزەل وەك (باز)و (کەو)ە
لە جێیەك ڕۆژەو لە جێیەك شەوە

دوێنێ خەطیب مرد ئەمڕۆ شایە
بۆیە دەڵێن عەبد لەخۆی بایە

---

ژیان، ژمارە: (٥٠١)، ٣١/١٠/١٩٣٦ز.

(١) رعد: وشەیکی عەرەبییە بە مانا گرمەی هەور.

ئەگەر قابینە جار جار نەگۆڕێ(٢)
سەودای وەزیریی دەچێتە گۆڕێ

سەری بێ سەودا تۆپی فتبۆڵە
مالی بێ ئاهەنگ کەلاوەی چۆلە

بزەن بەر ڕەندان هەرچی بادا بادا!
بە بادە غەمی دڵ بدە بە باد

سیاسەتی ڕاست مەڕۆ مەڕۆیە(٣)
ترسنۆك بەشی هەر باوکەڕۆیە

شێر چۆن لە دەنگی دەهۆڵ نەترسێ؟
کە ژنی خۆی بێ کەس لێی نەپرسێ(٤)

کەری خۆمانیان کرد بە ڕەمووزن
بوو بە قالەی دەم گالەی درۆزن

---

(٢) قابینە: مەبەست لە دەستەی وەزیرانە.

(٣) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (هەرۆ مەرۆیە).

(٤) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووووسراوە (کەی لێی نەپرسێ).

شەریف پەڵاس بۆتەوقات لێیان(٥)
وەختە دەست بکەین بە تۆقات لێدان

(٥) پیرەمێرد مەبەستی لەوەیە کە شەریف پەڵاس خۆی لێ کردوون بە ئەوقات واتە پارێزەر.
بەڵام ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نووسراوە (بۆ ئەوقات لێدان).

(٥٠٣)

کەوتووینە دەورێ هەرچی بۆی بلوێ
دەستی چەوری خۆی بە خەڵکا ئەسوێ

وتی: فلانی وابووم بە کەباب!
خۆشکتیان دیوە چۆتە جێی خراپ

وتی: برادەر ئەمە بوختانە
وتی: منداڵی ئێمە دیوانە

مەلا وەعظی دا کە ڕووەو کابە
میزکردن کفرە هێچگار خراپە

کەچی خۆی ڕووەو قیبلە بە پێوە
میزی کرد چاویان لێ بوو لە دێوە!

وتیان وەعظی خۆت لە بیر نەماوە
وتی: من سەریم بۆ وەرگێڕاوە

عاشووراغا بوو لەگەڵ ئاسێخان
کە لەسەر تەختە هەڵیان ئەپەڕان

ئێستا ئەوانە بوون بە ڕۆح لەبەر
بەو هەڵپەڕکێیە کار ئەبەنە سەر

ڕۆحێكی گران لە كەسدا نییە
ڕۆح سووكیان ئەوێ ڕۆح قورس بۆچییە؟

وا خەفەتیان دی ئیتر هێجگاریی
زەمین نایمێنێ سوڵتەی بێداریی

ئەگەر نەمردین هەتا بەهار دێ
بۆ دەستەی ئێمە كورتان لە شار دێ

بەو كورتانەوە ئەچنە بەغدا
هەروا دێنەوە هەوسار بەرەڵدا*

---

(*) ژیان، ژمارە، (٥٠٢) ١٩٣٦/١١/٢١ز.

(٥٠٤)

پەڵە، وەك پەڵ دای لە سەرو گوێلاك(١)
دارو خەڵوزمان لێ بوو بە تریاك

باران ڕەحمەتەو خەڵك لێی ڕا دەکا
خۆ ڕۆژەوانیش بەرد بە با دەکا

مظلوم جوێن ئەداو گونای بارامە
ڕەمەزان بە جەنگەو سەفەر بەدنامە!

بە نەوتی قیرتاو سەوز ئەبێ شاوریی(٢)
خەتای بارانە کە زۆر دەباریی

خەڵك لە ماڵی خۆی ڕۆژوو ناگرێ
سۆفی گوناهی حکومەت ئەگرێ

بێ نەوایە شەڕی گوێ کوانوو
بادار نانی جۆی کردە بیانوو

---

ژیان، ژمارە: (٥٠٤)، ١٩٣٦/١١/٢٨ز.

(١) پەڵە: واتە بارانی پەڵە.

(٢) مەبەستی لە توتنی شاورە کە سەوزەو جوان دەبێ. بەڵام خەتای بارانە کە لێی دەداو دەیرزێنێ.

چەتە، کە کزبوو نوێژکەرەو چاکە
گورگ کەڵبەی نەشکێ چاوەڕێی لاکە

ڕەمەضان سێ تەونی لێ گرتووینە دار
حەوت ترنگیلیو خومارو قومار(٣)

ئەڵێن فلان بەگ خۆی بەڕۆژووە
دوای خۆی بڕوانێ کە کێی لە دووە

بە تەنها گوڵێ بەهارمان نایە
هەر مێزێ بگری کولێرەی تیایە

(٣) حەوت ترنگیلێ لای کاکەی فەللاح بە (حەوت ترنگیکێ) نووسراوە.

## (٥٠٥)

تۆ تەنها نانت لە (مئتان) بوێ(١)
لە (دون)ان، دوو نان سەندانی ئەوێ

بەخشین عیززەتەو داوا، داوی عار
دوایش داواکەی ببێ بە بیمار

هەر عیلمە داوای بکەی عەیب نییە
چاو بەرەو ژێریی لەززەتی چییە؟

کە چاو ببڕیتە دەستەندەی خەڵکی
نەکەویە ژێربار دیارە بێ کەڵکی

ئەوی دوژمنەو بە زمان دۆستە
(الخناس)یکە ئادەمی پۆستە

نزیک نادانی مەغروور مەکەوە
هەرکەسێ پیاو بێ ئەو ڤینی لەوە!

تا بەچاوی خۆت چشتێ نەبینی
راستی مەزانە، علم الیقینی

زیان، ژمارە: ٥٠٥، ١٩٣٦/١٢/٧ز.

(١) واتە: تۆ نانت لە یەزدان بوێ نەک لە پیاوی (دوون) دەنا لێت دەبێ بە سندان.

چونکە دەور دەوری درۆو بوختانە
ڕاستی گرانە، درۆ هەرزانە!

ئەوی لە خەڵکا بە عەیبی ئەگری
کە لە خۆتا دیت شاد مەبە، بگری

لە قسەی خەڵکا زوو هەڵ مەدەرێ
ڕەوایە ئەگەر بتکەنە دەرێ

هەڵگردت بێتە سەر نانێکی جۆ
زینهار لە ماڵی ڕژد، نانێ مەخۆ

هەزار دۆست بێ هێشتاکوو کەمە
تەنها دوژمنێ زۆر زۆر ستەمە(۲)

هەرچەند کە سەفەر سەنگی محەکە
ئەوی نایناسی هاوڕێی مەکە

کەمت لە زۆری خەڵکی چاکترە
گۆشتی چۆلەکە لە داڵ پاکترە

لە دڵی خۆیشتا، خۆت هەڵمەکێشە
لە خودپەسەندیی دۆست دڵ ڕیشە

---

(۲) ئەم نیوە دێڕە لای کاکەی فەللاح نووسراوە (تەنها دوژمنێ بێ زۆر ستەمە).

نادان سەد جاری هەڵگێڕێتەوە
دیسان هەر لەفزی خۆی ئەگرێتەوە

مێشەسەگانە کە سەگ مەگەسە
وەریشی گێڕی هەروا ناکەسە

بۆ (فرۆ)ش بزنی خەڵکی مەدۆشە
شیری تۆ بەرن چەند لات ناخۆشە

هەرچی چاکەی کرد، چاکەی دێتەڕێ
درەخت بنێژی دیارە بەر دەگرێ

(٥٠٦أ)

ئەگەر تۆ باوكی خۆتت خۆش ئەوێ
جوێن مەدە، نەوەك جوێنی بەركەوێ

كە ئێشی دەرزیت بێتەوە بەرچاو
سووژن بە خەڵكا ناكەی حەساو

مردوو كە شەیتان یەخەی بەرداوە
هەرچی جنێوی پێدا بەدناوە!

نوێژ بە قەزا بوو دەگێڕڕێتەوە(١)
صوحبەتی یاران، چوو، دەبڕێتەوە

ئەوی حەق ناسەو بە حەق ڕازییە
چ ئیحتیاجی بە شاو قازییە؟

زرێی زانینت كە كردە بەرت
تاجی ئەدەبیش بنێرە سەرت

ژیان، ژمارە: (٥٠٦)، ١٤/١٢/١٩٣٦ز.

(١) لای كاكەی فەللاح بەم شێوەیەیە (نوێژت بە قەزا بۆ دەگەڕێتەوە. سوحبەتی یاران جور، دەبڕێتەوە).

دڵ ئاوێنە بێ ڕووناك ئەنوێنێ
ئاگاداری بە ژەنگ هەڵئەهێنێ

لە ئاهو نزای مەزلووم بترسە
ئاهی چەندماڵی ڕووخاند، بپرسە

لەوە بترسە لە خوا ناترسێ!!
دەم مەنێرە دەم ئەبلەو ناکەسێ

بزانە گەوهەر چۆن بە بەرد ئەشکێ
مەرەکەبی ڕەش پیتا ئەلکێ

هەرچی بە ئاغاو بە پاشام فێرە
ئەوەندە خۆشە هەتاکوو تێرە

(٥٠٦ ب)

دە پەندەو یەکی دە دینار دێنێ
دیاری (ژیان)ە خەڵکی بیخوێنێ

لەگەڵ خودادا سەر ڕاست بێ چاکە
هیچ لەو گوم نابێ خراپەو چاکە

لەگەڵ خەڵکیدا ئینصاف بنوێنە
هەتا دەتوانی نەفست بشکێنە

بۆ هەژار دڵسۆز بۆ گەورە حورمەت
بۆ لە خۆت خوارتر لطفو شەفقەت

بۆ دۆست ڕابەر بە بۆ دوژمن بە حیلم
بە تەوازوع بە لەگەڵ ئەهلی عیلم

لەگەڵ جاهیلدا بێ دەنگو خامۆش
ئەم دە پەندەی من نەکەی فەرامۆش

کلیلی گەنجی پەند دیانەتە
دین نەبێ پەندت لەلا زەحمەتە*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٠٦) ١٤/١٢/١٩٣٦ز.

(٥٠٧)

شوهرەت ئافەتەو شوهرەت فەرەنگیی
زۆر بڵێ نەگبەت، عیززەت بێ دەنگیی

تێ هەڵچوو دائیم سەر لە بەڵایە
گۆشەگیر هەرگیز کێشی بەرنایە

سەرخۆش بە، بەڵام دەنگت دەرنەیە
دڵت گەرم بیو کزەت لێ نەیە

بەوە دڵخۆش بە کە لێت بپچڕن
نەك پارەت بەنێو مەردیت بکڕن

تا تاڵو سوێری دنیا نەچێژیی
هەر چیت هاتە دەم ئەوە ئەیێژیی

بە قاڵ کراوی کە هاتیە کایە
گوێزت لێ بارکەن خڕەت لێ نایە

ئەگەر ڕەفیقت کەوت دەستی بگرە
هەرچی بێ ئەویش ئەوەی لە فکرە

بەڵام بۆرە پیاو بە هیچ نازانێ
قەدری مەگرە، بە لەتە نانێ

هەندێ کەوتوونە سەودای مەبعووسی
زۆریان هەوڵدا خودا نەینووسی

ئەمجارە نۆرەی تازە قەڵدایە
بگرەو بەردەیە هەوڵو هەڵدایە

خەڵك وا دەزانن بەدەست ئێرەیە
هەر ئەو خەرمانەو هەر ئەو گێرەیە

گای بنە وەك گای ژێر زەمین بەندە
بە ئێمە نالێن: کەرت بە چەندە

باز هەڵدەن (مەبعووس) پێی بێتە کایە
بەڵام باز چاوی لە گۆشتی گایە*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٠٧)، ١٩٣٦/١٢/٢١ز.

(٥٠٨)

قەدری خۆت زیاد کە بە قەدرزانیی
خۆت نەبێ هیچ کەس بە سووك نەڕوانیی

وەك گلێنەی چاو عالەم دەبینێ
تەنها وجودی خۆی لا نانوێنێ

هەرچەند دەور دەوری خۆ هەڵکێشانە
خۆهەڵکێشان وەك سنگ هەڵکێشانە

لای هەندێ جنێو ئەدەبیاتە
هەندێ بە خەیار ئەڵێن: زەڵاتە

هەندی کە پیاو کەوت پێی ئەڵێن کەرە
هاتەوە ڕووی کار ئەڵێن جەوهەرە

قەترەی حەیایان لەلا تکاوە
ڕووبەڕوو شەرمیان لەلا نەماوە

ئەگەر ئەمانە وا نەبوونایە
بە چاکی بۆمان ئەهاتنە کایە

تۆ لەو کەسانە هەمیشە دوور بە
لە کونجی خۆتا، هەڵکەو ڕوو سوور بە

نەسیحەتێکیان کردووین زۆر چاکە
ئەڵێن خاکی بە، ئەسڵت لەخاکە

گەر بۆ کەڵکی خۆت گەورەییت بوێ
بڵێ: خانوێک، ئەکەم، بۆ شەوێ

گەورە ئەوەتە کە چاکەی عام بێ
نەک دەورو پشتی خۆی لێ بەکام بێ*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٠٨)، ١٩٣٧/١/٥ز.

(٥٠٩)

چەند خۆشە ئینسان خەیاڵ پەروەر بێ
بە خەیاڵ بەرگی شاهیی لەبەر بێ

هەرچی ئەیناسێ بیکا بە مەئموور
خزمانی شاد کا چ نزیک چ دوور

مادام خەیاڵە لە ڕەنج بەدەرە
خورمای بێ ناوک خۆ چەوەندەرە

ئەوی تۆ ئەمڕۆ ئەیبینی بە چاو
سبەینێ لەلات خەیاڵێکە خاو

وابزانە کە تۆیش مەبعووسێ بووی پار
خاوەن کەش و فش ئۆتۆمبیل سوار

خۆ ئێستا هەموو لێک ڕاست بووینەوە
تەنها تۆ دەنووی بە پشتێنەوە!

فەرزەکە ئەم جارەیش ئەچەسپێتەوە
بە هێلم پێوە ئەلکێتەوە!

نە مێوت هەیە بۆ کەس نە هەنگوین
مەگەر چزووی خۆت بکەی بە پەرژین

ئای جاران یاسین (صلی الله) هووی بوو
ئێستا نایخوێنن مەگەر بۆ مردوو

هەرچی حیکمەتی ئەمە بزانێ(١)
ئەبێ بە (ئاصف) بۆ سلێمانێ

تۆیش سلێمانییت های سلێمانی
یای نیسبەتت بوو بە یای نیسیانی

---

ژیان، ژمارە: (٥٠٩)، ١٩٣٧/١/١٢ز.

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (هەرچی کەس حوکمی ئەمە بزانێ، ئەبێ ئاصەف بێ بۆ سلێمانێ).

(٥١٠)

شێره بەفرینەیش وا توایەوە
بۆ ئوتوموبیل ڕێ کرایەوە

زۆر کەس بۆ بەفر چاویان ڕشتووە
زۆریش لە هیوا دەستیان ششتووە

کوێر تاکوو دەمرێ بە هیوای چاوە
لیستەی یانسیب زۆری نەماوە

دیم بووکیان هێنا بۆ ماڵی زاوا
لەسەر مارەیی بردیانە دواوە

ساڵێك مەبعووسێ ڕەئیی بۆ درا
کەچی یەکێکی تر داخڵ کرا

نسیبو قسمەت عیلمی غەیبییە
ئەسوەدو ئەحمەر چابووك دەستییە(١)

ئیمساڵ مەبعووسی ئێنجەی پەنهانە
عیلمی غەیب زانین لایق پەریانە

---

ژیان، ژمارە: (٥١٠)، ١٩٣٧/١/١٨ز.

(١) اسودو احمر: یاری بە کاغەز ئەکرێ، چابووك دەستیو چاو بەستیی تێدایە.

یەکێ شەماڵەی بۆ ئەگرێتەوە(٢)
یەکێ دانوولە ئەبەشێتەوە

بە زیندە خەوی پڕو پیرێژن
زۆر کەس بە سەیران بۆ بەغدا ئەچن

وتیان: تۆ بنوو، ببینە بە خەو
وتی: لە تاوان خەوم نییە شەو

خوا لە مەجنوونی پرسی سەوداسەر
عیبادەتی چیت هێنایە مەحشەر؟

وتی: هێند عەشقی لەیلام لەلا بوو
لەکوێ هۆشم لای خوای تەعالا بوو

لە ئادەمەوە تا ئەم زەمانە
ڕێگای خێرو شەڕ بەدەست ژنانە

کۆنە دەماخان هەروا نادانن
هیچ قەدری جنسی لەتیف نازانن

---

[٢] شەماڵە: شەوانی شەممە ژنان بۆ زانیاری دڵیان شەماڵەیان دەگرتەوە، واتە: ژنێ لە سێ ڕیانێکدا، دادەنیشت ڕێبوارەکان لەنێو خۆیاندا کە قسەیان دەکرد، چاك بوایە یان خراپ، ئافرەتەکە بە نیازی دڵی خۆی دادەنا.

(٥١٢)

ئەلفی مورادت فڕێدا، مەردی
شوێن موراد کەوتی، بۆ درەم مردی

ڕۆژوو نمازت کە بۆ نیاز بێ
وەك عاشقێکی کە پیشەی گاز بێ

نوێژی زۆر، پیشەی پیرێژنانە
ڕۆژویش ئەسڵەکەی بۆ ڕەمەزانە

سیاحەتی حەج سەیری جیهانە
ئەوی بەکار بێ بەخشینی نانە

کابە بناغەی برایمی خەلیلە
دڵ نەزەر گاهی ڕەببی جەلیلە

دڵ دەشکێنیو دەچی بۆ کابە
مەچۆ، مەظالیم لەسەر خۆت لابە

من زیارەتی کابەم کرد بەڵام
زیارەتی دڵ پێشترە لە لام

لە دەشتی مینا قوربانی دەکەی
بۆ گورگو چەقەڵ دیاری دەبەی

لێرەی سەربڕیو بیدەی بە برسی
دەبێت بە قەڵای ئایەتولکرسی

دەزانی کەوا دنیا فانییە
وای دەگری تاسەر زیندەگانییە

ئەگەر تۆ تاسەر هەر بژیایتایە
ئەشیا بۆ دوای تۆ جێگا نەمایە

وەك پێش تۆ جێگای خۆی داوە بە تۆ
تۆیش جێی خۆت بدە بە یەکێو بڕۆ

ئەگەر پێ داگریو بڵێی من ناڕۆم
تۆیش وەك یارۆکان دەهاونە بن گۆم

گا لەسەر پشتی ماسی دانرێ
تڕە کەڵەکێ دیارە سەر ناگرێ*

(*) ژیان، ژمارە: (٥١٢)، ١/٢/١٩٣٧ز.

(٥١٦)

گەرم تر لە تین، كەنارو بۆسە
ساردتر لە تەرزە دڵی مەئیووسە

زۆر دڵ مەدەرە مەسنەدی دنیا
تاسەر نەدراوە بە تۆ بە تەنیا

نەخوازەڵلا وا بە مەنسووبی بێ
شەرتی ئیستیحقاق نا مەحسووبی بێ

لەگەڵ قابینە پێویست بوو گۆڕڕا
هەروەك (ڕیدینكۆت) مەنسووب داكەنرا

ئەوسا هەناسەی سارد وەك ڕەشەبا
نامەی ئومێدت بە بادا ئەبا

خوا دایتێ ئەهلی عیلمت پێ بڵێن
بە چرای (گەرچەك) لە دووت ئەگەڕێن

ئەگەر كەم خۆری دایم خۆر ئەبی
(ئینتەلا) ناكەی خاوەن زۆر ئەبی

خۆ ئەگەر چاوت لە دمبەی چەور بێ
ڕۆژێ دێ سزات بە كلكە تەور بێ

بەهار هات دیسان دیجلە هەڵدەسێ
قەسری نزیک ئاو خەڵک لێی ئەترسێ

با وجود دیجلە زنجیر کراوە
ئەو هێزو گورەی بەرووی نەماوە

بەڵام تۆ نابێ لە ئاو ئەمین بی
تۆفان لە یادە، دەبێ تێبین بی

ئەمانە ئەڵێن: واتەی بێ هوودە
غەریزە خواستی خوا هەموو بێ سوودە

خوا بێ قەزای کا خوایش کردەی وایە
ئەوەی ئەو دەیکا بە عەقڵا نایە

تەلیسمی جامی چل کلیل دەرکەوت
کەر ئێسقانو سەگ کای کۆنەی بەرکەوت*

(*) ژیان، ژمارە: (٥١٦)، ١٩٣٧/٣/١ز.

(٥١٧)

خوا ڕەوای بینی وا کلک هەلگیرا
داپیرمان خنکاند لە بیری شیرا

مادام لەکەی کلک نەما لە ناوا
عەدالەتێکی شەرعیمان ماوە

شەرع هەموو کارمان بۆ دەبڕێتەوە
(کە مانیع هەڵسا مەمنوع دێتەوە)

ئێستا هەر کەسێ بچێتەوە جێی خۆی
لجنەی انضباط حوکم بدا بۆی

مەلای مەزبوورە کە چووبووە ناو گۆڕ
گۆڕەو شاریدا میسلی ئێسری تۆڕ

پرسیان چۆنە ئەوەو دنیایە
وتی: ئاخ ئەوێش فەتارچی تیایە

بەخوا ئەگەر تۆ عالو سال ئەبی
لە هەردوو دنیا بێ سوئال ئەبی

بەڵام دنبەی چەور بێ بەڵا نییە
شوێن چەتە کەوتن بۆ تاڵانییە

تەماتە ماسی بگری‌و تەڕ نەبی
قوماربازیش بی‌و ئاخر شەڕ نەبی

شتر مرغ ئەڵێن وەرە هەڵفڕە
ئەڵێ: نابینی ملم وشترە!

ئەڵێن بار بەرە ئەڵێ: باڵدارم
تەنها بۆ خواردن ئازاو بەکارم*

---

(*) ژیان، ژمارە: (٥١٧) ١٩٣٧/٢/٨ز.

(٥٢٠)

بووکە بارانێ کەوتە کۆڵانان
خۆی کردووە بە بووک تنۆکی باران

دەغڵو دان مل کەچ، عەللاف بە دەماخ
هەژار وشکەڕۆ، دەوڵەمەند چالاخ

سەیرانگا جێگای نوێژی بارانە
جۆشی گریانو فرمێسک بارانە

خەتیب فەرموویە کە دین نەماوە
غەزەبی خوامان وا لێ گیراوە

هەڵپەرکێو سەیران کە کەوتە شارێ
لە باتی ڕەحمەت غەزەب دەبارێ

سەیرانکەر منمو واعیزیش ئەوە
لێک ناکرێتەوە ئەم ڕۆژو شەوە

بۆ چ تەنها ئێمە بێ باران ماوین
کەوا فەرمانی کفریان داوین

یا ڕزقی نوممەت هەر بە بارانە
کەوابێ تەنها باران خوامانە

کەس ئەو بێ، کەسە کە لە بێ کەسە(1)
نەهری هەڵقوڵاند بۆ ئێمە بەسە

ئەگەر خوا ڕزقی بە نوێژ بدایە
ئەشیا غەیرە دین نانی نەبوایە

نە ڕزق بە دینەو نە ماڵ بە زانست
ئارەزووی خوایەو ڕۆژی ڕۆی (ألست)

زۆر کەس مەعاشی زۆری دێتە ڕێ
هاتە وەرگرتن ڕێی لێ دەگۆڕێ

لای چاوی ساغی بۆی ئەژمێرن
دز بۆ لای چاوی کوێری ئەنێرن

کەوەکە وتی بە بازی ئەحمەق
نەینێیتە تەبەق مەیێژە صەدەق

ژیان، ژمارە: (٥٢٠)، ١٩٣٧/٣/٢٩ز.

(1) مەبەست لە گوندی بێ کەسەی شارەزوورە.

(٥٢٣)

ئینسان لە نیسیان دروست کراوە
پەردەی غەفڵەتی پێ داکێشراوە

بۆیە کە هاتە سەر کورسی مەسنەد
وا دەزانێ قەد، ناجووڵێ ئەبەد

کە یەکێ دەبەین بۆ گردی سەیوان
لەوێ دەست ئەکەین بە شین و گریان

کە گۆڕخانەمان لە پێش چاو گوم بوو
بە هەناسەیێك مەرگمان لە بیر چوو

باشە با بڵێین لە مەرگ ناترسین
لە دڵ ئازاری بۆچی نەپرسین

ئەوانەی ئەمڕۆ بە دوومانەوەن
لەگەڵ کێ کەوتین غەیبەت گێڕەوەن

پیاو ئەو پیاوەیە بە چاکە پیاو بێ
نەك بە وەزیفە ناوی بە ناو بێ

هەی وامان هەیە گەییە ئاسمان
کە هاتە خواری کەوتە بەر زمان

ئێستا ئەوانەی کە دەڵێن ئەزم
بە چێوی دیوان وا هەڵدەبەزم

کە بەرگی کاریان نەما لەبەردا
کەس‌وکار پێیان ئەنێن بەسەردا*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٢٣)، ١٩٣٧/٤/٢٦ز.

(٥٢٤)

لەوە بترسە لە خوا ناترسێ
لە حەقی دۆستو ویجدان ناپرسێ

وا ڕێ ئەکەوێ بەد پەسەند ئەبێ
بەڵام دوایی کار تووشی بەند ئەبێ

کەسێ بە بەدکار ناوی نەزڕێ
ناگری دز تەنها ساڵێ ئەگرێ

بەدکار دوو نەوعە یەکێ نەزانە
مەڕوانە ئەوە، عەقڵ میوانە

نەوعێکی تریان سروشتی بەدە
ئەوەیان سزای بە داری حەدە

پیاو خراپ نەبێ چاك دەرناکەوێ
تا تاریك نەبێ کێ چرای ئەوێ

بەخشین هونەرو وەرگرتن نەنگە
چاو برسێتیە سەرمایەی جەنگە

ئەوەی لای خۆشە تۆ نانی بخۆی
دڵی مەشکێنەو بیخۆ ئەگەر خۆی

ئەگەر دەزانی بە خواستن زویرە
داوای لێ مەکە ئەگەر وەزیرە

ئەگەر نان بدەی لە ماڵ ناترسی
لە هەموو ماڵێ دەخۆی ناپرسی

بەرماڵی دەرماڵ هەردوو وەك یەکن
کە عالەم نەبن کەلۆرو لەکن

لە تەنگانەدا خودا ئەناسی
کەوتیە فەرەحی دیسان بڵباسی

مار کە زۆری خوارد دەئاڵێتە دار
بەوە ئەزمەبێو دەبێ ڕستگار

صۆفیش کە ماڵی حەرام زۆر ئەخوا
بە نوێژو تەزبێح گوناهی ئەڕوا*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٢٤) ١٩٣٧/٥/٣ز.

(٥٢٥)

ئەوەتی دنیا ئەڵێن دنیایە
ئیعتیقاداتی غەریبی تیایە

گاهێ گوێرەکەی بەنی ئیسرائیل
بۆ قەومی موسا ئەبێتە دەلیل

گاهێ کەرەکەی عوزێر لە پێشە
گا، لاتو عوززا ئایینو کێشە

گا ئاتەشکدەی زەردەشت ئەگرێ
گاهێ ژوپیتەر بە باڵ ئەفڕێ

ئەمانە هەموو ئەفسانەی کۆنە
لەم خەرافاتە ناپرسن چۆنە

تەنها ئایینی شوومی گورگی بۆز
خەریکە کلکی نەکەوێتە تۆز

نازانن، ئێرە بێشەی شێرانە
گورگ بۆز بێ، ڕەش بێ بۆ تێ هەڵدانە

ئەفسانەی شەڕی ڕۆستەمو عەنتەر
دەوەن بە ئاشە وا کەوتەوە گەڕ

لـــه هـــەموو خـــاكی عێراقـــا بـــاوه
كـــه ئـــەڵێن ڕۆســـتەم عەنتـــەری گـــاوه

ئـــەم هـــەتیوه بازیـــه لـــەوموه داهـــات
بۆیـــه لـــه ئێـــران بـــووه بـــه بنیـــات*

(*) ژیان، ژماره: (٥٢٥)، ١٩٣٧/٥ز.

## (٥٢٧)

خەیاڵێکی وا، هاتووە بەسەرما
لە عالەم پرسم بۆ گەرماو سەرما

بزانم ئاخۆ لەم دوانە کامیان
چاکەی زۆرترە بۆ ئەوعی ئینسان

ئەیزانم فکری دووکەس یەك ناگرێ
وا چاکە بابی فەتوا داخرێ(١)

ئەوی قەڵەوە دڵی پڕ جۆشە
دیارە کە دەڵێ، هەر سەرما خۆشە

ئەوی کە لەڕەو بێ هێزو تینە
ئەڵێ سەد شکور کە وا هاوینە

پاڵتۆی فەردەیی‌و قۆندەرەی پۆستاڵ
لە کۆڵمان کەوتن بووبووینە حەممال

ئەتوانین لە دەشت بێ لێفەو سەرین
بەسەر ئازادی شەو بەسەر بەرین

---

ژیان، ژمارە: (٥٢٧) ١٩٣٧/٥/٢٤ز.

(١) باب: مەبەست لە دەرگایە.

بەڵام دووپشكو مار پەیدا بووە
فەی ناكا پیشەی سالآنی زووە

هاوین هیچ نەبێ بامیەو باینجان
لەگەڵ تەماتە زۆرە بۆ لێنان

هەندێكمان هەیە كە باینجانین
هەندێكی تریش غەریب سنجانین

هەمەدان جێگەی غەریب سنجان بوو
زۆر كەسی ئێمەی پێ ماڵ وێران بوو

دەردی هەمەدان كەوتە دەرگەزێن
مونووومران بوون بە مەلا بەزێن

كەس لەسەر حاڵی پێشوو نەماوە
سوێندی درۆمان بە شەرەف باوە

ڕەحمەت لەو كەسەی كە جێنو نەدا
ئەڵێ: هەی ئەشراف لاچۆ تووخودا

لافاو سیروانی لێڵ كرد بە یەكجار
ماسی زل كووێر بوون كەوتنە كەنار

دەردەگــــــایش زۆرەو کوللـــــــە لـــــە نـــــاوە
تـــــەرزەیش کوتـــــاینی هیچـــــمان نـــــەماوە

خـــــوا بکـــــا ئافـــــەتی ئەشـــــرافمان نـــــەبێ
زموســـــتان شـــــەبێ، زوو پـــــیران تـــــەبێ

فـــــەی ناکـــــا مـــــەعاش لـــــە جێـــــی خۆیـــــەتی
گـــــوڵ بـــــە دوو بـــــەهار ڕەنـــــگو بۆیـــــەتی

بـــــە ئیعتیـــــادیو بـــــە فـــــوق العـــــادە
دوو بـــــەهارین (دەی) ســـــاقی ســـــابادە

(٥٢٨)

کە لەگەڵ بەددا دانیشی‌و هەستی
پشت بە خراپەی چاکان ئەبەستی

تۆ دەڵێی چی بکەم قسەیان خۆشە
نەتیجەی قسەی گاڵتەو گەپ بۆشە

پیاوێ زەرەری لە خەڵکی دابێ
دڵی ناسرەوێ هەتاکوو مابێ

ناپیاویش هەبێ لە باتی چاکە
کردەوەی بەدەو هێشتا بێ باکە

خووی بەد وەك میقرۆب حیصەی ئیرسیە
دەوران بەدخوایەو پیاوچاك برسیە

بەڵام ئاگری دز ساتێ ئەگرێ
کە دەورەیاندا هێڵێکی دەبڕێ

ئەمە کای کۆنە کە بە بای دەکەین
تەسەللای هەندێ خەڵکی پێ ئەدەین

ئەگینا ئێستا دەورانە
بۆ چڵو چۆکەر ڕۆژی مەیدانە

یــــەکێ بــــە درۆو یــــەکێ چـــــاوەڕاو
یــــەکێ بــــە ئاغــــام، پاشــــام هاتــــە نــــاو

مــــادام دنیایــــەو ئەمانــــەی تیایــــە
پیــــاوی دنیــــایی لەبرەودایــــە

ئــــەوی ناســــرابێ بــــە عــــیلمو ئــــەخلاق
ئــــەبێ بچــــێتە جــــەزیرەی واق واق

ڕۆنو بــــرنجو گۆشــــتمان گرانــــە
تــــەنها هەڵبەســــتی (ژورنــــاڵ هەرزانــــە)(١)

---

ژیان، ژمارە: (٥٢٨) ٣١/٥/١٩٣٧ز.

(١) ژورنــاڵ: مەبەســت لــە ڕۆژنامەیــەو مەبەســتیش لــە پڕوپاگەنــدەی بــێ ئەســڵو ئەساسی ڕۆژنامەکانە.

(٥٢٩)

جورئەت بۆ ڕۆژێ گرفتارییە
نەتیجەی فیشاڵ شەرمەزارییە

گەر تۆ خەریك بی خەڵکی بشکێنی
تۆیش لە حورمەتی خۆتا نامێنی

گەورە ئەومیە خەڵك گەورەی بگرێ
نەوەك وەك دۆوك تەنها خۆی بخورێ

ئەگەر لە بەدیی دڵت پاك نەبێ
گلەیی مەکە کارت چاك نەبێ

ئەوی بە گوناه زرێ دەپۆشێ
دوعا نایبڕێ سەد شێخ تێکۆشێ

(کاك ئەحمەد) دوعای بۆ باجگر دەکرد
ئەیگوت: بمێنێ نەمرێ دەست و برد

نەك یەکێکی تر لە موسوڵمانان
وەك ئەو ڕێگر بێ و دەرچێ لە ئیمان

بە بۆمبا ماسی دەکەوێتە سەر ئاو
ئێستا عەمەلەی ئەشغاڵ کەوتە ناو

بە کرێکاری بەرێوە دەچوو
هەر وا بزانە جەردە پەیدا بوو

نەڵێن: تەبەقی پڕ ناشتیماڵە
ڕاست ئەکەن ئەمە زۆر حەسبوڵحالە

سواڵکەر پێشڕەوی سوپایێ بکا
ئۆردووی جەنگیزی لەبەر ڕادەکا

کە لە هێلانەی بێچووە چۆلەکە
مارێ پێوەدای گلەیی مەکە

هەر کەس عەقڵی خۆی لەلا پەسەندە
فائیدەی نییە ئەم بەندو پەندە*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٢٩) ١٩٣٧/٦/٧ز.

(٥٣٠)

دەستەی تیاترۆی بەعیشوەو زۆرزان
گەیشتنە سەرمان فەسڵی باینجان

دەنگی دوومەڵەك کە گەیشتە گۆش
سەودای سەرو دڵ تێکرا دێتە جۆش

شەوقی کارەباو بۆیەی سپیو سوور
بە شەو پشیلە دەکا بە سموور

ئێمە نەزەرمان هەروا کەچ بینە
ڕەنگی صنعیمان لەلا شیرینە

بە دوو فیشاڵی لا پف هەڵدراو
نالە پێ پانمان لا دەبێ بە پیاو

جاران بە تەقەی دەمانچە پیاو بوون
بە دزە کوشتن بە ناوو داو بوون

ئێستا بە تەقەی زبان ناودارن
تەنها بۆ نەفعی خۆیان بەکارن

پیشەی پێشوویشمان لێ دەژیێتەوە
ئاغایی لەنوێ ئەگەڕێتەوە

خوا کێو ئەبینێو بەفری تێ دەکا
ئەوە بەدنامە قسەی لێ دەکا

ئەڵێن خشت هاوێژ پاداشی سەنگە
بۆ واتەی گاڵتە قەسدی کوشت نەنگە

بەڵام خوونیکی گرتمان بە شیریی
ناتوانین تەرکی بکەین بە پیریی

مەگەر ئەو خوایەی کە حاڵ ئەگۆڕێ
جەهلمان لەگەڵ نەخاتە گۆڕێ

خۆ من قەڵەمو زمانم سوا
هیچم پێ نەکرا خستمە دەست خوا*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٣٠) ١٩٣٧/٦/١٤ز.

(٥٣١)

شارێ ئاوێکی خەم ڕەوێنیان بوو
ئەیانخواردەوە عەقڵیان تێك دەچوو

یەکێ لە لاوە هاتە ناو ئەوان
بەشێتیان زانی کەوتە بەر زبان

هیچ کەس لە عەقڵی ئەو ڕەزا نەبوو
لێك کەوتنە ڕوو مابەینیان تێك چوو

دوایی کە زانی تەنها مایەوە
ئاوی خواردەوەو کەوتە کایەوە

بە (وریاطلاسون) بە (چال اونیاسون)
خۆشیان ڕابوارد ئەوانیش وەك من

بەلام من بەبێ ئەوە دەبەنگم
قەلەندەرێکی بێ نامو نەنگم

ئەوەندە هەیە یەك ڕوو یەك دڵم
لە مەتانەتدا پەروەردەی گڵم

هەندێکی وا هەن هەسانی مەککەن
سەما بە دڵی بزورگان ئەکەن(١)

بە مێچکە مێچکە پێ ئەلێسنەوە
کە هەڵ خلیسکا خۆی ئەکێشنەوە

ئەمە تەجرەبەی ئەوەندە ساڵە
هەرچی باوەڕیان پێ بکا منداڵە

باوجود ئێستا منداڵ پەسەندە
کەس بە پیر ناڵێ کەرت بە چەندە

پیر قڕان داهات، تووخوا با بمرم
خووی چلۆچۆیی ئەم دەورە نەگرن

ژیان، ژمارە: (٥٣١) ١٩٣٧/٦/٢١ز.

(١) بزورگان (پیرەمێرد) گەورەکان (کاکەی فەللاح).

(٥٣٣)

ئەوانەی دەوڵەت بە هیچ ناگرن(١)
بە مەردی تری دنیا دەبڕن

وابزانە هەزار فەردە توتنت بوو
ئاوڕت دایەوە ئاگری تێ بەر بوو

هەر تووتن نییە ئەو کڵۆکۆیە
دوو بەشی قرچەی ناو جەرگی تۆیە

ئەگەر دەرئەزەل هیچت نەبوایە
ئەتگوت بە نەبوون هیچم لێ نایە

بەڵام تۆ پارەی بەغدات لەسەر بێ
لێرەیش توتنەکەت ئاگری تێ بەر بێ

ئینجا بڕوانە ئاگری دەروونت
ڕەنج بە خەسارییو دەردی نەبوونت

دوژمنیش دەڵێ: دەبڕۆ گۆڕت بێ
کە بڕوا بۆچی ماڵی زۆرت بێ

ژیان، ژمارە: (٥٣٣) ١٩٣٧/٧/٥ز.

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (بە هیچ ناگرن).

مـــن سەربەســـت ئـــەژیم ڕەنـــدو قەلەنـــدەر
ســـەودای مەبعووســـیم بـــۆچ کەوێتـــە ســـەر

ئـــەویش چـــەند ڕۆژێ ســـەهرەو ســـەییارە
بـــە فســـخی!! بەغـــدات لـــە دوور لێ دیـــارە

تـــووتن ســـووتانو وەرگـــەڕان یەکـــە
حـــەز لـــە حـــەمامی زەواجـــل مەکـــە(٢)

کـــە بـــۆ کـــەوتن بـــێ بڵنـــد بوونـــەوە(٣)
مـــەفڕە بـــە هـــەوا بەرزییـــەك شـــەوە

[٢] حەمامی زەواجل (لای پیرەمێرد) حەمامی ڕەواحیل (لای کاکەی فەللاح) حەمامی زەواجل، مەبەست لە کۆتری نامە بەرە.
[٣] بڵند (لای پیرەمێرد)، بەرز (لای کاکەی فەللاح).

(٥٣٥)

قەت نوقلانەی بەد لە دەستت مەدە
بەدی هاتنی لە سەدا سەدە!!

کە تۆ بە یەکێ بڵێی ئاخر شەڕ
ڕێی ئاخر شەڕی هەڵبەت دێتە بەر

دوعای پیرێژن بۆ ئاخر خێریی
زوو گیرا دەبێ بە بەرچاو تێریی

چلەی هاوینەو چوار چلە هەیە
نازانین چلەی ئێمە تا کەیە؟

مەلای مەزبوورەو حیسابی ڕۆژوو
بەردیشی تێ خست باز هەم بەسەرچوو

بە چلە بەفرو قیر نەتوێتەوە
سامی باحورایش زوو ئەبڕێتەوە

بۆ (کل نفس ذائقة الموت)
تەفسیری وا بوو هەر پیری بەرکەوت

هەندێ لە بورجی (مشیدة)
لە ئیدراکی (موت) بێ ساتو سەودان

کاتێکیان زانی کە ئەیاننێژن
خۆیشیان ئەزانن چاکیان نایێژن

با ئەوان بڕۆن جێگایان بۆش بێ
قەی ناکا لەوێ خوا لێیان خۆش بێ

خوا کێو ئەبینێ‌و بەفری تێ دەکا
نەزان بێ هودە قسەی لێ دەکا

من نازانم چیم لەم‌و لەو داوە
خوا ڕەوای بینێ میوەم تەواوە*

---

(*) ژیان، ژمارە، (٥٣٥)، ١٩٣٧/٧/١٩ز.

(٥٣٦)

لەوە بترسە لە خوا ناترسێ
لە خوا نەترسێ لە کەس ناپرسێ

ڕێوی کە هاتوو بوو بە فاقەوە
فێڵبازیی دەنێ بە گوێی تاقەوە

دەگەوزێ بە دەم واقەواقەوە
کلکی شۆڕ دەبێ بەلای لاقەوە

شەرع ئەڵێ: (کل مضر يقتل)
بە پارەی میریی بەراز ئەکەن پەل

میری گوێی بەراز بە پارە دەکڕێ
چونکە زەرعاتی خەڵك هەڵئەدڕێ

ئێمە ئەمانە بۆیە ئەنووسین
کە بیگرنە گوێ، بەڵام مەئیووسین

خووێ کە ئینسان گرتی بە شیریی
لێی نابێتەوە تا ئاخری پیریی

(واریتە) گورگی کرد بە پیاوی مەڕ
بە چاوی خۆم دیم پووشی خستە بەر

ئێمە وا گورگی بۆز نەپەرستین
نادانی دەستی زانستی پەستین*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٣٦)، ١٩٣٧/٧/٢٦ز.

(٥٣٨)

قەزا دەستێکە پێنج پەنجەی هەیە
کە هاتە جونبوش وەك ماکینەیە

دوو پەنجەی بۆ چاو دووی تری بۆ گوێ
یەکێکیش بۆ دەم حوکمی دێتە جێ

پشت بە دنیای پوشت مەبەستە زینهار
شەوێکی بەس بوو نادری ناودار

گەورە بە غرور دێتە نوشوستی
حەمە پاشای جاف پیاوی خۆی کوشتی

مەحمواغای سیوەیل ئەو ڕۆژەی کە مرد
نۆکەر خوا شکور ئاغارۆی بۆ کرد

تەرسی کەرمکەی جەجاڵ خورمایە
بۆیە کە هەستا خەڵکی لە دوایە

زستان نانەوا هاوین بەفرکێش
بۆیە ناپرسێ لە قەوەو لە خوێش

ئەو کەسەی ماسی بگرێ تەڕ ئەبێ
بێستانەوانیش تووشی شەڕ ئەبێ

بێستان ڕن گوورزی خۆی دەوەشێنێ
بۆ زرکێ بنکێ لەبن دەردێنێ

زۆرم دی چاکەی دەربارەی خەڵك بوو
کە مرد جنێویان پێدا زوو بە زوو

دنیا وەك مووی قول چەرخی گەڕاوە
بە شانەشی کەی هەر تێك ئالاوە

چەند خۆشە ئینسان پەرێزی پاك بێ
لە چەندو چۆنی دنیا بێ باك بێ

ئەسکوێ بێ لەناو دیزەی دنیادا
کەس نەبێ پەنجەی ئیجلالی بادا

هەرچی وەك سرکە توند بێو پڕ لە با
بیکەیتە شووشەیش ئاخری شەق با

لە هەر ناشووبێ عەقڵێ وەرگرین
ئەتوانین لە ڕێی بڵند لێ خورین

خۆ ئەگەر ژێر پێی یەکتر بتاشین
دەستیشمان بگرن هەروا لە پاشین*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٣٨)، ١٩٣٧/٨/٣٠ز.

(٥٣٩)

وا گردبوونەوە پایزە براکان
بەڵکوو یەککەون هیممەتی چاکان

بەڵام وەك ئاردی ناو درك وایە
برایش لەگەڵ یەك نایێتە کایە

خۆ وڵاتیمان بۆ چ لا چا نابێ
گوێلکی خۆماڵی بۆ چ بە (گا) نابێ

مەڵێن شیلاوگ مایەی پەنیرە
فیتنە هەوێنی نۆ قازان شیرە

مەدحی ڕووبەڕوو پیاو ئەدا بە شوو
زۆر دۆستی سەر نان بە دوژمن دەرچوو

خوا مووسا بۆ سەر فیرعەون ئەنێرێ
کەچی جار جار مەڕ بە گورگ ئەسپێرێ

پیاو بۆ بۆرە پیاو ڕۆحی خۆی صەرف کرد
کەچی پێی دەگوت بە دەردی خۆی مرد

ئەو کانیەی ئاوی لێ دەخۆینەوە
بە نالەباری پڕیەکەینەوە

سیاسەت پیشەی ئاغای بێ ڕیشە
بۆیە گەڵ پیاو بێ ڕیش‌و ئیشە

زۆر ڕیش‌و سمێڵ تاشراو وەك ئەوان
خۆزگە ڕیش ئەبوو بە مۆدەی ژنان

ئۆخەی ژنان بوون بە گەورەی گەڕەك
ئەبێ دەستەی تر بچنە بە خەڕەك

ئەنجا هەندێکیان چۆنی دەڕێسن
لەگەڵ گوێ چەنە بەرزە بڵێسن

بە نار نارۆکە سەر دەلەقێنن(۱)
دەم بۆ پارووی خەڵك دادەچەقێنن

ئاخ خوێندەواری فریامان کەوە
بۆ عالەم ڕۆژە بۆ ئێمە شەوە؟!

---

ژیان، ژمارە: (٥٣٩)، ١٩٣٧/٩/٢٠ز.

(١) لای کاکەی فەللاح نووسراوە بە تاو تاوە.

(٥٤٠)

لە تەئریخ پرسە کە ڕابووردووە
هەر دانە بەردێ جێی مەردێ بووە

تۆیش بگەیتە سەر ئەو دانە بەردە
شەخسی خۆت لە لا مەردی نەبەردە

بەلام بە فوێک ئەکەویە خوارێ
ئەبێ بە پەندی گشت هەرزەکارێ

ئەتەوێ دڵت نەخەیتە لەرزە
مەچۆرە سەر ئەو دەندووکە بەرزە

لە تەك کەسێکتا ئەوا دانیشتووی
بە چاو ئەیبینیو لەگەڵیا ئەدووی

کە دوورکەوتیەوە لە پێش چاوی ئەو
ئەو دیدەنیەت لا ئەبێ بە خەو

خۆ ئەگەر دووری بوو بە مانگو ساڵ
وەك دیمو نەدیم ئەبێ بە خەیاڵ

ئەمە ئەحواڵی دنیاکەمانە
هەرچی کە بتبێ ئاخری نەمانە(١)

کەچی پێی خەڕۆین ئەڵێن تا سەرە
جا، ومرە لەگەڵ خەڵکا دەربەرە

چەند خۆشە ئینسان ئەمە بزانێ
هەروەك سینەما لە دوور بڕوانێ

بە شێعرو بادە غەم بدا بە باد
بە دونیا بڵێ: بڕۆ بێ بنیاد

هەندێ کەس بە شێعر سەریان ئەئاوسێ
سیسرك بۆنی گوڵ بکا، ئەتاسێ

مر، هات لاسایی قازی کردەوە
هێلکەی زلی کرد کەچی بووردەوە

ئێستا پاییزەو سەیران بوارە
ئەرخەوان سوور بوو ئەڵێن بەهارە

ژیان، ژمارە: (٥٤٠)، ١٩٣٧/١٠/٤ز.

(١) نەمانە (لای پیرەمێرد)، زەمانە (لای کاکەی فەللاح).

قەومێ قەلەڕەش بکا بە پێشڕەو
ڕۆژی وەك باڵی قەل دەبی بە شەو

من خۆم پەروەردەی دەهۆڵو زوڕنام
لە ئینجە سازیی دنیا تەوەللام

بەڵام هیچ وەختێ لەگەڵ زەڕەی کەر
هەڵگردم نابێ بۆم ناچێتە سەر

ئێستا وا ڕێمان لێ بوو بە دوو ڕێ
یەکێ بۆ عامە، ئەوی تر بۆ کێ؟

(٥٤١)

هەرچی یەك ڕوو بێ‌و یەك زوبان‌و پاك
وەك شمشێر خوێنی دەبێ بە خۆراك

دوو ڕوو دوو زبان شانەی سەر سەرە
وەرە لەم قوڕە دەرکە ئەم کەرە

لەم زەمانەدا ڕاستیمان نەدی
خۆمان هەلگرین بۆ دەورەی مەهدی

ئەوسا گورگ‌و مەڕ تێکڕا ئاو ئەخۆن
ئەمە ئەفسانەی کۆنەی من‌و تۆن!!

گورگ هەتا کەڵبەی نەشکێ مەڕ ئەخوا
پیاوی بێکارە ئەڵێ بەد بەخوا

خوا خزمەتکاری قاپی تۆ نییە
کوتەکی دایتێ دوعات بۆ چییە

خۆزگە پیاو خراپ وەك هەنگ بووایە
لەگەڵ پێوەدان گیانیان دەرچوایە

بەلام لە شەفرەی یەکانە ئەکەن
بە قامیش بڕین ددان تیژ ئەکەن

خۆم ئاگام لێیە ڕۆژێ کاك ئەحمەد(١)
دووعای ژینی کرد بۆ پیاوێکی بەد

وتیان باجگرە بۆچی نەمرێ
فەرمووی با کەسی تر جێی نەگرێ

پیاو چاك مەمنوونی بەدی بەدکارە
چاك بە کردەوەی بەدا دیارە

---

ژیان، ژمارە: (٥٤١)، ١٩٣٧/١١/١ز.

(١) مەبەست لە کاك ئەحمەدی شێخە.

(٥٤٢)

چەند خۆشە ئینسان شێوەی شەمعی بێ
خۆی بسووتێنێ‌و نەفعی جەمعی بێ

چەند خۆشە ئینسان خووی چاك بگرێ
ئەوە بگرێتە باوەش کە دەمرێ

چەند خۆشە ئینسان کە بە ڕەنجی شان
کۆی بکاتەوە بۆ ئەرکی میوان

نەك لە مەڕ چەور کا بیدا بە گورگان
خۆی مایە پووچ بێ‌و ڕووزەردی دیوان

هەندی چی دەست کەوت هەر تێ دەپەستێ
لغاوی شەیتان دەمی دەبەستێ

ئەو پاشەکەوت بۆ مێردی ژنە
بە زیندوویی خۆی ژن لێی دوژمنە

هەرچی خوارد ئەڵێ: ئاخ نەمخواردایە
ژمارەی صەدەی تەواو بوایە!

کە چوویشە گۆڕێ ئەڵێ: هەی بێداد
من کۆم کردەوە کێ پێی بووە شاد

ئەمە دیارە لە پێش چاومانە
کەچی پیشەمان خۆ تەفرەدانە

ماڵی خۆ نەخۆر بۆ چەکمە بۆرە
گەرمە گۆڕ نەبێ پیاو گۆڕ بە گۆڕە

ئەمە توانجی بێ دەوڵەتییە
منیش کە بمبێ گوێم لەمە نییە

بێ دەوڵەتییە وا بێکارە بووین
بێ پارەییە پارە پارە بووین

پارەمان نەبێ بەچی دەخوێنین
ناو نەبێ درەخت بەچی ئەڕوێنین*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٤٢)، ١٩٣٧/١١/١٥ز.

(٥٤٣)

بە ڕەمەزانان ئەبێ بترسی
لە برسی ڕۆژوو پیاوی چاو برسی

وا برسی ڕۆژوو تا نێوارەیە
بەڵام چاو برسی دەردە هارەیە

هەندێ بۆ ئەمەی بڵێن بەڕۆژوون
کاتێکت زانی بە گزتا هەڵچوون

خۆ هەندێکیش هەن بە جەژنیش تووڕەن
قەی ناکا جارێ وا تازە کوورەن

زۆری پێ ناچێ کە خانیان سوا
باویان نامێنێ! ئەکەونە دوا

بۆیە گرانە ترێو ناسکەرمێ
ئینتیخاب کەوتە مانگی ڕەشەمێ

خۆ ئەگەر بێتە شێوەی هەورامان
لە دەست کاك ڕەشید پارەبی نامان

نەعرەی دەگاتە شێوی ئابلاخ
نەقشی پانتۆڵی ئەبێ بە بەیداخ

هەموو دەعوایێك لە نەبوونیە
ئەم ئەحوالانە بێ تووتنیە

ئەڵێن تەبەقی پڕ ناشتی ماڵە
چاوی ڕەشی زۆر هیوادار، کاڵە

مەڕوانە ئێستا هیوادار زۆرە
ئاخری وای لێ دێ ئەکەونە نۆرە

ئەو شاییە خۆشەی کە کەم دەوامە
کە هەڵسای لە خەو وەك ئیحتیلامە

خۆ، ئەوەی ڕێگەی چەسپین نەناسە
وەك (سوورە خەتا مەکە)ی بڵباسە

کچ پارە ناکا ئەم تەقو دەوە
بەسەر کێوەوە نیشتەوە ئەوە

ئەو قەلەندەرەی کە بێ هیوایە
سەیری جیهانی لا سینەمایە*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٤٣)، ١٩٣٧/١١/٢٢ز.

ئەم پەندە لە بەرگی ڕۆژنامەکەدا، ژمارە (٥٤٣)ی دراوەتێ بەڵام لە ناوەوە ژمارە (٥٤٢)ی دراوەتێ.

(٥٤٤)

بە تورکی پایز کە (صوك بەهار)ە
ئەم ساڵ نموونەی دەرکەوت لەم شارە

چواله گۆپکەی کرد ئەرخەوان پشکووت
قارچك هەڵتۆقی بە لووتو بزووت

بەڵام ئەو کارگەی زوو سەری دەرکرد
لێرەو لە کەرکووك زۆر کەسی پێ مرد

ئەترسم تارای ئەرخەوان وابێ
خومی جوولەکەی دەوران شێوابێ

خێرا! درووی خێرە، خوا کردیەوە
دایکی گرانی (ئاڵ) بردیەوە

یاخوا ئەمانە لێ بگەڕێ بە ڕاست
بزن شیر داو ئێمەیش تێر بخۆین لە ماست

کە ماست پەیدا بوو نۆرەی پەنیرە
بەدکار هەوێنی نۆ قازان شیرە

---

شیاوی نووسینە کە ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا ژمارە (٥٤٢)ی ساڵی ١٩٣٨ی دراوەتێ.

ئافەرین لەوەی کە شیری پاکە
شێری مەیدانە لە شێر بێباکە

ئەو دڵەی کە وەك مەنجەڵ ژەنگ دێنێ
شیری تێ مەکە ئەیبزڕکێنێ

من توێکڵە شووتیم کرد بە مرەبا
خەڵك ئەیخاتە ژێر پێی خەڵك ڕەت ببا

ئەوی خەریکە دۆستی خۆی بخا
کاتێکت زانی وەك دیوار، ڕووخا

هەرچی لای گەورە واتەی ڕەوایە
ئەگەر چاك نەڵێ (چاك)ی کەوایە

نەدیم نموونەی قیبلەنمایە
بەد مەبە، ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە

دڵی هیوادار خورپیە
لەگەڵ ڕابەردا چرپە چرپیە

ئەوی ڕۆژووی گرت سەرفترەی ئەدا
ڕۆژووی نابەنە بارەگای خودا

جەژن دانرا بۆ ڕۆژووەوانان

ئێستا بێ ڕۆژوو ئەیبەن بۆ خۆیان*

---

(*) ژیان، ژمارە: (٥٤٤)، ١٣/١٢/١٩٣٧ز.

(٥٤٥)

شەوی درێژی ئەوەڵی زستان
لەگەڵ ڕۆژگاری ئاخری نیسان

بەراوردی کە وەك پەندی پیران
یەعنی لە بارێ نامێنێ دەوران

کەوابێ نابێ هیچ کەس مەغرور بێ
بە نەبوون، زەبوون، بە بوون مەسروور بێ

نەبێ دەسەڵات بە هەل بزانی
هەڵسووڕێ بۆ خەڵك هەتا ئەتوانی

کە هەڵبژێررا لە قەومو خوێشا
فۆرمەی نائیبی بە بەردا کێشا

پەلە، پەل بێ لە هەموو لایە
چونکە ئەم حەلە حەللی لەدوایە

باوجود ئەمە نابێ بە بەڵێن
مەبعووسی ئێمە نەبووە هیچ بڵێن(١)

ژیان، ژمارە، (٥٤٥)، ١٩٣٧/١٢/٢٠ز.

(١) مەبعووسی: مەبەست لە نائیبییە.

کابرای زەکی! تۆیش نەخەڵەتابی(٢)
بڵێی حیسابی دەورەی نیابی

ئاگات لێ بوو چەند ئەزیەتت کێشا
بۆ تووتنو سووتن چەند سەرت ئێشا

کەوا کەوتوویتە ناو گەڕەکەوە
چاو بەستەرەوە بە دەسرۆکەوە

بۆ خۆت کتێبی تاریخ بنووسە
سەرپێچی مەکە لەم چارەنووسە

هەرچەندە ئەوای ڕاست عێراقییە
لە قوببەی، دەهرا صەدات باقییە

مەقامی منیش میلی مینایە(٣)
مینای دڵ، بەردی ڕەجمی زۆر تیایە

من هیوام بە کەس نییە بێ باکم
بە تەعنەی بەدکار نەزانم چاکم

---

(٢) زەکی: ئەمین زەکی بەگی مێژوو نووسە.

(٣) لە چاپی کاکەی فەللاحدا نووسراوە مەیلی مینایە.

جـــارانی پێشـــوو کـــە مەتـــەڵ بـــاو بـــوو
هـــەر نیـــوە شـــێعرێ مەتـــەڵی نـــاو بـــوو

ئـــەم پەنـــدە نـــاوی بـــە مەتـــەڵ ئـــەبرێ
بـــەڵام بـــۆ هـــیچ کـــەس نـــاوی حـــەل نـــاکرێ

(٥٤٦)

هەورو ڕەشەبا بەفرو هەڵەکۆک
مشکو پشیلە لەگەڵ یەک ناکۆک

وا شەو چۆلەکە کەروێشکو تانجی
پشیلەی مەتبەخو هەمینە باجی

سەگو گورگو مەڕ ئاشچیو داری تەڕ
سۆفیو سەگی گەڕ چەتەو ئەسپی لەڕ

بە ڕۆژی شەموان جوولەکەو ئاگر
ناغاو هەرەومز پۆلیسو ناظر

ئەمانە هەموو حوکمی سروشتە
تیغی بەدکاری هەر بە برشتە

هیچ کەس لە پیاوی هێمن ناترسێ
کە بەد دەرکەوێ خەڵک ئەحەپەسێ

خەتای کەس نیە فەلەک بەدکارە
هەمیشە لەگەڵ نائەهلا یارە

ئەیەوێ عالەم لە یەکتر بەردا
پاڵ بداتەوەو سەیرکا لە سەردا

ئەو کەسە شێتە کە لە دونیادا
بە هیوای چاکە خۆی بە فەنا دا

نازانێ دنیا لاشەی تۆپیوە
سەگ دەوریان داوەو گۆشتیان نەدیوە

یا ئەبێ وەك خەڵك بێیتە شەڕە سەگ
یا ئەبێ هەڵکەی بە نانی کەپەك

هەرچیم دی ئەڵێ ئەی بەختی دوژمن
نایێڵێ دونیا ڕوو بکاتە من

ئەوی هەیشیەتی هەر بە پەرۆشە
سەیری کەن سەیری دونیا چەند خۆشە

هەتا باریان کەی هەر دەڵێن: کەمە
خۆزگە ئەمزانی کەی دەڵێ هەمە(١)

یەك بەیەك هەموو ئەمە ئەزانین
هێشتا ئەسیری جەهلو نادانین

ژین، ژمارە: (٥٤٦).

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (کێ دەڵێ هەمە).

بەڵام لە لامان بوو بە ئەفسانە
عەشقو سووتانی شەمعو پەروانە

پەندی پیرانم هێشتا لە بیرە
ڕۆژێ نوسیبووی ئەو پیاوە پیرە

دەوڵەمەند پارەی بە کەس نەداوە
ئەو هەموو خەڵکەی ئەمڕوا بە دواوە

هەر ئەو نەریتەو هەر ئەو پیشەیە
ئەم پەند بۆ من هەر سەر ئێشەیە

(٥٤٧)

فەلەك بە پیاوی ترسنۆك فێرە
بە كەر ناوێرێ بە كورتان شێرە

ئەمجا تۆ دەبێ خۆت نەترسێنی
بە هیممەت چەرخی فەلەك بشكێنی

هەورە تریشقەت لە لا، وەك با بێ
بە بێ پەروایی شات لا گەدا بێ

بەڵام بەو شەرتە كردەوەت چاك بێ
دڵت لە فیتنەی جاسووس بێباك بێ

گۆیژە، مێزەری بەفری لەسەر نا
ناوشار ناخۆش بوو بە زوقمو سەرما

دارو خەڵوزمان فیناتی سەركەوت
فەید ناكا هاكا پشكۆمان بۆ كەوت

هەندێ بە زۆپا گەرم ئەبنەوە
هەندێ بە صۆپە گەرم ئەبنەوە

گاڵتەی (حەبەزبووز) دیسان كەوتە سەر
كەرامەتی شێخ چووە (ذەیلی) كەر

خواجە نصرالدین بۆ هەر سێ سوئال
تەنها کەرەکەی خۆی کرد بە میسال

کەری عوزێریش لە قورئانایە
بەعسەتی ئەویش زۆر بە مانایە

ئەڵێن ئەو کەرە تەنها زەرپیوە
نێرەمووك بووەو هیچ نە پەڕیوە

خۆ، کەری عیسایش نەتەوەی نییە
نازانم ئەوە حیکمەتی چییە؟

ئێستا، کەرێکی دەجاڵمان ماوە
هێشتا کورتانی بۆ نەدووراوە

تەرسی کەرەکەی دەجال خورمایە
بۆ ئەو خورمایە خەڵکی لە دوایە

هەندێکمان هەیە کە وا خورمەژن
هەندێکیش کوشتەی خورمای کورد کوژن

کەلەرمی کوێستان بە سێ شایە
ئەم (لەهانە)یە ئانە بایە

پەنـــد بـــە پەنـــد بـــوو، وەك پەنـــدە پـــدەر
لەهانـــە زۆر بـــێ ئەیخەمـــە بـــەر کـــەر

تەلیســـمی جـــامی چـــل کلیلەیـــە
گۆشـــت بـــۆ کـــەرە، کـــا بـــۆ پشـــیلەیە*

(*) ژیان، ژمارە: (٥٤٧)، ١٩٣٨/١/١٠ز.

(٥٤٨)

غروورى كەوتە سەر ئەسفەنديار
تيرى ڕۆستەمى زوو بۆ كەوتە كار

لە پێشدا زۆرى لێ پاڕايەوە
ئاوڕى خێرى لێ نەدايەوە!

ئەيگوت من لەشم لە تونج كراوە
ترسم لە گورزى ڕۆستەم نەماوە!

تيرێ هاتو داى لە ناوى چاوى
چەمانديەوە قەدى لاولاوى

ڕۆستەم پێى گوت كوا ڕۆبين تەنيەكەت
ئاوازەو لافو گەزاف ژەنيەكەت

كێ وتى: دەستى ڕۆستەم ببەستە
چەرخ لە ژێر دەستى ڕۆستەمدا پەستە

ئەسفەنديارىش هێند هاتە زمان
چەپ گەردە چەرخى بێ وەفاى زەمان!

سەد هەزارانى وێنەى منى كوشت
گاهێ پشت بە زين، گاهێ زين بە پشت

مەگەر شانامە بە کەیف بخوێنن
نابێ پەندێکی وای لێ دەربێنن

ئەگەر هەر پەندێ پەندێکمان باتێ
ئێمەیش ئەچینە ڕێزەی ولاتێ

بەڵام هەر ئەزین وا هەڵدەبەزین
گورە گورمانە تا دێینە بەر زین

بە حوشتریان گوت ملت درێژە
وتی: ئەڕوانم ڕێ سەرەو لێژە

لێرە ئەو کەسەی کاریان پێ سپارد
ملۆزمێکە بۆ هەناسەسارد

هەر خۆی ئاغا بێو ژنی ئاغاژن
لەگەڵ برایا بیکە بە دوژمن

لە ئاغایەتیش کە هاتوو لێ کەوت
خۆی ئەکوتێتە میحرابی مزگەوت

بۆ ئەو کەسانە شەرمیش نامێنێ
دوژمنیشی بێ هەر ئەیدوێنێ

لە ناو چاوایە تنۆکی حەیا
کە لەگەڵ تکا، ڕابورد، وا تکا

چوار یاری یەك ڕەنگ لای من یۆڵداشن
ئێوە بۆ خۆتان لە دار داتاشن

چیبکەم یەك ڕەنگی مۆدەی نەماوە
ئێستا دوو ڕەنگی لە ناوا باوە

ڕۆژێکمان لێ دێ بگەینە بوار
ناچار دەرکەوێ ڕەنگی ژێر شەڵوار

کەس واتەی چاکە ناگێڕێتەوە
غەیبەتیش لای کەس ناشێرێتەوە*

---

(*) ژیان، ژمارە: (٥٤٨)، ١٩٣٨/١/٢٠ز.

ئەم پەندە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا ژمارە (٤٤٨)ی دراوەتێ.

(٥٤٩)

شێعرێکی سەیری کوردیم چاو پێ کەوت
لە ماناکەیا مەرافقم ڕێ کەوت

مانای شێعرەکەم لێ بوو بە مەتەڵ
نەمزانی قازان بووە بە مەنجەڵ

قازان قەتار بەست قولنگان هەوایی
حەیفە قیبلەکەم شەو بە تەنهایی

دەفەرموو قازو قولنگو دوڕاج
ئەمانەم بۆ بکە بە مەنجەڵو پاج

قازان قولنگان پۆلی باڵداران
پێکەوە ئەژین وەك دەستەی یاران

یەعنی کە ئەوان قەتار ئەبەستن
حەیفە تۆ تەنها بەبێ من نووستن

یاخود کە مەنجەڵ لە ڕیز بە قەتار
ئاو گەرم ئەکەن بۆ مردووی نازدار

وا هات جەمعی قاز کە بوو بە قازان
مەنجەڵی گەورەیش پێی ئەڵێن قازان

ئینجا قوڵنگان قوڵنگی باڵدار
ئەکەونە هەوا ئەڕۆن بە قەتار

باچیش قوڵنگە جەمعی قوڵنگان
بەرز ئەبنەوە وەختی پاچ لێدان

یەعنی پاچ بە دەست قەبرەڵکەنەوە
بوداوەشاندن بەرزیەکەنەوە

بەمە مردنمان ئەخەنەوە بیر
های شیعری مبهم های عقڵو تدبیر

ئێمە مردنمان ناوە بە لاوە
تازە عومرمان لە نوێ نووسراوە

تریاکمان پێیە لە مار ناترسین
لە بیر خستنەوەی مردن وەڕسین

دوای مردن پرسین نییە مەترسە
چۆنت هاتە پێش لێدە مەپرسە

ئێمە کە عومر بە کەم ئەژمێرین
حەیف نییە ئەویش بە ترس ڕابوێرین

دانا لە نادان بادەنۆش ترە
گۆم هەتا قوڵ بێ مەلەی خۆشترە

بیری دواڕۆژمان بوو بە ئەفسانە
نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە

قەیدی قیامەت مەخەرەوە یاد
بزەن بەر ڕەندان هەرچی بادا باد

دنیا بەم ڕەنگە بۆ ئەچێتە سەر
بۆ دین و ویژدان خۆت مەخە خەتەر

چونکە ئەم دوانە ئێستا فیرارین
کەوتوونە شاخان شوێن نادیارین*

(*) ژیان، ژمارە، (٥٤٩)، ١٩٣٨/١/٢٧ز.

(٥٥٠)

من خۆم زستانم بۆیە خۆش ئەوێ
مارو دوپشکی تیا دەرناکەوێ

عاقڵ لە کاری خودا تێ ماوە
مارو دوپشکی بۆچی داناوە

ئەوەی سەیرە مار دوپشک ئەبینێ
ورە بەرئەدا دۆش دادەمێنێ

پێچی نامێنێ لێی درێژ ئەبێ
لە ترسی دوپشک حۆڵو گێژ ئەبێ

دوپشکیش ئەڕوا تا تەوقی سەری
پێوەیدا ئیتر ڕۆحی دەرپەڕی

ئەم عەداوەتەی زیندەوەرانە
هەمووی بە حوکمی سڕی یەزدانە

سەگ بۆ پشیلە، پشیلە بۆ مشک
ئاو بۆ ئاگرو ئاگر پووشی وشک

تانجی بۆ کەروێشک، کەروێشک بۆ بێستان
بۆیە ناکۆکن لەگەڵ یەك ئینسان

جووجەڵەیش لەگەڵ کەچەڵە ئەبن
بێ میرات بەگژ یەکدا هەڵ ئەچن

ئەم تێك هەڵچوونەو شەڕو هەڵدایە
بۆ بێ عیلاقە وەك سینەمایە!

چەند خۆشە هەروا لە دوور بڕوانی
نەچیتە ناویان هەتا ئەتوانی

پالتۆی قەناعەت بکەی بە بەرتا
لێفەی تەمەڵی بدەی بە سەرتا

ئەمما بە شەرتێ خەیاڵ پەروەر بی
لە ئەوجی خولیا مورغی تیژپەڕ بی

قەصرو قصورو ئۆتوموبێلت
تەیارەو ئەسپو تەختی سەر فیلت(١)

هەلاو هەلاوی تەلەفونت بێ(٢)
لە ژنو شەراب تازەو کۆنت بێ

ژیان، ژمارە: (٥٥٠)، ١٩٣٨/٢/٣ز.

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: تەیارەو ئەسپە تەختی سەر فیلت.

(٢) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: ئەلۆ ئەلەوی تەلەفونت بێ.

أم کلثوم بە ڕادیۆ لا بێ
هیچ پێویستێکی تر نەمابێ

بەڵام ئەو خەمەت دانیم لە یاد بێ
ئاخۆ لە پاش خۆت کێ بە جێت شاد بێ

بەم ئاخەوە بێ، هەناسەت سوار بێ
ڕۆژی زیندەگیت بە شەوی تار بێ

تا دوکتۆر دێنن ڕۆحت دەرچوو بێ
هەرچی کرابێ فاییدەی نەبووبێ(٣)

تابووت بۆت ببێ بە ئوتوموبیل
کە چوویتە ژێر خاک داماوو زەلیل

لووتت لە بەردی ئەلحەد بکەوێ
تێ دەگەی جێگای ئەسڵیتە ئەوێ

---

(٣) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: هەرچی کرابێ کەڵکی نەبووبێ.

(٥٥١)

هێندێ طەبیعەت کە هەوایە
هەتا بێ خێوی ڕووی لە دوایە

ئەگەر تۆ هەوای هەوا نەشکێنی
ئەبێ هەر ساتێ ڕەنگێ بنوێنی

با وجود بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ جوانە
یەك ڕەنگی ناشێ بۆ ئەم زەمانە

ئەڵێن سروشتمان لەچوار گەوهەرە
دوانیان باوکمانە دوانیان مادەرە

باو ئاگر بەرزن طبعیان بڵندە
خاك خۆی خاکییەو ئاو پاكو مەندە

بەرزیو مل شکان ئاگرو سووتان
خاك فەرشی ڕێیەو ئاو مایەی ژیان

کەواتە هەوای بەرزیی مەنوێنە
ملی خۆت بەپای خۆت مەشکێنە

بەڵام سروشتێ کە بای درابێ
بەدەست خۆی نییە ئارامی نابێ

بە خواهیش نییە ئەم چەندو چوونە
بە لێخورینی خودای بێچوونە

ئەگینە کەسێ کەوا عاقڵ بێ
نابێ لەسزای بەدی غافڵ بێ

ئەو کەسەی دڵی خەڵك ئەرەنجێنێ
بە تۆڵەی دوایی خۆی دەترسێنێ

چونکی دەزانێ موتڵەقا رۆژێ
دڵ ئازار دراو هەر پێی دەرێژێ

ئەو ترسە ئەبێ بەگرێی دڵی
عەیشی تاڵ ئەبێ بەبێ حاصڵی

نایشچینە مزگەوت ئێستا وەك جاران
گەردن ئازادی بکەین بە جەژنان

بەوە لەگوناهی یەکتر ببوورین
ناشکوری نەبێ لەمزگەوت دوورین

ئەڵێن گوناهت ببێ پڕ ژووری
بەدوو رکات نوێژ خوا لێت ئەبووری

بەڵێ حق الله خوا خۆی ئەیبەخشێ
بەڵام حق الناس مووی لێ نالەخشێ

هەموو بەزمان پەیڕەوی چاکەین
کەچی بەکردە پف لەدۆ ناکەین

خوا جەهەننەمی بۆیە داناوە
زۆرمان بخاتە ناو ئەو هالاوە

دیارە کە ئەزەل هەڵیبژاردین
خوێنی شەیتانی بە قین بۆ ناردین

کە ئیرادەی خواو فریبی شەیتان
یەککەوێ، چاری چی ما بۆ ئینسان(١)

[1] ژیان، ژمارە: (٥٥١).

(٥٥٢)

بەسەر نەتاشین نابیە قەلەندەر
بە ئاوێنەیێك نابیە ئەسکەندەر

بەتورەبوونو کڵاو خوار دانان
نابیە قوماندان تا نەچیە مەیدان

سوار هەتا نەگلێ نابێ بەسوار
برنج نەکوترێ ناچێتە بازاڕ

تا تینی کووره نەبینێ تەواو
بەردی رەق نابێ بە شووشەی گوڵاو

تا تۆی هەورامی بارگیرێکی بوو
لەناو کەر سواردا بەیەکەم دەرچوو

ئەیگوت یە بادەن ئینە بارانەن
پا، بارەی رەزمی شەهریارانەن

تا رۆژێ کەوتە ناو تیپی سوار
دەرنەچوو، دواکەوت وەك کەری ژێربار

بانگی کرد یاران (یابوو)م وەستاوە(١)
تمەز هەرەنی یا مادەگاوە

تۆیش کە کەوتیە سەودای خودبینی
خۆت لە ئاوێنەی دێودا ئەبینی

تا گیزەی گوللەت نەیێ بە سەردا
تا، راتنەفڕێنن بە دەشتو دەردا

قەدری وێرانەی عەجوز نازانی
لەهەموو شوێنێ مەردی مەیدانی

کە بەچڵو چۆ چوویتە سەر کورسی
ئیتر لە دۆستی کۆنە ناپرسی!

ئەوی لە دیزەی خەڵکدا ئەسکوێیە
هیچ کەس نازانێ ئەسڵی لەکوێیە

هەندێك کە وتیان قسەیان خۆشە
کە رازیان دادا دڵیان بەجۆشە

---

ژیان: ژمارە: (٥٥٢)، ١٩٣٨/٣/٣ز.

(١) یابوو: بارگیر.

هیچ ئەم لاو ئەولای خۆیان ناڕوانن
صافیلکەن خەڵکی بە دۆست ئەزانن

تا، پیادەی غەیبی لیان ئەگۆڕێ
بێ ئەجەل لەپڕ ئەکەونە گۆڕێ

گۆڕێ بێ، بۆچی قسەی مووش ئەکا
بۆ پێکەنینی خەڵك، خۆی تووش ئەکا

دەردی جوانییە پێوەندی پێی گوڵ
بەڵای زەمانە قەفەسی بولبول

مەسکەنی مشکان درزی دیوارە
ئەبێ بزانێ مشکیش گوێدارە

گوڵم دی لەسەر ئاگر ئەکوڵا(٢)
ئەمەم لێ بوبوە گرێ لەدڵا

(٢) ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا بەم شێوەیە:
(گوڵم دی لەناو کوڵی مەنجەڵا
ئەیان کوڵاندو گڕی لەدڵا)

وتم: چیـــــیـــه ئـــــەم هەڵاقرچـــانەی تـــۆ[٣]

وتـــــی: پێکـــــەنینم بۆیـــه وام بـــــۆ بـــــۆ

[٣] ئەم دێڕەش لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا بەم شێوەیە نووسراوە،

وتم چیت کردووە وا ئەتسووتێنن

وتی: پێکەنیم لە عەرشی چلا

(٥٥٣)

ئەژدەها، کاتێ هاتە هەڵکێشان
تەوقی ئاڵتوونی دەکەن بە نیشان

چنار کە زل بوو ئەوسا ئەیبڕن
هەودا درێژ بێ بۆ داو ئەیپچڕن

ئەتەوێ بەدکار لە کۆڵ بێتەوە
دوعای بۆ بکە زوو بەرزبێتەوە

گوناه وەك زرێ لەبەر ئەکرێ
ڕێی کاری تیری دوعا ئەبڕێ

خوا مەلائیکەی شەڕی داناوە
کەچی لای بەشەر بەدکار بەدناوە

عیزرائیل پیشەی هەر گیان کێشانە
کەچی خادیمی عەرشی ڕەحمانە

خێرو شەڕ هەموو بەدەست خۆیەتی
نەفام لەناودا چڵوچۆیەتی

خۆت هەڵمەکێشە ئەی زەرەر پیشە
بە ئازایی تۆ نییە ئەم ئیشە

تۆ گڵمتکێکی ناچیزو بێ کەڵك
دەستی قودرەتە ئەتهاوێتە خەڵك

کە (نێزەد) ویستی لەکۆڵ بیتەوە(١)
بەمیزی مندالْ ئەتوێیتەوە

چرایێکی نوور خوا هەڵی گیرساند
نەفام فووی لێ کرد! ریشی خۆی سووتاند

ئەتوانن ماڵت لەدەست وەرگرن
ناتوانن ڕێگەی لای خوات ببڕن

ئەو دەوڵەتەی لێت نادزرێ عیلمە
ئەوەی لەشەڕت لائەدا حیلمە

مەتانەت وەفاو عەزمی تێدایە
ئاو تێ دەپەڕێو زیخ لە جێدایە

مندالْ لەسەرخۆ پێ دەگرێو دەڕوا
بەرسیلە بەسەبر ئەبێ بەحەڵوا

---

ژیان: ژمارە: (٥٥٣)، ١٩٣٨/٣/١٠ز.

(١) نێزەد: خواوەند.

باخی چوار باخی ئەحمەد پاشام دی
ئێستا خەوێکە بۆم نایێتە دی

چوار جلد تەئریخی ئەمین زەکی بەگ
نامرێ‌و نارووخێ بەزۆری فەلەك

حاجی بەگیش بوو بە وەسیلەی خێر
ئەو ناوە جوانەی ئەخوێننەوە تێر

ئیتر بزانین لەمەودوا کام پیاو
ئاساری خێرمان بۆ دێنێتە ناو

(٥٥٤)

گـــوم بـــوو ژیـــانو پەنـــدی پێشـــینان
هۆمـــان کـــەوتبوە چـــیرۆکەی ژنـــان

ئێســـتا هـــەردووکیان کەوتنـــەوە مەیـــدان
ســـا، چـــی ئـــەنوێنێ ئاوێنـــەی دەوران

کـــەتۆ نوشســـتیت لەکـــەس نـــەهانی
تـــامی لێ بـــوردن ئەوســـا دەزانـــی

گەردشـــی جیهـــان زوو زوو ئـــەگۆڕێ
یـــەکێ دێـــتەوەو یـــەکێ ئـــەتۆرێ

ئەگـــەر مەجلیســـی میللـــی نـــەگۆڕێ
ســـەودای مەبعووســـی ئەچـــێتە گـــۆڕێ

بـــرا، بـــرای خـــۆی لا بێگانەیـــە
فرزەنـــد لـــە بـــاوك بـــە بەهانەیـــە

هـــەموویش ئـــەیزانین یـــەکێتی چـــاکە
دوو کـــەس یەککـــەوێ ســـێ کـــەس غەمناکـــە

کەهـــەموو ئاشـــت بـــن بـــۆ تـــۆ چـــاکترە
هـــەر رۆژە خـــوانی لایێـــك حـــازرە

ئەوی بە (فریو) ئەگاتە پایە
شەیتان لە بەرگی فریشتەدایە

کاسبی چونکە دەعیەی تیا نییە
هیچ مەئموورێکی پێ رەزا نییە

من وا مەعاشی تەقاویتیەکەم
ئەمبا بەرێوە بێ زیادو کەم

هەوای (بۆنزۆر)و نەشئەی تەمەننا
خستوومیە گێژەی تەقەو تەقەللا

زەیستان لەسەر کاسە سوێند ئەخوا
کەچی چلەی چوو عوزری تر ناشوا

ئای بۆ ئەوانەی لە تەماع پاکن
لە ناحسابو حساب بێ باکن*

ئەگەر سەربانت درزی نەدابێ
دڵۆپە ئەبێ لەکوێ پەیدا بێ

---

* ژین، ژمارە: (٥٥٤)، ١٩٣٩/١/٢٦.

شیاوی باسە ئەم پەندە لە یەکەمین ژمارەی (ژین)دا بڵاوکراوەتەوە کە لەدوای داخستنی رۆژنامەی (ژیان) جێی ئەوی گرتەوە. بەڵام پیرەمێرد لەسەر هەمان زنجیرەی (ژیان)، ژمارەشی بۆ (ژین) داناوە.

حەیفە کای تازە ببڕێ بۆ سەربان

هەر پاش ئاخوڕە ئەبێ بە کای بان

(٥٥٥)

کوشتەی عارەفەمان وا لەپێش چاوە
ئێواران هیچمان لەبیر نەماوە

ئینسان لە نسیان دروست کراوە
چاوی لە پەردەی غەفڵەت پۆشراوە

تا ساتمە نەکا چاو هەڵنابڕێ
ئەکەوێتە چاڵ پەلوپۆی ئەبڕێ

تا نەمانبەنە گردەکەی سەیوان
چاکەو خراپە نایێتە مەیدان

فۆرمەی وەزیفە کەبوو بەکفن
دەستو پێ لە پیاو ئەبێ بەدوژمن

کە (مەرنەموکە) چاو زەق کاتەوە
ئاغایی لەبیر پیاو ئەباتەوە

کەوابێ بۆ چ هەر باوی (کەوا) بێ
ئەوە (کەوا) بێ کە مەردی تیا بێ

گەردن ئازایی جەژنان ساتێکە
نوێژی ئاشتی هەر، ڕکاتێکە

بەلام گوریسی شەڕو دەعوامان
هەتا ڕایکێشی ئەو دێ لەدوامان

ئەمانە وزەی بەر گوێی بێ عارە
کەس نالێ مردن هەیە لەم شارە

ئەگەر هەر بەندێ پەندێکمان باتێ
ئێمەیش ئەچینە ریزەی ولاتێ

دەستی یەك ئەگرین بەکردو کۆشی
دەوڵەمەند ئەبین ئەگەینە خۆشی

ئەگینە ئەزین وا هەڵدەبەزین
گورە گورمانە تا دێینە بەر زین

چلەمان کێشا تا گەینە چلە
هەورازمان بڕی گەینە سەر ملە

پێویستە ئینجا بحەسێینەوە
شەیتان لەخۆمان دوور بخەینەوە

ئەگەر من چاك بم عالەم بۆم چاکە
بەلام مرە مڕ شەڕی سەر لاکە*

* ژین، ژمارە: (٥٥٥)، ١٩٣٩/٢/٩ز.

(٥٥٦)

دنیا گشت ڕۆژێ بەرگێ ئەگۆڕێ
کە شووی تازەی کرد کۆنەی ئەتۆرێ

مێردە تازەکەی سەیری کۆن ئەکا
هیچ پەروای نیە ماچو بۆن ئەکا

نازانێ کە بەم ساتو سەودایە
یەکێکی تری لە کەمین دایە

لەم ئاڵو گۆڕەی تەشقەڵەو گەڕە
هەرچی دەبینی هەر نیوە زەڕە

بەم حاڵەیشەوە هێشتا بۆی شەیداین
بێ سودو نابود سەودایی سەوداین

بەدنیا ئەڵێین: چەند بێ وەفایە
هەرچی کە دەستی بەیتێ دنیایە

ئەوی تەشیمان بۆ دەرست دوێنێ
ئەمڕۆ ناپرسین کەوتە کام شوێنێ

ئەوی لەشوێنی ئەو دێ تێ دەگا (١)
ئیتر بایەخی چیمان پێ دەگا

ئێمە بە ئەخلاق لەپێشەوە بین
کە لەناو خەڵکا بە حورمەت بژین

ئەگینە کە هات ماستاو بفرۆشین
کە مانگا نەما چی تر بدۆشین

ئەشێ وەك درەخت بە رەگو بن بین
بە قووەت کوێری چاوی دوژمن بین

نەك وەك (کوڵەژەن) لەهەموو ماڵێ:(٢)
دەرپێی ئابڕومان لەپێ داماڵێ

خۆ دیوەخانی ئێستای ئەم شارە
یا غەیبەتی خەڵك یاخود قومارە

ئەگەر نەیەوێ صاحیب دیوەخان
نایەڵێ زەمی خەڵك بێتە مەیدان

ژین، ژمارە: (٥٥٦)، ١٩٣٩/٣/١٦ز.

(١) (تێ دەگاو پێ دەگا) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا ئاڵو گۆڕ کراوە.

(٢) کوڵەژەن: دارێکە دەزووی لەسەر هەڵ دەخەن بۆ جۆلایی.

خۆ هەر ئەوسماتەی کە غەیبەت کرا
بۆ خاوەند غەیبەت بە دیاری برا

ئەگەر ئەم حاڵە ئیتر بەس نەبێ
هیچ کەس بەهیوای دوستی کەس نەبێ

(٥٥٧)

ئـــەم خەڵکـــە بۆیـــە زســـتان دڵ نەرمـــە
بـــە زســـتان خـــاکی سروشـــتمان گەرمـــە

خـــاك دایکـــە بۆیـــە بۆمـــان دڵســـۆزە
ئـــاگر باوکـــە بۆیـــە بەســـۆزە

چـــی بکـــەین! باوکمـــان جینســـی خەشـــینە
دایـــك بـــە دەســـتیەوە دایـــیم غەمگینـــە

مـــەڵێن کـــە ئـــادەم حـــەوا تـــەفرەیدا
خـــۆی وا نەبوایـــە چـــی دەکـــرد حـــەوا

ئـــەوی بـــە قســـەی ژن تـــەفرە ئـــەخوا
ئـــەوە پێـــی دەڵـــێن: فـــەقیری خـــوا

هەرچـــی بـــە عـــەقڵی خـــەڵکی تـــر ئـــەکا
مەقـــەس بـــە زۆری پەنجـــە کـــار ئـــەکا

بـــەڵام شـــەیتانی ئینســـان ئینســـانە
بـــە ئاغـــام پاشـــام تـــەفرە ئاســـانە

خۆزگـــە ئەوانـــەی پیشـــەیان وایـــە
جـــارێکیش جارِیـــان بـــۆ بدرایـــە

نوشست نایێنێ لەگەڵ پیاو چاکا
کەچی ئەبینی کەس ڕووی تێ ناکا

لەلای هامرازی قسە خۆشەکان
غەیبەت خۆشترە لە دەنگی قورئان

مانگی ڕەشەمێ شوکر بەسەرچوو
مر میاو مر میاو داوودمان لاچوو

دەرخۆنەی سەری دیزە لاچووە
ئەڵێن: پشیلە سوور کەتنی کردووە

سەگ لە پشیلە بە وەفا ترە
کەچی پشیلە قەدری زیاترە

چەند خۆشە لەگەڵ یاری باوەفا
ڕابوێری دائیم بە زەوق و سەفا

گەردی چڵوچۆت لە دڵ نەنیشێ
با دوژمن باری خەفەت بکێشێ

هەزار بانقەنۆت ئەوە نایێنێ
دۆستێ دڕکێکت لە پێ دەربێنێ*

---

* ژین، ژمارە: (٥٥٧)، ١٩٣٩/٢/٢٣ز.

(٥٥٨)

خوا کە شەو دێنێ ڕۆژ نەباتەوە
پەردەی تاریکی دائەداتەوە

مەبەستی وایە کە بۆ بەیانی
ڕۆژت لێ بووەوە قەدری بزانی

هەندێ بە تینێ یاخۆ، بە ڤینێ
شەمشەمە کوێرەن چاویان نابینێ

هەندێ وەك چاوی نەشۆراو پیسن
خەرجی شیاکەو کوتانی لیسن

هەر ڤینێت هەڵسێو فنجان بشکێنی
بۆ پیاڵەیێکی چا دادەمێنی

خۆ دڵ شکاندن لەوە خراپتر
ڕۆژێ ئەتکوتن وەك جاوی گازر

خۆزگە پیاویش وەك شەراب بوایە
بە کۆنی نەشئەی زیاتر بدایە

کەچی من کۆن بووم بووم بە سەرەویر
پێم ئەڵێن: (أخرج یا زوج الکبیر)

ساڵەو ساڵ زەوی نوێ ئەبێتەوە
گژو گیای لەگەڵ ئەبوژێتەوە

کە زستان ڕۆیی ئیتر نەورۆزە
بولبول لە عەشقی گوڵدا بە سۆزە

بەشی دوو ساڵمان لە نەورۆزدایە
یاڵڵا کوڕو کاڵ سا وەرنە کایە

موحەڕڕەم شینەو سەفەر داوایە
هەر ڕەمەزانە جەژنی لە دوایە

خوا قەدری (قەدر)ی خستە ڕەمەزان
وەك کوردە نەیکەین بە خواستی ژنان

با مانگی چاوی شەیتانمان کوێر بێ
لەناو خۆماندا پیشەمان خێر بێ

ئەگینە تەوری (نادر ئاوێنە)(١)
بۆ گۆشت بە (خەلە) حەقەوەسێنە

---

ژین، ژمارە: (٥٥٨)، ١٩٣٩/٣/٢ز.

(٥٥٩)

ئەوی پەل‌و پۆ ئەکوتێ لە ئاوا
مەلە نەزانێ دیارە خنکاوە...

ناگەیتە قۆناغ بە کنگەخشکێ
بە لیسی کوێری نیشان چۆن ئەشکێ

گوریس کێشەکێ بۆ ناوخۆ نابێ
تەجرەبەی زۆرت بۆ خەڵکی لابێ

ئەوانە فێری دەوەن بە ناشن
باراش هاڕ دەڕواو ئەوان لە پاشن

بۆ سەروپیێ ماڵ جوێ بکەیتەوە
لە سفرەی مێردان جێت نابێتەوە

بۆ تۆڵەی قەومت کە کەم ڕەگەز بێ
ئەبێ بە تورکی (وردم دویماز) بێ

[1] لە ژمارە: (٥٥٩)دا لاپەڕە (٢) ئەڵێ نادر ناوێنە لە تیرەی بەرازیەکان بوو زۆر بەهێز بوو پاڵەوان بوو ڕۆژێ کابرایێک دەکوژێو پارچە پارچەی کردبوو ئەمجار هاواری دەکرد های گۆشت بە خەلە.

دوکتۆر لە برین تیریش دەرێنێ(١)
ئێشی برینت هێشتا ئەمێنێ

کە تۆ بە چەپۆك هیچ کوێت نەیێشێ
لاپۆرەیش هەڵسێ پیاتا دەکێشێ

کە بۆ هاوخوێنت، خوێنت نەجۆشێ
پەچەی بەدنامی ڕووت دادەپۆشێ

با لە ناو خۆیشا ناحەزی یەك بن
لە ڕاستی دوشمن دەست بە کوتەك بن

ناکەس بە پیاوی بێ دەس خەڕۆیە
ئەمڕۆ لە منەو سبەی لە تۆیە..

سەرو دەستو پێ هەمووی یەك لەشە
لەناو عەشرەتا ئەڵێن: ڕەش ڕەشە

بەم زیقو زاقەو بەم داو (لبازە)
تەلە زیتکەمان هاکا ترازا..

---

ژین، ژمارە: (٥٥٩) ١٩٣٩/٣/٢٠.

(١) تیریش (لای پیرەمێرد) تریش (لای کاکەی فەللاح).

کە لە چاڵو کۆسپ ورد نەبینەوە
ئەمجار کە کەوتین هەڵناسینەوە

ئەوانەی مەعنای پەندی پێشینان
بە پێچەوانە دەخەنە مەیدان

تا لە خۆیاندا چشتێ شك نەبەن
دای ناتەکێنن وەك گولۆڵە بەن

(٥٦٠)

ناوێرین بڵێین پەندی پێشینان
لە ترسا ئەڵێین: چیرۆکەی ژنان

خاتوو زەمهەریر شینی چلەی کرد
ئەویش لە پاش ئەو زوو تەشریفی برد

ئینجا کەوتینە بورجی پیرەژن
مەکری پیرەژن ڕێوی کردە کون

بەفرو هەڵەکۆك بە بای نهێنی
لە لای چەرخی پیر کەوتنە خوازبێنی

کەچی بەفرەکە زوو توایەوە
شایی ئەو جووتەیش هەروا مایەوە

هەرچەند لە تاسەی دووری نەورۆزا
بە گڕی بێ گڕ دڵ هەڵپڕووزا

بەڵام قەید ناکا خۆ هەر بارانە
نیسان سەیرانی گردی یارانە

(پواسان داوریل) ئەوا هاتەوە
خومی جوولەکەیش شێواوەتەوە

هەردووکیان ئێستا برەویان کەمە
وەك نەورۆزێکە کەوتبێتە شەمە

پێش نیسان هێندە درۆ کراوە
هەمانە تری وای تیا نەماوە

سێ شەش دوو لاقی قورسی شکاوە(١)
شەشەکەی تری بۆ خۆشی ماوە

کنگری دەشت و شاخ پێ گەییوە
دنیا بۆ ئێمە ماستی مەییوە

دۆ هات برەوی ماستاو نەماوە
تەشی ڕستنیش وەك ڕیسی خاوە

(بسم الله)مان کرد بە دڵێکی صاف
جنۆکە هەموو ڕوویان کردە قاف

هێشتا نەمردووم نەیان ناومە گۆڕ
پێم ئەڵێن: مردووی بەشی زیندە خۆڕ

---

ژین، ژمارە: (٥٦٠)، ١٩٣٩/٣/٣٠ز.

[١] ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نیە.

تـــێ نەگەیشـــــتم بـــــە کێیـــــان زانـــــیم
ڕەنگــــــە وابـــــــزانن کـــــــە کوڵـــــــەنانیم

(٥٦١)

هەندێ کەس خۆیان کردووە بە ژاپۆن
دەست ئەوەشێنن پێت ئەڵێن پاردۆن(١)

تۆیش کە لەوانە فرصەتت زانی
پیاکێشەو بڵێ منیش نەمزانی

کیسەڵ دووپشکی ئەپەڕاندەوە
چزووی لە پشتی هەڵ چەقاندەوە

پرسی: چی دەکەوی؟ هەی بەد کردەوە
وتی: چزووی خۆم تاقی کردەوە

درۆیشی نەکرد خووی ئەسڵی وابوو
ئەگینە ڤینی چی لە دڵا بوو؟

بە دووپشکیان گوت: زستان ناتبینین
وتی: زۆر قەدرم ئەگرن بە هاوین

بۆچی بە دووپشک بڵێین بێ عارە؟
هی وامان هەیە زستانیش دیارە

---

ژین، ژمارە: (٥٦١)، ٦/٤/١٩٣٩ز.

(١) پاردۆن: بە مانا ببوورە.

هەڵەبجە ڕاوی بەرازی باوە
(یەکانە)ی ئەم لا هێشتا هەر ماوە

مشكو بەرازو كوللەمان زۆرە
هێند بێ ئینصافن نایکەن بە نۆرە

زەردەواڵەیێك ئەگەر بكوژی
خورمای شیرینی بەهەشت ئەمژی

زەردەواڵەمان ئاوروژاندبوو
خوا پاراستینی شاریان لێ تێك چوو

فیشەکی (هەوا) زوو ئەکوژێتەوە
فیشەکە شێتە لێت نابیتەوە

جاران بۆمبایان ئەبرد بۆ ماسی
خوای ماسی، بۆمبا کەوتە کەساسی

قەشەو مالوومو گەچو کەچ ناسی
کەوتوونە کوورەی مەلای هەیاسی!

زەمانێکیش بوو کە ئەتگوت بۆمبا
بەند نەدەبووی تا بەندەرگەی بەمبا(٢)

---

(٢) بەمبا: مەبەست لە شاری (بۆمبا)یە لە هیندستان.

ئێستا ئەو هەورە نەما، هەساوە

لەعنەت لەو کەسەی لە خەڵکی داوە

## (٥٦٢)

ئەم فەصڵە کەوا دەڵێن بەهارە
هەورو هەتاوی بێ ئیعتیبارە

خوا ئەم چوار فەصڵەی بۆیە وا دانا
کە ئیعتیباری پێ نەکا دانا

هیچ کەسێ لەسەر حاڵێ نامێنێ
کوا ئەو مەلیکەی زیندوو بۆ دوێنێ(١)

ئینسان لە نیسیان دروست کراوە
مردووەکەی دوێنێ لە بیر نەماوە

مردووی عارەقیان بردە سەر قەبران
پێکێکی تریان زیاد کرد ئێواران

عارەق خۆر بڵێین وا خۆی پێی دەمرێ
ماڵ وێرانکەران چاریان ناکرێ

هێشتا مەرامی خوا حەل نەکراوە
ئەم خەڵکەی بۆچ وا لە یەك بەرداوە

---

ژین، ژمارە: (٥٦٢)، ١٩٣٩/٤/١٣ز.

(١) ئەو مەلیکەی (لای پیرەمێرد) ئەو پاشایەی (لای کاکەی فەللاح).

ئەگەر مەرامی وابێ بزانین
کە کەس ناگاتە مەرامو فانین

جا بۆچی ئێمە بە گژ یەکدا چین؟
ئەمەیش ئەزانین شێت گیرتر دەبین

تا فەن بگاتە ئەندازەی تەواو
غازی (مخنق)و بۆمبا دێتە ناو(٢)

کەوا بێ تامن لە هیچ نازانم
ئەبێ بە مایەی ڕەحەتی گیانم

ئۆخەی لە قەیدی عەقڵا وا کاسم
شا: بە سەپانی خەڵەم ناناسم!!

زەوقی بێ قەیدی لە سینەمایە
مەنزەرەی دنیا لام سینەمایە

بایزید لەبەر ئیشی بزووتێ
وتی: تەڕو وشک تێکڕا بسووتێ

بە دینی ئیسلام بەد نایەتە ڕێ
پەندی سەفسەطەی ژین چی لەدەست دێ

---

(٢) غازی مخنق (لای کاکەی فەللاح) غازی خنکێن (لای کاکەی فەللاح).

بەڵام هەر وا بین شاری کوێرانە
کەس، کەس نابینێ شەڕە گۆچانە

(٥٦٣)

عەکسـی یـەکترین (سـەفەر)و (نیسـان)
لـە پـاش ٣٦ سـاڵ وا بـوون بـە هاوشـان

بـەهارو (ربیـع) ئـەوانیش هـەروا
وەك ئێمـەو ئـەوان پێکـەوە دەڕوا

نیسـان سـەرەتای درۆو ئـاخری ڕاسـت
زۆر چشـت یـەك ئـەخا وەك کنگـرو ماسـت

لـە بـەحرا دانـەی لؤلـوئی منثـور
لـە کێـوا قـەترەی گەوهـەری شـاپوور

لـە شـارا کەوتـە سـەر چـەهرەی عـەبووس
ئـەبێ بـە (مبعـوث) بـە پێـی چـارەنووس

زاتـەن مەبعووسـی بـە چارەنووسـە
پێـی نـاوێ بڵـێین زمـانی لووسـە

زمـانی لووسـیو زەمـانی لووسـی
گـەڵێ حـەیاتی تـەئریخی نووسـی

ئێسـتا زەمـانی بـێ زمانیـیـە!
دوو زمـانی ڕووی لـە زیانیـیـە

ئـــەو كەســـەی كـــە بـــێ هەڵمەتـــە كاســـە!
هـــەڵی دایـــە دەســـــت هەڵمەتـــــە كاســـــە

ئێســـــتا هـــــەموو كـــــەس مـــــام برینـــــداره
هەرچـــــیەكت ئـــــەوێ لـــــەلای عـــــەتتاره

ســـێزدەی زیادەیـــــان بـــــە پرســـــەوە نـــــارد
بـــە تاڵیـــــیەوە چـــــوون شـــــیرینیان خـــــوارد

تەلیســـــمی جـــــامی چـــــل كلیلەیـــــە
زمـــــانی دانـــــا بـــــە كلیلەیـــــە

هەنـــــدێ كـــــە بـــــەردیان نایـــــە ســـــەر مـــــەڵۆ
لـــــە بـــــێ باڵـــــەكان ئـــــەبن بـــــە هـــــەڵۆ

هەنـــــدێ وەك ڕێـــــوی كـــــونێكی دەســـــت كـــــەوت
هـــــەژگ ئەبەســـــتێ نـــــەیكا بـــــە ئەشـــــكەوت

نـــــانی معاویـــــەو نوێـــــژی پشـــــت عـــــەلی
كـــــە شـــــەڕیش قـــــەوما بچـــــۆره ســـــەر كـــــەلی

هەنـــــدی دەعباکـــــەی کـــــەمتیاری پـــــێیـــــە

لـــــە هـــــەموو دیـــــزەی چێشـــــتا نەسـکوێیـــــە*

*ژین، ژمارە: (٥٦٣) ، ١٩٣٩/٤/٢٠ز.

(٥٦٤)

پەنــــدی پێشـــینان ناڵـــەی مەنصـــوورە
لای هەنــــدێ كەســـان كفـــری مەشـــهوورە

لــــە لای ئـــەهلی دڵ دوری مـــــەنشـــورە
ئـــەم خـــەتا ســـوورە لـــە خۆمـــان دوورە

ئـــەڵێم: هـــەوری ســـوور بـــارانی دوورە
تـــەپ لـــە تەنـــدوورە لـــە شـــارمزوورە

كەچـی خـەڵك ئـەڵێن: خێـر ئـەو تەنـدوورە(١)
بـۆ خەپلـە نیـیـە ئێمـەی مـەنظـوورە

هەنـــدێ شـــەو ئەگـــەر بڵـــێم ســـەگ لـــوورە
كـــێ بـــەو ســـەگ لـــوورە، لـــنگ بـــەرەو ژوورە

دیســـان پـــێم ئـــەڵێن چـــەند بـــە فتـــوورە
نـــاڵێن ســـەد ســـاڵە ئەمـــە مەشـــهوورە

---

ژین، ژمارە: (٥٦٤)، ١٩٣٩/٤/٢٧ز.

(١) ئەم دێرە لە چاپەكەی كاكەی فەللاحدا نیە.

كابرایێك هاتووە لە زەعیم ئەدوێ
وتمان بلوێرە! كێ ئەیگرێتە گوێ

زەعیم ئەوەتە شێوەی شەمعی بێ
خۆی بسووتێنێ، نەفعی جەمعی بێ

گەورە ئەوەتە خۆی بە خاك بگرێ
وەك خاك مردووی خۆی لە باوەش بگرێ

گەورە وا دەبێ كە بە ڕەنجی شان
كۆی بكاتەوەو بیدا بە میوان

با هیچ میوانیش مەمنوونی نەبێ
بیداو دەربەستی مەمنوونی نەبێ

زۆرمان دی ویستی دۆستی خۆی بخا
كاتێكمان زانی وەك دیوار ڕووخا

هەندێ لە خۆیدا دەست بە تێلایە
هیچ ناڵێ ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە

باوە، وا كردمان بوویشی بە ئەعیان
باش نەبی خەڵكت لێ دێتە زمان

بەوە چاك نەبی چاکی بنوێنی
نەك بە خەمەوە خەڵکی بنوێنی

خۆزگە ئەعیانی بێ مەعاش نەبوو
ئەوسا ئەم خەڵکە بێ تەلاش نەبوو

(٥٦٥)

بە کەسێکیان گوت پیاوێکی چاکە(١)
بۆیە پێی نەڵێن کە شیری پاکە

ئەم شیر پاکییە بە دوو مەعنایە
هەرچەند کە نوکتەی وا بێ مەعنایە

یەکێکیان شیری بەر دایکییەتیە
ئەوی تر شیری حکومەتییە

شیری حکومەت دەست هەر کەس درا
وەك یەك دەبڕێ دوشمن و برا!

حەقی عمومی نادرێ بە کەس
ئیش نادرێتە دەست مەنسووبی ناکەس

دەستووری ڕێگەی قەدبڕ، دووو حەرفە
حوکمێکی وایە حیکمەتی صرفە

---

ژین، ژمارە: (٥٦٥)، ٤/٥/١٩٣٩ز.

[١] لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (بە یەکێکیان گوت).

ئیش بۆ پیاو نابێ، پیاو بۆ ئیش ئەبێ
ئەگەر وا نەکەی شەڕت تووش ئەبێ

بە هەڵم بەڵم بە شەش پای دوو سم
ئینجا میزانی کار ئەبێ قایم

ئەو تەرازووەی کەوا سەر ئەکا
کێ بە کێشانەی ئەو باوەڕ ئەکا؟

بەردێکیان هێنا کە بەردە پشکە
دیوێکی تەڕە، دیوێکی وشکە

من وشکم ویست و یەکێکی تر تەڕ
هەڵمان دا تەڕ هات ئەو پێی کەوتە گەڕ

باوجود ئێستە کەم کەس تەڕ ئەبێ
ئەوی تەڕ ئەبێ کوێچکەی کەڕ ئەبێ

دنیا وەك خەتە میزێنێ وایە
بە شەقی یەکێ دێنەوە کایە

ناشە تەندووریش بە شەق ئەدۆڕێ
یەکێ شەق ئەخواو هەموو دەگۆڕێ

نێستا ئەمانە باویان نەماوە
هومای مەبعووسی وا بە هەواوە

بزانین سێبەر ئەخاتە سەر کێ
شەو دێزی طالع بۆ کێ دێتە ڕێ

(٥٦٦)

دوو ڕەشمان هەیە سەری پیاو ئەخوا
یەکێکیان هەوەس یەکێکیان هەوا

کە سەر دەربێنن لە هەردوو لاوە
سەرکوتیان نەکەی کارت تەواوە

دوو مارەی زوحاك هەواو هەوەس بوو(١)
درۆیە دەڵێن ڕۆح و نەفس بوو(٢)

بە هەوەس دڵی خەڵکی ئەشکێنێ
بە هەوا سەودای بەرزی ئەنوێنێ

کە دڵت شکاند دڵ شکست ئەبی
کە بەرزیش فڕیت دوایی پەست ئەبی(٣)

کەواتە، واتەی هیچیان مەهێڵە
خۆت مەکە بە گای ناو ئەم دوو هێڵە

---

ژین، ژمارە: (٥٦٦)، ١١/٥/١٩٣٩ز.

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (دوو مادەی زوحاك).

(٢) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (دوو بە دوو دەڵێن).

(٣) لە چاپی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (کە زۆریش فڕیت).



خانووی دوو نهۆم کە دیتە بەرزە
کەوتنە خوارەوەی بە ترسو لەرزە

بەلاّم یەك نهۆم لە زەمین دایە
لەوێ بیش کەوی هیچت لێ نایە

مەوقیعی بەرزیش عەینی ماددەیە
کە کەوتیە خوارێ مەرگ ئامادەیە

ئەوی کە کاری بە سیاسەتە
دوایی کاری بە سیاسەتە

(ئاية الكرسی) ویردی کورسییە
(قل هو الله) دوعای سکی برسییە

ئایەی مەبعوثیش لە قورئانایە
(یوم عظیم)ی بۆیە لە دوایە

دەردێکی تازە بۆ مەئموور داهات
کتوپڕە وەك مەرگی موفاجات

داری ئاگری هەنجیرە بۆقۆڕ
قبرەڵکەن ئاخری دەکەوێتە گۆڕ

لەگەڵ ئەوەیشدا نەفس زۆردارە
لووتی لە گۆشەی قەناعەت خوارە

تەسکینی نادا شەیتانیی خەوێ
بۆ شەوێکیش بێ زاوایی ئەوێ

(٥٦٧)

ئەوسـا کـە ڕێو بـان ئـەبوە تـەقو دەو
وردە شـاتری ئەکەوتـە سـەر ڕەو

(خرانیمچـون) بـۆ ڕێـی سـەلەفی دوور بـوو(١)
دوو دەسـت بـە تاڵـە بـۆ شـارەزوور بـوو

دەسـتەی مـازووری کـە ڕەوی ئـەکرد(٢)
کـەم فرسـەت لـە دووی هـەو هـەوی ئـەکرد

دوایـی کـە ئـەوان ئەگەڕانـەوە
لـە شـوێن حـەو حـەوێکیش ئەگەڕانـەوە

بـە دیـاردی ئـەبوو بـە هـەرا
کونەمشـک ئـەبوو بـە کۆشـکو سـەرا

ئێسـتا ئـەم هـەموو سـەلەفە ئـەکرێ
نـاوی ئیمچـونو قـەیار نـابرێ

---

ژین، ژمارە: (٥٦٧)، ١٩٣٩/٨/٢٢ز.

(١) لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نووسراوە (بۆ ڕێی شەفی دوور بوو).

(٢) لای کاکەی فەللاح نووسراوە (دەستەی مازوو یا گەزۆی نەکرد، کەم فرسەت لە دووی حەو حەوی ئەکرد).

ئوتوموبێلە!! ولاخ نەماوە
قەیار بۆ پیاوی بێگانە باوە!

نالبەندیی کەوتە دەست وەستای گەدا
هەندێ لە ناڵو لە بزمار ئەدا

ڕۆژێکیش ئەبێ بە کۆلکە بزمار
دەستی کۆڵی سوار ببێ کۆڵەوار

سەردەمێ کلکیان کرد بە بەهانە
وا ئێستا مۆدەی کلک هەڵکێشانە

مایسەو گەرمەی گەزۆ بارینە
لە کێ دەنیشێ مێش ئەم هاوینە

لە سینەمادا (ریو)م دەورەی زوو(٣)
کە باوی (باوەفیل ئامەدی) بوو

کە ئەتگوت فیلی یەك دەست ئامەدە
بۆ دەست هەڵبڕین یەکسەر ئامادە

(٣) لای پیرە مێرد مەبەست سینەمای (ریۆ)یە لای کاکەی فەللاح نووسراوە (بووم دەورەیی زوو).

لە پاش یەك دەست یەك دەستو یەك پا
داهاتو کورسی بەختی پێ چەسپا

زۆریان لا خۆشە ئەم جرتو فرتە
بەڵام ئاخ هەوەدای هیوا زۆر کورتە

هەروەك کورتانی کەری جەجاڵە
بە شەو ئەدروێ بە ڕۆژ بە تاڵە

(٥٦٨)

دوو جامباز تێکڕا چوونە سەر تەناف
لەگەڵ یەکتردا کەوتنە مەصاف(١)

بزانین کامیان بەر دەبێتەوە؟
تەنافی بەختی ئەلەرێتەوە

ئەوی کە پیشەی تەناف بازییە
ئەوەڵ هەنگاوی دەوڵەت خوازییە

خۆ ئەو بابییەی کە بەرز ئەفڕێ
هەر مل شکانی خۆی پێ ئەبڕێ

دنیا هەنگوینەو ئێمە وەك مێشین
لێی نابینەوە هێندە بە کێشین

ئەبینی یەکێ پێی تێ گیراوە
هێزی تەکانو جووڵەی نەماوە

ئێمە خەریکین لەویش تێ پەڕین
خۆمان بە دیاری بۆ مردن بەرین

---

ژین، ژمارە: (٥٦٨)، ١/٦/١٩٣٩ز.

(١) لە چاپی کاکەی فەللاحدا نووسراوە: کەوتوونە.

من خۆم لێم بیستوون ئەهلی مەدینە
(ناموسیە) یان لا پۆپەشمینە

لەوێ مێشوولە ناوی (ناموس)ە
لە زۆر جێش ناموس زمانی لووسە

سا بۆیە! لێرە وەك یەك مەبذولە
سوێندی نامووس‌و گیزەی مێشوولە

لای جاف ڕەش ڕەشەو ئەمیش لەو هۆزە
قەزای دیزەیە واكەوت لە گۆزە

(ولا تزروا) حوكمی نەماوە
بە ئاغا، نانی نۆكەر بڕاوە

هەر كەسێ پیاوی خۆی ددامەزرێنێ
ئاشە تەندوورە شەق ئەیڕووخێنێ

بە بابی بابی كە كەر سوار نەبێ
پیاوی بێ ئابڕوو بۆیە هار ئەبێ

من پاڵتۆكەی خۆم هەڵگێڕایەوە
ڕێ نەكەوت پێوە بێمە كایەوە

نەبینم پاڵتۆی خەڵكی ڕەنگ ڕەنگە
وەك كوڕە كەچەڵ وشكو برنگە

(٥٦٩)

چشتی کاڵ مەخۆ زگت نەیێشێ
تەماعت کەم بێ و مێشکت نەیێشێ

ئەگەر پەڕۆیەك لە خۆت دادڕی
ئەتوانی سەری تەماع ببڕی

کە ئێشی دەرزی خۆت لا ناخۆش بێ
زامی سوژنی خەڵکت لە هۆش بێ

ئەو دڵەی حەسەد هەڵیەقرچێنێ
تامی فەرەحی تێدا نامێنێ

دەست بەسەر پاچی مەرمەزە کرا
دوا بە دوا لیستەی فەصلیش دەکرا

بزارو قوتار کە ساڵەو ساڵە
قوناری باخی میر بۆ پێنج ساڵە

مێوێ بەر بگرێ تووڵ کێشی دەکەن
ئەوی کە زڕ بێ ڕەگ کێشی دەکەن

هەندێ باخەوان زەمینی بۆ ناچێ
هەرچی هاتە پێش هەر دایدەپاچێ

(پوی کوتاژ) قەومی پێ سەربەست ئەبێ
بە (موراتوریوم) دوشمن پەست ئەبێ

بە هەبا، هەبا ئەچووینە کایە
ئێستا کە بەڵم، بەستمی تیایە(١)

گزیەکی تیابوو، بەش بەشی پشکی
ئێستا سەد خۆزگە بە تەڕو وشکی

ئەم گێرەو کێشەی بردنو هێنانە
هەموو (سیئە)ی منسووب دانانە

کە چوویتە سەرکار دەورەی پیاو ئەگرن
ڕۆژی سەد کەڕەت لەبەرت ئەمرن

کە پیاو بۆ ئیش بێو ئیش بۆ پیاو نەبێ
هیچ کارێ نابێ کە تەواو نەبێ

وەك لە قورئانا فەرموویە خودا
دەستو پێ لێتان شایەتی ئەدا

ژین، ژمارە: (٥٦٩)، ١٩٣٩/٦/٨ز.

[1] بەڵم بەستم: جۆرە یاریەکە، لای کاکەی فەللاح نووسراوە (بڵێم بەستمی).

دەستو پێوەندی ئێستاکەیش وانە
لێ کەوتی ئەوان کەوتنە بە هانە

(٥٧٠)

پێم گوت: بە گەرما، مەچۆرە بەغدا
وتی: فێنكی دڵ بۆ ئەوێم ئەبا

مەسینەی مەسنەت ئاوڕشێن ئەكا
هەوای بانقەنۆت باوەشێن ئەكا

رابطەی ڕەسمی ناو (عملە)ی دلگیر
خێری زۆرترە لە رابطەی پیر

ئەویان خەیاڵەو ئەمیان ماددەیە
پیریش بۆ پارەی مفت ئامادەیە

سای ئاشە بەرزەو ئاوی چوون تەرزە(١)
بنچینەی تەقوای هێنایە لەرزە

بە شوێن تەقوادا كەوتمە تەق و دەو
ئەترسم دوایی لێم ببێ بە خەو

---

ژین، ژمارە: (٥٧٠)، ١٩٣٩/٦/١٥ز.

(١) چوون: واتە وەك (لای پیرەمێرد)، چەند (لای كاكەی فەللاح).

زۆر کەس لە خەودا پارە ئەبینێ
ئەی خاتە دەستیو توند ئەی قووچێنێ

کە هەڵسا لە خەو دەمستی کردەوە
هیچی تیا نەبوو، تاسی بردەوە

قەیدناکا ڕۆژی شایی شایە
تازە پیاکەوتوو لەخۆی بایە

بۆ دنیا خەفەت مەهێنەرە بەر
هەر چۆنێ بیگری وا دەچێتە سەر

ئەوانەی کەوا ڕازین بە لاتی
حەڵاڵ خۆریەو کەم دەسەڵاتی

کێ خەڵاتی خوێش ڕەت ئەکاتەوە
شێخیش شەرابی مفت ئەخواتەوە

دنیا بۆ هەندێ مەسنەت ئەنوێنێ
کە دەستی ڕاهێنشت جرتێ ئەکەنێ

هیچ کەس شک نابەم کە دنیای نەوێ
لەوە دەترسێ دەستی نەکەوێ

زۆری وا هەیە گێرە شێوێنە
لەناو نۆ مەنجەڵ شیردا هەوێنە

هەی وایشمان هەنە کە ئەیخافڵێنن
پارووی لە دەمدا لێ ئەفڕێنن

(٥٧١)

بە شیری گامێش گەر جوانوو گۆش كەی
ئەبێ لە ئاوا جێ بۆ خۆت خۆش كەی

ئەو كەسەی بێچووی گورگی بەخێو كرد
بە كردەی ئەو خۆی تووشی جنێو كرد

ئەوەی مۆریانی لەشی نەكوژێ
گۆڕ وایە ئەسپێ خوێنی بمژێ

ئەوەی هەمیشە لە خەڵكی ئەدوێ
ڕۆژێكیش ئەبێ مەكینەی ئەسوێ

مەكینەی سواو خەڵكی كەوتە شوێن
ئەو سایە ناوی (مەنی) لێ ئەنێن

بە مەڕ مەڕۆكێ ئەوی تێ كەوێ
ئەبێ چەپۆكی دۆستی بەركەوێ

ئەیبەستنەوە بە دەست و پێ و چاو
ئەڵێن نایكرین بە نانە سووتاو

بۆرە پیاو گاڵتەی كرد بە كۆنە بەگ
گورگ پیر بوو ئەبێ بە مەسخەرەی سەگ

هەرچەند بێ ئەمری خودا هیچ نابێ
بەڵام کار ئەبێ سەبەبی تیابێ

کە تۆ دانیشیو خوا ئیشت بۆ بکا
ئەتەوێ خوا بکەی بە کوێخای دەرگا

ئەواللە تۆ خۆت بکە بە مەنسووب
سەلکە پەنیرت بخەرە ناو گووپ

قەید ناکا ئەگەر ئەو ئاغا گۆڕا
(فراك)ی تازەی ئەم بکە بە بەرا

زمانی لووسو ڕیای بە ڕێو جێ
پیاوی دنیایشو خوایش دێنێتە ڕێ

هێشتا نەیاندی کەس بە ئیقتیدار
بەبێ واسیتەی ئەرخە بێتەکار

ئەوی بە عیلەو ناموس ئەنازێ
هۆی کەوتە نامەرد بۆ نانو پیازێ

تا دەوری نەیێت کە پیاو بۆ ئیش بێ
ئەبێ هەر باوی پیاوی بێ ڕیش بێ*

* زین، ژمارە: (٥٧١)، ١٩٣٩/٦/٢٢ز.

(٥٧٢)

عەقڵ بە گەورەو بچووکی نییە
کاری دیوانی بەربووکی نییە

لەسەر ماڵی خۆت حەزکەی ئەبەخشی
کە ماڵی دیوان بەخشی، ئەلەخشی

بە دەستی قوچاو کارت پێک نایە
وەختی وا هەیە (بزما) بە گایە

کەروێشک کە ئەنوێ زەق زەق ئەبینێ
کە (دیاردیت) لێ کرد چاو ئەقووچێنێ

لای وایە کە خۆی چاوی قووچابێ
ئیتر ڕاوکەریش چاوی لەو نابێ

کاتێ بە (حەل حەل) تانجی کەوتە سەر
کەروێشکە خەوی بۆ ئەبێ بە شەڕ

ئای ئادەمیزاد بۆ پارووێ گۆشت
لەم گیاندارانە بۆچ ئەکەنی پۆست

ئەو کەسەی چاوی لە بەرتیل تێرە
گوێرەکەیەکە بە پەموو فێرە

لە مووصڵ ژنێ هەللاجی ئەکرد
چینچکان چەکەی بۆ کەوان ئەبرد

تێ فکریم هەللاج هیچ گونی نەبوو
(ضرب المثلمان) بە درۆ دەرچوو

هەر لەو شارەدا پیاو تەشی دەڕست
وام زانی عەیبە لێوی خۆم لێ گەست

کەچی تەشی ڕێس لێرە هێند زۆرە
لە (ڕکە) کوژیش ناگاتە نۆرە

کەوتووینە دەورێ عەیب نقطەی هەیە
چاو وردەوەکە بزانە کەیە

(ح)ی تحسسمان نقطەی لە ژێرە
ئەوی پێی فێرە هەمیشە نێرە

ئەمانە عەقڵی پێشینیانە
نان ئەو نانەیە ئیمڕۆ لە خوانە

مادام کە پارە ئەڵێن عەیب پۆشە
هەرچی بۆ بکرێ دیارە کە خۆشە*

* ژین، ژمارە: (٥٧٢)، ١٩٣٩/٦/٢٩ز.

(٥٧٣)

کە لە بەهەشتا ئادەم بۆی دەرچوو
بە سەیران نەبوو، بە دەگردن بوو

ئەم خاکدانە ناوی مەنفایە
نابێ پێی بڵێین جێگای سەفایە

بۆیە پێغەمبەر شاهی ئەنبیا
فەرموویە ڕاحەت نابێ لە دنیا

ئێمە تێ ناگەین لەم کاروبارە
دەست بەرد ئەهاوێ، بەرد گوناهکارە

هەندێ سروشتی بنچینەی بەدە
ئەوە چاك نابێ دەستی لێ مەدە

هەندێ بە بەدی باوکی ئەخورێ
پێکوڕەی مشکەو جەواڵ ئەدڕێ

خوا بۆ زیانی کوللە ئەنێرێ
بە عەینەمەلیش پاسی ئەسپێرێ

هەر زەردو خوردە کاری دنیایی
بۆیە لای عاقڵ خۆشە تەنهایی

زۆر کەس بە قسە، چاکەی لا چاکە
کەچی کە بەدیی پێش هات بێ باکە

ئێستری چەمووش چاکەی پێ ناوێ
لەسەر ئالیکیش جووتە دەهاوێ

بە ئێستریان گوت باوکی تۆ کێیە؟
وتی دایکی من سەجەرەی پێیە

ئێستا دەبینی هارێك و هاجێ
یەك کەوتوون موویان بە بەینا ناچێ

لە دڵدا خوێنی یەکتر ئەمژن
کە فرسەتیان دی یەکتر ئەکوژن

دوو پیاوچاك چاویان بە یەك ناکەوێ
بە بیستنی دوور یەکیان خۆش ئەوێ

ئەو کەسەی لەگەڵ خەڵك دڵی پاکە
خۆش ڕادەبوێرێ لە ترس بێباکە

کەچی بەدکارێ یا پایە بەرزێ
دڵی وەك گونی هەلاج ئەلەرزێ*

---

* ژین، ژمارە: (٥٧٣)، ١٩٣٩/٧/٦ز.

(٥٧٤)

پیاوێ کە پیاو بێ ئەبێ تێفکرێ
ئەو ڕەخنەیەی خەڵك لەوی دەگرێ

ئەگەر وەك ئەڵێن ئەو عەیبە ڕاست بێ
چارەی ئەو عەیبەی لە خوا خواست بێ

خۆی هەوڵ بدا بۆ ئەخلاقی خۆی
تا ڕێی توانجی کەس نەمێنێ بۆی

بەوە زوبانی خەڵکی دەبەستێ
نەك بەویش نەڵێن ئەو قینی هەستێ

هەندێکی وا هەن بە کشەمرێ
لە مر، مردنی خۆی، لێ دەگرێ

ئەگەر خۆ بڵێن بە زەردەواڵە
سیرە گۆشتی من بە دەمت تاڵە

ئەڵێن ئەو تاڵیەکی ترە
لەگەڵ ئەمانە وەرە دەربەرە

من ئەڵێم پەندم سەر دەر هەوایە
هەموو شێعرێکم بەبێ مەعنایە

ئەڵێن: هەرچەندە زۆر بێ مەعنایە
کەچی بۆ ئێمە هەر مەعنای تیایە

هەی هاوار ئەگەر چشتێ شك نەبا
بۆ چ (دار هەڵبڕە) بۆ سەر خۆی ئەبا

تۆ پاك دەروون بەو گوێ مەدەرە کەس
گوی لە واتەی چاك بگرەو ئیتر بەس

ئەڵێن: کە گۆزە هەرچیەکی تیابێ
ئەبێ تەڕایی وای لێ پەیدا بێ

لەلای من ڕاستە عیلمی قیافەت
پیاوی نەزانو صاحێب درایەت

شافیعی باشی لێك کردوونەوە
چاك تێیان ئەگەین بە ورد بوونەوە

ئەگەر پەیڕەوی ئەو عیلمە بکەین
لە ماهیەتی هەموو کەس ئەگەین

بەڵام هێ وایان هەیە بە تەفرە
لای گەورە ئەبێ بە پیاوی گەورە

کەچی ئەبینی زۆری پێ ناچێ
سەری لا دەچێ بە نووکە پاچێ

داخم ئەو داخە ئێمە بەم حاڵە
ئەمانە دەڵێن لای هەندێ تاڵە*

* ژین، ژمارە: (٥٧٤)، ١٩٣٩/٧/٢٠ز.

(٥٧٥)

ئەو جلەی دەوڵەت ئەیکاتە بەر پیاو
داکەنرێ ڕووتێک ئەکەوێتە ناو

خەرقەی زانستی زەحمەت ئەدڕێ
سا مەگەر گومرگ هەناسەی ببڕێ

ئەخلاق ئاوێنەی عیلمو سەروەتە
بەبێ ئاوێنە (خۆ دین) زەحمەتە

ئەو ئاوە خۆشەی کانی ئاسکان
زۆرمان دی کە دای لە دەستو کەوان

سا مەگەر کەسێ سیحر حەڵاڵ کا
سیحری ئەو ئاوە بە نوێژ بە تاڵ کا

جەندەلی، دانێ لەسەر کارێزێ
بە (قل أوحی) خۆی بپارێزێ

یەخەی جنۆکە بە سوژن بەستێ
ئەوسا چڵۆچۆ بۆ خۆی ئەوەستێ

باوجود ئەڵێن لە ڕەمەزاندا
جنۆکە حەپسن لە پشت کێواندا

بەلاّم هەندێکیان ئەبن بە ئینسان
ئینسان بەوانە ئەکەونە نسیان

خۆزگە بە حوکمی ئیمان‌و قورئان
لە هەر بەرگێکدا ئەبوون ئەناسران

چاکەو خراپە هەمووی بە خوایە
بازاڕی بەدگۆ زۆر زوو کۆتایە

هەر خوڵقی چاکە، کە هیوای پێ بێ
پاش مەرگیش ئەڵێن: ڕەحمەتی لێ بێ

سەرما تەزاندتی، لەشت دەیێشێ
گەرما عارەقی تەزوو دەکێشێ

تا گەرما نەبێ سەهۆڵ بێ فەڕە
زستان ئەچنە بەر ئاگر بە دەورە

هەور خرگومی ئەخاتە دەریا
بە باران زەوی پێ دەکا أحیا

زەویش سنگی خۆی ئەکا بە کێڵگە
دەغڵت ئەداتێ، تۆ تۆوی تێکە*

* ژین، ژمارە: (٥٧٥)، ١٩٣٩/٨/٣ز.

(٥٧٦)

لەلای ئەوانەی کە ویژدان باوە
لە ڕابواردندا ژن نیوەی پیاوە

کە ڕەگی دارت لە ژێردا پچڕاند
گەلای ڕەونەقی دارت هەڵوەراند

ئەسپێکی ڕەسەن هەرچەند کە لەڕە
گەلێ لە کەری قەڵەو چاکترە

شەربەت هەرچەند خۆی شیرین دەنوێنێ
هەر ئاو تینوەتی تەواو دەشکێنێ

ئەو دەوڵەمەندەی لەخوێش نەپرسێ
ئەبێ لە سەرو ماڵی بترسێ!!

ئەو قەلەندەرەی ویژدان یاریەتی
تەلای دەستەو شار خزمەتکاریەتی

ئاگری بەد خولق، خەلق شەیدا ئەکا
خوێندن بلێسەی پێ پەیدا ئەکا

لەم زەمانەدا کە کیزەریە
کچ با حۆریش بێ دەردی سەرییە

بووی بە خەزووری پیاوی شەڕانی
ئەبێ کچەکەت لای خۆت بڕانی

یا پیاو دەگوژێ یاخۆ ئەیکوژن
کەوابێ کچی تۆ نابێ بە ژن

چیت لە دڵایە زمانت وابێ
هەوڵی ئەوەت بێ واتەت ڕەوا بێ

ئەوی ڕوو گرژە خەسارەمەندە
ئەوەی ڕوو خۆشە ئەو دەوڵەمەندە

کە شەڕانیت دی پێی بڵێ بەگم
ورمزیارت دی تۆ بڵێ لەکم

پارە وتوویە سەختو سەر سەختم
ئەم دەن بە سەخی حەپسی بەد بەختم(١)

صەبری عاشقو پارەی دەست بڵاو
قەرار ناگرن بیشیان خەیتە داو

ژین، ژمارە: (٥٧٦) ١٩٣٩/٨/١٧ز.

(١) سەخی: (لای پیرەمێرد)، سەختی (لای کاکەی فەللاح).

(٥٧٧)

ئەوی ئەیەوێ خۆی بەرز بنوێنێ
ئەسپە دارینە ملی ئەشکێنێ

بەرزیی ئەوەیە کە خوا بتداتێ
نەك ماین چەقەڵ بتگێڕێ ساتێ

هەندێ بە سیسرك دەنگیان خۆش ئەکەن
لە جیاتی بادام چواله خۆش ئەکەن

جاران پیاو خراپ سەری شۆڕ ئەبوو
ئێستا سەربەرزە وەك کۆتری هافوو

من کە رووبەڕوو لەگەڵ کەس نادووم
هەرچی هەڵدەسێ دەڵێ من هافووم

کە دار هەنجیرت سوتاند، پیاوی قۆڕ
زکی دەست ئەکا بە باو قۆڕە قۆڕ

زڵفدارەکان کە بێ کڵاون
غەرقی لەواتەو عەترو گوڵاون

ملی منداڵی خەڵکی دەشکێنن
مەدەنیەتیان بەوە دەنوێنن

جاران ئەیانگوت سەری ڕووت بەچی؟
ئێستا بۆ سەر ڕووت بەرەو پیر دەچی

سەرم سوڕماوە لە کاری خوا
خوا، ئەو خوایەیە قەل هەنجیر ئەخوا

ئێستر کە ئاخی عەقیمی کیشا(١)
داری بۆ ئاگری ئیبراهیم کیشا

هەرچەند بارکێشی وا کڵۆڵییە
بەڵام بێ بەریی مایەی زۆڵییە

ئەوی کە ئەصڵی خۆی لێ گوم بووبێ
خۆو خوا نەناسە ئەبێ بەدخوو بێ

کچ بۆ جلی بووك بە سات و سەودا
لەگەڵ دەستگیران ئەچێ بۆ بەغدا

ئەڵێن: ئەو کچەی کەوا شوو دەکا
بە ترشی شایی خۆی بێزوو دەکا

ژین، ژمارە: (٥٧٧)، ١٩٣٩/٨/٢٤ز.

(١) عەقیمی (لای پیرەمێرد)، نەزۆکی (لای کاکەی فەللاح).

کەیفی خۆیانە من شەکرم بۆ دێ
با ئەوان بچن بۆ شارو بۆ دێ

(٥٧٨)

گەردو خوڵی ئەم ئاسمانە شینە
هەرچی لێ ڕوودا دووری مەبینە

چڵکە هەورێ دێ بە داوو بە تاو
لە پاش سەعاتێ ئەیکا بە لافاو

خانووی هەزاری پێ دەڕوخێنێ
تۆوی زۆرداری پێ دەڕوێنێ

گاهی دەبینی گرمەی هەورو با(١)
زراوی پیاوی ترسنۆك ئەبا

کەچی لە پڕێك ئەیکا بە هەساو
ئارام ناگری لە تینی هەتاو

خوا ئەمانەمان وا بۆ دەنوێنێ
کە دەوران لەسەر حاڵێ نامێنێ

ئەم ڕەنگاو ڕەنگەیش ئەبینێ ئینسان
ئەڵێی نە بایان دیوەو نە باران

---

ژین، ژمارە: (٥٧٨)، ١٩٣٩/٨/٣١ز.

(١) ئەم دێڕە لای کاکەی فەللاح نییە.

باوجود ئینسان کە لە نیسیانە
ئەبێ هیچ خەمی نەبێ بەمانە

ئەگەر کەس نەمرێ بە مەرگو کوشتار
دنیا پڕ نەبێ لە نەتەوەی هار

ئەبێ بازاڕی کۆن بڕێتەوە
تا دەستەی تازە جێیان بێتەوە

ئێستا ئەوانەی لە فەن بوون پەیدا
خەریکن کە قڕ بخەنە دنیا

هەرچی تەئسیری کوشندەترە
لە دەوڵەتاندا بڕندەترە

جاران ئەیانگوت ئەهلی شەرق وەحشین
لە چاو ئەواندا ئێمە بێ بەشین

کەی بە بۆن ئێمە خەڵکمان ئەخنکاند
کەی بە تەیارە بۆمبامان وەشاند

لە بەحرو بەڕو ژێر زەوی و هەوا
جێی سەرخەوێکی ڕەحەتی نەما

توخـــوا لێـــی گـــەڕێ بـــا ببڕێتـــەوە
ڕۆژی قیامـــــەت نزیـــــك بێتـــــەوە

قـــازانجی ئێمـــەی تیایـــە ئـــەو دەورە
ئێمـــە باوەڕمـــان بـــە حەشـــرو نەشـــرە

(٥٧٩)

وازمان لە پەندی پێشینان هێنا
ئیتر دڵ مەندی نەبێ لە بەینا

ئێمە (تنقید)ی عادەتمان ئەكرد
هەندێ گومانیان بۆ خۆیان ئەبرد

نازانن ئەمە بە دڵسۆزییە
ئێمە غەرەزمان لەگەڵ كەس نییە

یاخوا ئەگەر من خاوەن غەرەز بم
خۆشی نەبینم تووشی (مەرەز) بم

سەری كەر بكرێ بە ڕەشی گاوە
من دەربەستی نیم لام لێ لاداوە

دیارە كە خەڵكی مەیلیان وا دێنێ
بۆ دوایی ڕۆژیان هیچیان نەمێنێ

بە شاییو زیافەت مەملەكەت تێركەن
بە چاو لێ كەری هەموو كەس فێركەن

من خۆم وام ئەوێ دەست بە جانیی من
ئیتر لەگەڵ كەس نابم بە دوژمن

چەند خۆشە جووتێ یەك دڵو یەك گیان
مانگی هەنگوینیان بچن بۆ گەڕان

بە شەو ڕووبەڕووی مانگ لە سیحرا بن
ئاسوودەی غەمو هەراو هوریا بن

بە نەوجوانیی عەشقێ حاصڵ کەن
سیحری چڵوچۆی خەسوو باطڵ کەن

خێرا! ناوی خەسوو نابەم تۆبە بێ
نۆرەی ئەومانە لێمان توورە بێ

یاخوا هەمیشە لە سەیرانا بن
بۆ هەموو شوێنێ لە گەڕانا بن

بە ڕێکوپێکیو تاقمو تەدارەك
بچنە زیارەت پیری موبارەك

وا پیرالکیش ڕێی کرایەوە
سەیرانی ئەوێش هاتەکایەوە

بۆچ گوێ ئەدەنە پەندی پێشینان
بزەن بەر صفی ڕەندانو پیران*

---

* ژین، ژمارە: (٥٧٩)، ١٩٣٩/٩/٧ز.

(٥٨١)

خـــوا ئێمـــەی ڕەنـــگ ڕەنـــگ سروشـــت پێـــداوە
ڕەنگـــی هـــیچ كەســـی بـــە كـــەس نـــەداوە

ئـــەبینی دوو كـــەس بـــە یـــەك ئەشـــوبهێن
كەچـــی بـــە كـــردار لـــە یـــەكتری جـــوێن

یـــەكێ ئـــارەزووی بـــە شیرینیـــیـــە
ئـــەوی تـــر مـــەیلی شـــیرینی نیـــیـــە

یـــەكێ وەك بێزووكـــەر، ترشـــی ئـــەوێ
نـــەء! نـــاوی مەبـــە، ئامـــان نامـــەوێ

یـــەكێ ســـەودایی شـــیعری مەوزوونـــە
یـــەكێ بـــە تـــیری شـــیعر دڵ خوونـــە

هـــی وامـــان هەیـــە بـــە كشـــە مـــرە
ئـــەڵێ: پێـــت وتـــووم كشـــە تـــۆ بمـــرە!

ســـا توخـــوا مـــرەو بمـــرە چـــەند دوورن؟
هەرچـــەند كولانـــەو گـــۆڕ هـــەردوو ژوورن

كۆنـــە پیاوێكمـــان بـــە تەقـــەی قـــەزوان
نـــە دینـــی لـــەلا نـــەما، نـــە ئیمـــان

مەلایکمان بوو، ئەتووت: شێپارە
ئەهاتە وێزەت بە نێزەی (یارە)

ڕەحمەت لە صۆفی یارەی زرێ پۆش(١)
بۆی ڕام نەکردین ئێستری چەمووش

ئێستا دەستەیە تۆڕی کەم سەرەوت
بە قەمچی (یارە)ش نایەنە سەر ڕەوت

یارە مرد لەلای نامەرد نەنێژرا
بۆ گردی یارە چەند شیعر بێژرا

خۆزگە دەمزانی ئەم سرە چییە؟
ناوی هیچ کەسێ لە ناودا نییە

کەچی تۆ ئەڵێی بامیەکەم ترشە
ئەم خەڵکە هەمووی ڕووی لە تۆ گرژە

---

ئەم پەندانە لە ژین ژمارە (٥٨١)ی ١٩٣٩/٩/٢١ بە ناونیشانی (ویرە ویر بۆ زویر) بڵاوکراوەتەوە.

(١) مەبەست لە مامە یارەی بەناوبانگە، کە تەرمەکەی پیرەمێردی نەمر، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لەلای گۆڕەکەی ئەوەوە نێژرا، لە گردی یارە لە شاری سلێمانی.

دە باوکە ئێرە خۆ (کەرکووک) نییە(٢)
(مەلا بامێ) بێ بەو توورەییە

یا ئەگەر ترشو ترشی خراپە
ڕووی خۆت ترش مەکە، شیرن بە، چا بە

ئەگینە کە تۆ مۆنو ترش ڕووی
دەمی کەس کیسە نییە بیدروی

هی وامان هەیە کە لە خوا ئەدوێ
ڕزگاری لە توانج بۆ کێ ئەلوێ؟

بۆچ پێغەمبەریان لە شار دەرنەکرد؟
ئیمان ناهێنرێ بە کەس، دەستوبرد

(٢) مەلایێك بووە خەڵکی شاری کەرکووك، گوێی لێ بوایە هەر کەسێ ناوی بامیەی بهێنایە لێی توورە ئەبوو.

(٥٨٢)

گونــــای مـــن چیـــیـــه کـــه بـــه خواســـتی خـــوا
قالۆنچـــه لـــــه دەســـــت گــــڵ خەفـــەت ئـــەخوا

یــــا فیرنـــــه گولـــــه لــــه ئـــاوی پــــاییز
خـــۆی دەم بەســـت ئـــەکا لەبـــەر دەعیـــەو فیـــز

ئـــــەم ئاسمانــــــه کـــــه ســــــواخ نــــــادرێ
پــــــەردەی رِوونـــــاکی هـــــەتاو نـــــابڕێ

بـــــەڕوو بــــــه ئـــــاگر کـــــه هەڵـــــدەتۆقێ
دەســــــتەی گـــــوێ ئـــــاگر تێکـــــڕا دەتۆقـــــێ

کــــه ڕانەچـــــڵەکن لــــــه گــــوێ ئـــــاگردان
بەڕووەکـــــه، دەبــــێ بـــــه ئـــــاڵتوون بۆتـــــان

بـــه گاڵتـــەم نیـــیـــه هـــی وامـــان تیایـــه
تەقـــەی ئــــەو بـــــەڕووەی لـــــەلا بۆمبایـــــه

هەمیســـــان بۆمبـــــا نـــــاوی کەوتـــــه نـــــاو
کەوتـــــه پەلـــــه پــــــەل پیـــــاوی کــــــەم زراو

هەرچـــــەند کـــــه ئێمـــــه لەپـــــەنای کێـــــواین
وەك کووپـــــەی خـــــومی جوولەکـــــه شـــــێواین

زۆر کەس نازانن پۆلۆنیا کوێیە
کە شەوی لێ هات شێتی رادیۆیە

ترس‌و مەراقی رادیۆ بەم حاڵە
هەوڵی بۆ نەدەین چونکو فیشاڵە

درەوی درۆ هەر نابڕێتەوە
لەگەڵ ناونانا نرا پێتەوە

بە فیشاڵ شەڕە لە گردە گڕوێ
ئەم شارە لەقەی عەلی پێ دەوێ

سوێند ئەخۆم کەشەڕ باوی نەماوە
ورچەکەی مەندۆڵ کلکی بڕاوە

ئەی ئەو کەسانەی هەسانی (مەککە)ن
بە ئایین‌و ئۆیین چشت گران مەکەن

من خەمی پاڵتۆی فەردەم لێ هاتووە
سەرماو سیخواری پاییز داهاتوە

ئاخ هەرچەند پاییز لەش ئەتەزێنێ
هیچ نەبێ مارو دووپشک نامێنێ

هێجگـــــار مێشـــــوولە لەگـــــەڵ گیـــــزەی دێ
لـــــەتاو بنـــــاگوێم ســـــنگم خیـــــزەی دێ

لەگـــــەڵ ئەومیشـــــا نـــــاوی نامووســـــە
شـــــێوەی عنقایـــــەو خـــــۆی چاپلووســـــە*

* ژین ژمارە: (٥٨٢)، ١٩٣٩/١٠/٥.

(٥٨٤)

مژدە بۆ یاران دوای شەوی بەرات
وا مانگی نوێژو رۆژوومان بۆ هات

ئەو خوا پێداوە کە موسوڵمانە
خۆشیی خۆشییەتی کە رەمەزانە

هەندێکیش مێزو کاغەز رێك ئەخەن
زیکرو تەراویح بە قومار ئەکەن

وا من فتوام دا کە رۆژوو نەگرن
بەو شەرتە دەستی بێ دەستان نەبڕن

چونکو خوا حەقی خۆی لێ دەبوورێ
بۆ حەقی خەڵکی نەیکاتە ژوورێ

ئەی رۆ، لەو ژوورە کە وەك تەندوورە (١)
لنگ بەرەو ژوور کەر لنگ بەرەو ژوورە

ئەو لنگەی جووتەی پێ وەشاندووە
چەند کەسی بێ شێو پێ نواندووە

---

ژین، ژمارە: (٥٨٤)، ١٩٣٩/١٠/٢٦.

(١) لەو ژوورە (لای پیرەمێرد) لەو رۆژە (لای کاکەی فەللاح) ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح ژمارە (٥٨٣)ی دراوەتێ.

لێی دێتە زمان ئەبێ بە جاسووس
ئەی خاتە مەیدان هەروەك ژورنالٚ نووس

ئەوانەی لێرە تەریق نابنەوە
لەوێ رووڕەشن دەچنە کونەوە

چەند خۆشە ئینسان بە روویێکی پاك
دۆستو بێ باك بێ بە کردەوەی چاك

ئەگینە هەرچەند سەرخۆشی مەیە
بە پەرواى ڤینی خەڵك بێ نەشئەیە

بڕوانە کەتۆ قەرزت لەسەر بێ
بەوێدا ناڕۆی با راگوزەر بێ

بەدییش قەرزێکە نابژێررێتەوە
ترسی ئینتیقام هەر نابڕێتەوە

لە خەویشا بێ هەر وەك مۆتەکە
دوژمن لە دەورت دەست بە کوتەکە

کەوابوو بۆچی دڵ بڕەنجێنین
بۆ ئەوەیش تۆوی بەدی بچێنین

(٥٨٥)

کە قەل قڕاندی بڵێ: یا غفار
بایەقوش خوێندی بڵێ: یا ستار

کە تووشی چاو پیس هاتی زوو بەزوو
دەس بکە بە دوعای (وان یکاد)و

ئیتر مەترسە وا رەمەزانە
پیشەی جنۆکە لە کون خزانە

بە موبارەکی رەمەزان نۆخەی
جنۆکە سووژن درا لە یەخەی

بەڵام کۆڵ نادەن کۆڵو بارکێشن
ئەترسم جەژنێ سووژن هەڵکێشن

لەدەست جنۆکە (بسم الله) ئەکەم
کەچی خەڵك لەخۆم تەوەللا ئەکەم

لە (بسم الله)یشم مەعنا دەردێنن
بە ئاگری نەورۆز زوو ئەمسووتێنن

هەندێ جار پەڵە، پەڵەی برنجە
زۆر جاریش باران گەوهەری گەنجە

بۆ باران ئەچنە نوێژە بارانە
کە باریش ئەچنە پەنا گوێسوانە

گەورە بە باران ناشی نەگەڕێ
بەوشکیش جوتیار شێفی ئەبڕێ

کەچی ژێر دەستیش ژنی سەد مێردە
کەسداریش ئەڵێی ماسی بێ کێردە

خۆ ئێستا ماسیش تەفرو توونایە
هەرچی هەڵدەسێ دەست بە بۆمبایە

کەس لە دنیادا ئاسوودە نابێ
مەگەر خاوەندی داڵدەو پەنا بێ

ئەڵێن بارەگای خودا بەحەقە
بێکەس لەبەر شەق ئەحوالی شەقە*

* ژین ژمارە: (٥٨٥)، ١٩٣٩/١١/٦.

ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح ژمارە (٥٨٤)ی دراوەتێ.

(٥٨٦)

نۆكو ئێسترو بەڕوو سێ زۆڵن
پەنجەو ناشیو بار هەرسێکیان کۆڵن

زۆڵەکی بەڕوو هەرگیز نابرژێ(١)
پریشکی ئێستر لەکەر ئەپرژێ

دووکەڵ بە دووکەڵ وا قانگ دراون
وەك لنگە بەرداش هەڵپەسێراون

بیرازکەر لەدەست بیراز بێزارە
بەرداش لەخۆیا هێجگار بێ عارە

دوو ملۆزمی تیایە ئەم شارە
یەکێ قومارە، دووەم خەمارە

قمارەکەیان سەری بڕاوە
خماریش نوفتەی بۆ دانەنراوە

بەچاو لێکەری چاومان نەماوە
مایە پووچیمان بەبەر بڕاوە

ژین، ژمارە: (٥٨٦)، ١٩٣٩/١١/١١.

(١) ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نییە. ئەم پەندە لای کاکەی فەللاح لەژێر ژمارە (٥٨٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

لە دەزووی گیپە لەرزو تا ئەبڕین
بە ئاوی دەستنوێژ چاوەڕێی گۆڕین

کفتەی جوولەکە بۆ سێبەرۆ دار
بۆ خۆشەویستی کوزە کەمتیار

بەشەو شەمالەی کۆلانان ئەگرین
لەبەر ئازایی جەردەکان ئەمرین

هێشتا خەرەك و گوڵە ژەن باوە
فابریقەیێکی کەس دانەناوە

بو توتنی تاڵ مایەی سەرو ماڵ
فابریقەی شەکر کەس نایکا بە ماڵ

فەرقی شیرینیو تاڵیی ناکرێ
نیوەی دەرامەت بەشەکر ئەدرێ

ئەو پارەی ئەیدەین بە شەکری بیلاد
فابریقەیێکی پێ دێتە بنیاد

بە (صانگەیدم) مزگەوتێ کرا
ئێمە بۆ شەکر هێلکمان بڕا

(٥٨٧)

دنیا دەریایە خاشاك بەسەرە
ژێرکەوتەیی بۆ دوڕو گەوهەرە

شاخدار بە شاخدار خۆی دایە قەڵەم
تەرزەی شوورەیی کردی بە هەڵەم

بێ شوورەیەو خەتای سوورەیە
کەچی بە زوبان لەخۆی دوورەیە

بەدگۆ لەپیاوی بەناموس ئەدوێ
دەستە چەورەکەی لە خەڵك هەڵەسوێ

خۆیشی وەك کاسەی چەورە بێ باکە
گازری نایە مەگەر بە شیاکە

یارێکم هەیە زۆر بێ بەقایە
شێوەی رەنگ رەنگی چوار فەسڵی تیایە

گاهێکیش بەخوو ئەو کڵاو لارە
نێرو مێ دەبێ وێنەی کۆلارە

چەرخو فەلەکی جەژن دانرا
هەر کورسییەکی بە یەکێ درا

کەوتە گڕو خول وەك چەرخی دەوران
یەك لە زەمینو یەك لە ئاسمان

کەچی بە سووڕێ لەگەڵ کەوتە گەڕ
سەرووی خستە ژێر، ژێرووی خستە سەر

لەکاری دنیای لادام دەستی زۆر
کەم دەستەڵاتی کردمیە حەڵاڵ خۆر

ئەگینە دنیا لەدەست نادرێ
هەتا جگارە تەرك ناکرێ

پشیلە کە دەمی نەگاتە جگەر
ئەڵێ تاڵ بووە بە دەلوبیبەر

خواناسیش چشتێ زانیی حەرامە
دەمی لێ نادا ئەڵێ: بێ تامە*

* ژین ژمارە: (٥٨٧)، ١٩٣٩/١١/٢٨.
ئەم پەندە لەلای کاکەی فەللاح ژمارە (٥٨٦)ی دراوەتێ.

(٥٨٨)

لــــە پاییزانـــدا خـــەڵك تـــۆو دەچـــێنێ
بـــارانی بـــەهار بـــۆی دەڕوێنـــێ

تـــۆوی دەغـــڵو دان هـــۆزێ ئـــەژیێنێ
تـــۆوی خراپـــە خێڵێـــك ئـــەمرێنێ

کـــە تینـــی هـــەتاو دایـــە ســـەر بلـــوور
گـــڕ هەڵدەســـێنێ وەك کڵپـــەی تەنـــدوور

ئـــاگر ئەخاتـــە ڕەش‌و زەردو ســـوور
ســـپی بـــێ لەکـــە ناخاتـــە فتـــوور

ئەمـــە نموونـــەی سروشـــتی پاکـــە
پـــاك لـــە ئاشـــووبی دەوران بـــێ باکـــە

گوڵەبـــەڕۆژە ڕووی لـــە هـــەتاوە
بـــۆ زۆر کـــەس ســـوجدەی کاربەدەســـت بـــاوە

گـــوڵ تـــا ئەکـــەوێ ڕوو وەرنـــاگێڕێ
ئێـــرە بـــۆ کـــەوتوو جنێـــو ئـــەنێرێ

دەســـتی لێ کەوتـــەی ناحـــەق ئـــەگری
ئـــەوی کـــە خـــۆی کـــەوت نابـــێ بگـــری

بەسێ مانگ سێ مانگ ساڵێك چوار فەصڵە
بەهەموو فەصڵێ، فەصڵ هەر فەصڵە

بە سووژن لێدان ناگاتە دوایی
دەستی (ویسکە)یەو سووژنی پۆڵایی

من دادم لەدەست خوێندەواری بوو
وا خوێندەواریش دەردی کاری بوو

سەری فەصڵو فەحص هەردووکیان (فێ)یە
دوایی هەردووکیان ئەبینی فێیە

یارییەکمان هەیە قەلا قەلایە
گەنم گردو جۆ بلاوی تیایە

وا گیبەو کەشکەك ئەبەشنەوە
نازانین مەجلیس کەی کۆئەبنەوە؟

---

ژین ژمارە: (٥٨٨)، ١٩٣٩/١٢/٢١.

ئەم پەندە لەلای کاکەی فەللاح ژمارە (٥٨٧)ی بۆ دانراوە.

(٥٨٩)

ئەڵێن بێستوون عەشق لەبنی کەند
فەرهاد شۆرەتی زۆری بازووی سەند

رۆستەم کەرێ بوو لە سیستاندا
فیردەوسی ئەوی بە (یەل) نیشاندا

عەنتەری پێ پان مێمڵی خڕنووك
چۆن داستانی کەوتوەتە کەرکووك

فەقێ حمەدێ بوو لە دارەشمانە
هەرچی هەڵدەسێ ئێستا بابانە

ئەتگوت هەورامان، هەی هەورە ئامان
هەورە تریشقەت وا لە ئاسمان

لەلایان وابوو کە سان بجمێ
بە رم حەساری بەغدا ئەڕمێ

ئەڵەمان لەپێش شەڕی گەورەدا
ئەیانگوت لەگەڵ ئاسمان دەور ئەدا

هەر (الامان) بوو لەدەست ئەڵەمان
کەڵەمە کرا وێنەی گای تالان

هەرچەند کە ئەمڕۆ پەتی پچڕاوە
پچڕ پچڕە، لا هەڵپچڕاوە(١)

ئەمساڵ (کریسمیس) کەوتە ناو جەژنان
زاتەن دەمێکە میلادە ساڵمان

(پواسون، داوریل) کۆن بوو لێی تێر بووین
کەرنەڤاڵ مابوو، وا ئەویش فێربووین

دیسان بەمانەیش ناحەسێینەوە(٢)
ئەچینە بەغدا هەروا دێینەوە

مەترسن لەشەڕ کە شەڕ ئاوسە
کە زستان ڕۆیی بای دار ئاوسە

---

ژین ژمارە: (٥٨٩)، ١٩٤٠/١/٤.

(١) لا هەڵپچڕاوە (لای پیرەمێرد):

پەتی پچڕاوە (لای کاکەی فەللاح).

(٢) ئەم دێڕە لە چاپەکەی کاکەی فەللاحدا نییە.

(*)ئەم پەندە لەلای کاکەی فەللاح ژمارە (٥٨٨)ی هەیە.

(٥٩٠)

گوریس کێشەکێ بە هیچو پووچی
گوریس ئەپچڕێ تۆ لنگەوقووچی

شێرو خەتمان کرد لەگەڵ جیهانا
من خەتم ئەویست ئەو شێری هێنا

هەرچەند کە ئێستا شێر وەرگەڕاوە
ریش با خوریش بێ باوی نەماوە

فێڵی سیاسەت رووپا بازییە
رادیۆی ئەوروپا ئێستا نازییە

یاخوا تا سەربێ ئەم خۆ تێ گوتانە
ترسی دزیش بێ، دەست لەملانە

داری کۆن بڕا، خەڵفی لەجێیە
پەلو پۆی تازە هیوامان پێیە

دەماغم کۆنە کەبێ دەماخە
پیریش بۆ تازە بە ئاخو داخە

بۆ دڵخۆشی خۆی وتی: ئەو پیرە
هەرچەندە پیرە کۆنە بەگیرە

پرۆپاگەندە کە چاوورِاوە
کەوتە سیاسەت بەبەندو باوە

سەیر سەیری رادیۆی یۆنس بەحریە(١)
سەراپا درۆی لەراست بەریە

بە هێزی پارە کە تەکان ئەدا
سەعاتێ چەنەی بێ وچان ئەدا

نازانێ کەوا رۆژێکی لێ دێ(٢)
جەزای خائینی وەتەنی رِێ دێ

هەر سەگێ لەدوور بەشوێن خۆی وەرِی
جێی سەگە نازەو برسێتیو گەرِی

سەگ وەفادارە بەخێو ناوەرِێ
دووپشکە سکی دایکی خۆی ئەدرِێ!!

ژین ژمارە: (٥٩٠)، ١٩٤٠/١/٢٥.

(١) یونس بحری: لە رادیۆی بەرلینەوە ئەدوا، زۆر ناوبانگی دەرکردبوو.

(٢) نازانێ (لای پیرەمێرد) ئەزانێ (لای کاکەی فەللاح).

ئەم پەندە لەلای کاکەی فەللاح ژمارە (٥٨٩)ی هەیە.

(٥٩١)

کەوتیان دنیا ماستی مەییوە
ئەوسا بزانە کەس تێ نەگەییوە

شیرە دەترشێو ناوی ئەنێن ماست
شیرین ترش ئەبێو چەوت ئەبێ بەڕاست

بێزوو ریخۆڵەی ئافرەت کرژ ئەکا
شیرینی ناوی حەز لەترش ئەکا

جیهان خاتوون چۆن دەست ئەکاتە مل
بیرناچێتەوە قابیلو هابیل

ئەم سەرەتایە لەوانەوە هات
پیشەی باوکمانە بووە بە میرات

هەتا دێ ئێمەیش لێی زیاد ئەکەین
رێ بەنەریتی کوشندە ئەبەین

فەن بۆ فەنو فێڵ ئەبرێتە کار
بۆ چڵو چێویش پیاوی نابەکار

پێغەمبەر فەرمووی کە ئەم دنیایە
کەس نەڵێ خۆشیو سەرەوتی تیایە

کەس دانانیشێ بێ سات و سەودا
خوا بۆ سەیری خۆی ئێمەی تێک بەردا

پەنچکێ نانی خستوتە ناومان
خستیە بەر چەپۆک سەرو کڵاومان(۱)

ئەم زەدو خوردەی شێرو قەڵغانە
هیچی تر نیە هەمووی بۆ نانە

دە فەرموو کاممان بێ نان هەڵدەکەین
چارەی نەخواردن کەی رێی پێ دەبەین

بەردێکی رەش وا لەبنی دنیا
ئاوی دەریاکان ئەچێ بەسەریا

هەڵیان ئەلووشێ و هەروا کسپەی دێ
تێر خواردنەوەی بۆ نایەتەجێ

ئەی ئەو کەسانەی هیواتان پێیە
ئەمە هەڵێنن بزانن کێیە

---

ژین ژمارە: (٥٩١)، ١٩٤٠/٢/٢٢.

(١) سەرو کڵاومان (لای پیرەمێرد) سەرو گوێلاکمان (لای کاکەی فەللاح). ئەم پەندە لەلای کاکەی فەللاح ژمارە (٥٩٠)ی هەیە.

(٥٩٢)

پەروانەو ماسی بۆ چراو بۆ ئاو
هەردوو دڵدادەن بە ناوو بە داو

هەردووکیان ئەمرن بە خوارو ژووری
ئەم بە نزیکی ئەویان بە دووری

گورگو کەروێشکو شەمشەمە کوێرە
شەو گەردن سیانی وایش هەیە لێرە

زەروو خوێنی پیس لە لەش دەردێنێ
بنیادەم خوێنی پاک ئەرێژێنێ

ئارەق کە پیسە نەشە دەنوێنێ
مێش پاکە کەچی دڵ تێکەڵ دێنێ

ئەسپی زل حۆرتی مل شاسەیوانی
کاتێکت زانی کە تێی نەهانی

بەلام فەحلێکی ڕەسەنی شێرپاک
سەری خۆتی پێ بسپێرە بێ باک

باگردێن سووک بێ بان دانامرکێ
پاڵەوان ئەخا کۆڵنجو برکێ

دڵۆپە دایدا ناوەستێتەوە
هەودایێ گایێ نابەستێتەوە

مریشک، هێلکەی کرد گارە گار ئەکا
هەندێ بێ هێلکە پیاو بێزار ئەکا

هەرچەند مشەممان هاتۆتە کایە
چەتر چاکترە لەو مشەممایە(١)

چەتر هەتاویش ئەگێڕێتەوە
سووکترەو پارەی ئەبژێرێتەوە

وامان ئەزانی لافاو ئەمانبا
چلە بەسەرچوو ئەما بەفرو با

بورجی پیرێژن بۆ جوانە ژنە
پیریش و جوانیش دوایی مردنە

---

ژین، ژمارە: (٥٩٢)، ١٩٤٠/٣/٧ز.

(١) چاکترە (لای پیرەمێرد) پاکترە (لای کاکەی فەللاح). ئەم پەندە ژمارە (٥٩١)ی لای کاکەی فەللاح بۆ دانراوە.

(٥٩٣)

پیرێژن دیسان بورجی خۆی نواند
تۆوی وەیشوومەی بە چیمەن داچاند

بەڵام با دوو ڕۆژ بەفر ببارێ
پۆیلەی تەرزەیشی با بێتە خوارێ

دوایی، دوایی دێ وێنەی ئەڵەمان
بەهار دێت لەنوێ سەوز ئەبێ جیهان

ئەڵێن سرکەی تیژ شووشە ئەشکێنێ
مایەی خۆی بە خۆی توند ئەڕژێنێ

پیاوی لەسەرخۆ، خۆی خۆی سەرئەخا
ماینی جرتو فرت لە پڕ بەرئەخا

زۆر کەس فێر بووبوون بە گۆڵی خلە
ئەویش ئەپەڕیە سەر پشتی بلە

ڕەحەیش لە دواوە تێیان هەڵ ئەدا
لەگەڵ پێش دەمیا ئەیکرد بە هەڵدا

منیش ئەم هەموو شیعرەی کە هەمە
بە شیعری دیوان ئەکەومە گەمە

(٥٩٣)

پیرێژن دیسان بورجی خۆی نواند
تۆوی وەیشوومەی بە چیمەن داچاند

بەلاّم با دوو ڕۆژ بەفر بباریٚ
پۆیلەی تەرزەیشی با بێتە خواریٚ

دوایی، دوایی دیٚ وێنەی ئەلّەمان
بەهار دێت لەنویٚ سەوز ئەبیٚ جیهان

ئەلّێن سرکەی تیژ شووشە ئەشکێنیٚ
مایەی خۆی بە خۆی توند ئەڕژێنیٚ

پیاوی لەسەرخۆ، خۆی سەرئەخا
ماینی جرتو فرت لە پڕ بەرئەخا

زۆر کەس فێر بووبوون بە کۆلّی خلە
ئەویش ئەپەڕیە سەر پشتی بلە

ڕەحەیش لە دواوە تیٚیان هەلّ ئەدا
لەگەلّ پێش دەمیا ئەیکرد بە هەلّدا

منیش ئەم هەموو شیعرەی کە هەمە
بە شیعری دیوان ئەکەومە گەمە

کابرا کە کەسی لێ نەبوو دیار
بە بای خۆی ئەگوت بەهارە بەهار

ئێستا ئەو بایە بوو بە سەرمایە
با بەهاریش بێ ئەڵێ: سەرمایە

کنگر پێ گەیی هەرچەند بادارە
دوو مانگ پێخۆری پیاوی هەژارە

کاشکا دوومەڵان وەك ئەم بوایە
خەرجی عالەمو هەرزان بەهایە

بەڵام دوومەڵان کە ئەڵێن زۆڵە
ڕووی ئاوەدانی نییەو لە چۆڵە

دیسان قەدری ئەو زۆرە لە لامان
زادەی زیادمیە پەسەندی زەمان



هەندێکمان هەیە ڕەگی خەو ئەگرن
تا ئیشیان هەیە لە بەر پیاو ئەمرن

ئەمڕۆ لە لایان ساحێب مەقامی
پێت هەڵخلیسکا شێت و نەفامی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى ,عربي ,فارسي )

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبان
ADIBAN